# زمانناس

ژمارە (١٢) ی ٢٠١١

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان
ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی دەریدەکات

زمانی ستاندارد و کێشەی گەشەی کۆمەڵگەی کوردی — مەنسور ڕەحمانی
پەیوەندی زمان و کۆمەڵگا — هێرش کەریم
دژواتا لە شیعرەکانی گۆراندا — فائیزە عەبدولغەفور
ئەو سێ وڵاتەی لێناگەڕێن بە زمانی کوردی بخوێندرێ — تاریق جامباز
زمانی ستاندارد و فەرمی و ئەکادیمی کورد — حوسێن کەلاری

# زمانناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان

ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی دەریدەکات

ژمارە (١٢) ی ٢٠١١




**گۆڤاری زمانناسی**

**لەسەر ئەم ماڵپەڕانە بخوێنەوە:**

www.zimannasi.com

www.dwrga.com

www.dengekan.com


**تیراژ: ١٠٠٠ دانە**

**نرخ: (٢٠٠٠) دینار**



**خاوەنی ئیمتیاز**
**پ.ی سەلام ناوخۆش**
**٠٧٥٠٤٤٦٧١٨٤**

سەرپەرشتیاری زانستی
د. شێرکۆ بابان

**سەرنووسەر**
**نەریمان خۆشناو**
**٠٧٥٠٤٩٤٧٧٨٧**
**٠٧٧٠٢٥٧٧٥٢٨**

**بەڕێوەبەری هونەریی**
**کۆچەر ئەنوەر نایف**

**بەڕێوەبەری نووسین**
**عەبدوڵڵا ڕەحمان**

**بەرگ**
**خەلیل هیدایەت مام شێخ**



**ناونیشان**

**کوردستان ـ هەولێر**

**شەقامی ئاراس**

**پشت قوتابخانەی ئەیوبییە**

بۆ پەیوەندیکردن:

zimannasi@yahoo.com
xoshnaw_n@yahoo.com
nawkhosh@yahoo.com

## لەم ژمارەیەدا

### سەروتار


■ گوتاری زمانناسی ..................................................خاوەن ئیمتیاز ٣


### لێکۆڵینەوە


■ زمانی ستاندارد و کێشەی گەشەی کۆمەڵگەی کوردی.................. مەنسور ڕەحمانی ٥

■ پەیوەندی زمان و کۆمەڵگا ........................................ هێرش کەریم ٢٢

■ ئاوەڵکار لە کۆمەڵە شیعری ....................................... نەریمان خۆشناو ٤٣

■ دژواتا لە شیعرەکانی گۆراندا.................................... فائیزە عەبدولغەفور ٥٨


###ساڵیاد


■ لەساڵیادی کۆچی دوایی زمانناسی گەورەی کورد.......................... گۆڤاری زمانناسی ٩٩


### وتار


■ ئەو سێ وڵاتەی لێناگەڕێن بە زمانی کوردی بخوێندرێ ................ ...... تاریق جامباز ١٠٩

■ یاسای زمانە ناوچەییەکان.......................................... سەلام ناوخۆش ١١١

■ زمانی ستاندارد و فەرمی و ئەکادیمی کورد............................ حوسێن کەلاری ١١٨

■ لە نێوان مۆرفیم و مۆرفدا........................................ ئاری عوسمان خەیات ١٢٣

■ ئایا زمانەکەت چۆنیەتی بیرکردنەوەت دیاری دەکات.........................و: ڕێباز غازی ١٣٤

# گوتاری زمانناسی

خ. ئیمتیاز و
سەرۆکی ڕێکخراوی زمانناسی

"وتار" و" گوتار" یەك چاوگی هاوواتا و شێوەی جیاوازیان هەیە، ئەو جیاوازیایەش پەیوەستە بە دیالێکت و ناوچەوە نەك سۆسیۆلێکت و چین و توێژەوە ،بەلآم بە زیادکردنی (ئار) دوو وشە وەبەرهەم دێن تەواو لەیەك جودان لە واتاو و شێوەدا: یەکەمیان (وتار) زیاتر پەیوەستە بە (نووسین)ەوە، هەرچی دووەممە لە سەرێکەوە هێماو ئاماژەیەکی مەعنەوی دەبەخشێ وەك گوتاری ئایدیۆلۆژی، فەلسەفی، ئایینی ... وتارەکەی ..............!!!! وێڕای ئەمەش (گوتار) بە واتای Discourse و speech یش دێ. ئەو دووەش پەیوەستن بە(ئاخاوتن)ەوە نەك (نووسین)! ئێمە لە (ڕێکخراوی زمانناسی)دا هەوڵ دەدەین (وتار) و(وتاری ئەکادیمی academic essay و(توێژینەوە) کانمان هەڵگری گوتاری زمانناسی بن!

**گوتاری زمانناسی چییە؟**

هەر نووسینێك لە چوارچێوەی ئەكادیمی بوون بێ، گوتارێكی هەیە لە چوارچێوەی دایە زانكۆ ئەو گوتارە تەنها پۆزەتیڤە و لێڵ نییە و لە ڕازەی (زانست بوون) و پێوەرەكانی دایە، بەلاّم لە دەرەوەی زانكۆدا گوتارەكە هەر ئەو ئاراستەیەی نییە، بەڵكو هەندێ جار هەندێ نووسینی جددیش خاوەن گوتاری نێگەتیڤن و بە جۆرێ لەگەڵ ئایین و كەلتوور و میزاژ و بیركردنەوەی كوردی هەڤدژ و ناكۆكن .

ئەو چوارچێوەی ئێمە كاری لەسەردەكەین ئیشكردنێكی زانستیانەیە لە سەر چەمكی زمان . كەواتە گوتاری زمانناسی ڕۆحی ئەو هەموو پێكۆڵ و هەوڵە زانستیانەی ڕێكخراوی زمانناسییە. گوتاری نوسینەكانمان زمانی كوردییە پەرەپێدانی ئەو زمانەیە كە خاوەن ناسنامەی زمان (language)ە لە چوارچێوەی زار و ناوچە dialect and region دەرچووە خۆپابەندكردن بەو زمانە و دووركەوتنەوە لە گەورەكردنی زارو شێوە زارەكانی ڕێگایەكە بۆ بونیادنانی نەتەوە ودەوڵەتی نەتەوەیی كە هێشتا تاكی كورد نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغەی كاملبوونی نەتەوەیی !

هەرچەندە ئەو ڕێگایەی ئێمە لەمپەرو ئاستەنگی زۆری هەیە و (هەندێكی لەبۆ دروست دەكرێ،) بەلاّم چاك دەزانین تەنها كاركردن لەسەر زمان : زمانی فەرمی، زمانی ستاندەر، زمانی كارگێری لە هەژموونی هۆزو عەشیرەت وناوچەگەری ڕزگارمان دەبێ.

# زمانی ستاندارد و کێشەی گەشەی کۆمەڵگەی کوردی به جەخت کردن له سەر زمانی کوردی هەورامی

**مەنسوور ڕەحمانی**
**ماستەری زمان و وێژەی فارسی**

**نویشك:**
ئەمڕۆکە ئاوڕدانەوە لە لایەنی دەرهەستی **abstract** پەرەسەندن **Development** ( زمان، نەریت، بڕوا و ... ) بایەخێکی ستراتژیکی هەیە. بابەتی زمانیش لە گرینگترینی ئەم لایەنانەیە. زۆربەی زۆری وڵاتانی دنیا چەندزمانەن و سیاسەتوانانی وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ ڕاکێشان و یەکانگیری هێزی مرۆیی و مادی هاووڵاتیان و هەروەها ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ، لە گەلاڵەزمانییەکانی خۆیاندا چەندزمانەبوون بە هەڕەشە نازانن و لە بواری زمانەوە وڵاتێکی چەند ستانداردەی زمانین. بێگومان زمانی کوردی لە دڵی خۆیدا خاوەنی چەند شێوە زمان و دیالێکت و زاراوەیە. بابەتی ستانداردکردنی زمانی کوردی بە بڕوای نووسەری ئەم وتارە بە واتای هەڵبژاردنی یەك دیالێکت و سڕینەوەی ئەوانیتر نییە. هەڵەی گەورە ئەوەیە واتێبگەین کە ئەرکی شێوەزمان و دیالێکتەکانیتری زمانی کوردی لە پێناو یەك یا دوو ستانداردەکردنی ئەم زمانە ئەوەبێ کە بە وشە یارمەتی زمانی ستاندارد بدەن و واز لە بووژاندنەوەی لایەنەکانی فۆنۆلۆژی **Phonology** ڕێزمان **Grammar** و واتاناسی**Semantic** خۆیان بێنن. سەرەڕای ئەوەی کە پێویستمان بە زمانێکی هاوبەش بۆ پەیوەندی لە کوردستاندا هەیە، نابێ فرەچەشنی زمانی لە زمانی کوردیدا وەکوو مەترسیێك ببینین و ئەبێ بە بەرنامەوە لە فێرگە و زانستگا و میدیادا هەوڵی بووژاندنەوەیان بدەین.

**دەستە وشە سەرەکییەکان:**

**زاراوە، دیالێکت، زمان، زمانی ستاندارد، پەرەسەندن**

**پێشەکی:**

چەمکی "پەرەسەندنی سەقامگیر" Sustainable Development ئەمڕۆکە تەنیا لە بازنەی تەسکی ئابووریدا خۆی نەبەستووەتەوە و یەکسانخوازی کۆمەڵایەتی، پاراستنی ژینگە، پشتگیری لە فرەچەشنی فەرهەنگی و کۆمەڵگەی پاقژ و... دەیان بابەت و وردە بابەتی‌تر کە پەیوەندیان بە ژیانی ئاسوودەی مرۆڤ و بوونەوەرانی‌ترەوە هەیە لە خۆ دەگرێت. دیارە ئەگەر بە شێوەیێکی ئەمڕۆییانە بڕوانینە ئەم چەمکە، لایەنی دەرهەستی پەرەسەندن وەکوو فەرهەنگ و زمان دەورێکی زۆر کاریگەر ئەگێڕێ بۆ گەیشتن بە لایەنی بەرهەست concrete (تەکنۆلۆژی، ئابووری، ژینگە و ...). ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتووی چەند زمانە لەم بوارەدا بەڵگەیێکی حاشاهەڵنەگری سەلمێندراوە. بێ‌گومان هیچ یاسایێکی ڕۆژەڤ لە دونیادا نییە کە دان بە فرەچەشنی زمانی و کولتووری لە وڵاتێکدا نەنێ و چەقبەستوویی زمانی و فەرهەنگی بە خاڵێکی ئەرێنی نەزانێ. یەکێ لە مەرجە گرینگەکانی گەیشتن بە پەرەسەندنێکی سەقامگیر ئەوەیە کە یاسا و کۆمەڵگا ئاوێنەی باڵانوێن و زایەڵەی هەموو دەنگ و ڕەنگەکان بن. ئەوانەش کە پێچەوانەی ئەمەیان کردووەتە بڕوا و هەوێنی پێشکەوتن، ڕۆژانە بە هەزاران شێوە تووشی زیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بوونەتەوە و سەدان و هەزاران ڕەنج بەخەساریان لە پێناوی نکوولی و کونترۆڵ و سڕینەوە بۆ ماوەتەوە (بۆ نموونە: ڕەنجبەخەساری هەشتا ساڵەی تورکیا لە نکوولیکردنی زمانی کوردی) هەرچەند بڕێکیان لەم کارە نامرۆڤانەدا پلەی بەرزی سەرشۆڕیان بە دەست هێناوە. بەڵام نکوولیکردنی زمان و تەنانەت دیالێکت و زاراوە، ئەبێتە هۆی یەکێ لە هەستاوێترینی ئەو هەڵوێستانە لە دەروونی هەر مرۆڤێکدا کە تا ڕادەی گیانبەختکردن، خۆی نواندووە. دیارە پەرەسەندن لە دۆخێکی وەهادا تووشی ئاستەنگ دەبێت و بوارەکانی بۆ بەرەوپێشەوەچوون زۆر کەم دەبێتەوە.

پەرەسەندنی سەقامگیر پرۆسەیێکە کە بۆ پێشکەوتن پێویستییێکی حاشاهەڵنەگرە و لەم پرۆسەیەدا دەبێ کەماسیە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکرێت. (عباسپور، ۱۳۸۶: ل۱۰۸)

**ورووژاندنی باسەکە:**

زمان چییە؟ زمانی ستاندارد چییەو چۆن دروست دەبێت؟ سنووری نێوان دوو زمان بە پێی چ مەرج و هۆکارگەلێك دابین ئەکرێت؟ گەلۆ زمانی ستاندارد دەرفەتێکە بۆ لەیەکتێگەیشتن یان مەترسییێکە بۆ سڕینەوە؟ چۆن لە گەڵ زمانی ستانداردا مامەڵەبکرێت تا ببێتە خاڵێکی ئەرێنی بۆ گەشە و پەرەسەندن. کوردستان لە بواری زمانەوە چۆن خۆی ڕێك بخات تا لە ڕەهەندی پەرەسەندنی سەقامگیردا تووشی زیان و ئاڵۆزی نەبێت و ...

**زمان چییە؟**

زمان لە بواری زمانەوانییەوە پێکهاتەیێکە و کاری سەرەکیشی دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان مرۆڤدا. ئەم پێوەندییە دتوانێت بە شێوەی پەیڤ، نووسین و ئاماژە خۆی پیشان بدات. (ئیچسۆن،۱۳۸۰، لل۱۵-۱۸ / هاڵ،۱۳۸۱، لل ۵۹-۶۹).

زمان بێجگە لە دروستکردنی پەیوەندی چەندین کارایی‌تریشی هەیە و لەوانە دەتوانین بە داهێنانی ئەدەبی، هەڵگری بیر و هزر و مۆنۆلۆگ (خۆوێژی) ئاماژە بکەین. (مارتینە، ۱۳۸۰، لل ۹-۱۰)

دروستکردنی پەیوەندی گرنگترین ئەرکی زمانە، بەڵام ئەمە ناتوانێت بایەخی دەورەکانی‌تری زمان کەم بکاتەوە، بۆ وێنە یەکێ لە گەورەترین شانازییەکانی هەر نەتەوەیێك داهێنەرە ئەدەبییەکانی ئەو نەتەوەیە.

**زمانی ستاندارد** Standard Language:

زمانی ستاندارد یان زمانی پێوەر Norme Language پێناسەی جۆراوجۆری زۆری لێ کراوە بەڵام سەرەڕای ئەم پێناسانە لێکچوان و هاوبەشییێك لە نێوان هەمووی ئەم پێناسانە بەرچاو دەکەوێت کە دواتر لێکی دەدەینەوە:

_زمانی ستاندارد شێوەزمانێکە کە لە ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکاندا بە کار دێت و لە فێرگەکان پێی دەخوێنن. هەروەها زمانێکە کە خوێندەواران ئاخافتنی پێ دەکەن و لە میدیاکاندا بە کار دەهێنرێت. (ترادگیل ،۱۳۷۶ ل ۲۲)

_زمانی پێوەر شێوەیەکی چەسپاوە لە زماندا کە لە لایان بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵەیەکی زمانیدا وەکوو نموونە پەسەند کراوە. زمانی پێوەر چەندین تایبەتمەندی هەیە وەکوو: نەگۆڕی هەڵسووڕان وردبینی و کارامەیی. (Garvin 1973)

_ زمانی ستاندارد شێوەییکە لە زمان کە بە فەرمی لە وڵاتێکدا ناسراوە و لە ڕۆژنامە و فێرگە و کتێبدا پێی دەنووسرێت و وانەی پێ دەڵێنەوە.(یۆل، ١٣٨٥، ل ٢٧٠)

_زمانی فێرکاری، میدیا، نووسین و ئەو شتانەیە کە پەیوەندییێکی نزیکی بە فێرکاری، میدیا، نووسین و ... هەیە. (مدرّسی ، ١٣٦٨ﻫ ، ل٢٣٢)

_شێوەییکە لە زمان کە لە سەرەوەی زاراوەگەلی ناوچەیی و کۆمەڵایەتی وڵاتێکدا جێی گرتووە و بووەتە ئامرازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، زانستی و ئەدەبی کەسانێك کە لەوانەیە لە دۆخ و شوێنی تایبەتی خۆیاندا بە زاراوە و دیالێکتی خۆیان بدوێن. ئەم زمانە زمانی خوێندەوارانەو لە گەڵ زمانی نووسیندا یەکێکە. (صادقی ١٣٦٢)

_ئەو شێوەزمانەی کە پەیوەستە بە هەرێمی نەتەوەیی و گشتی وڵاتێکەوە و لە نێوان هەموو خوێندەوارانی ئەو وڵاتەدا هاوبەشە. (سمیعی ،١٣٧٨ ص ٤٩)

_زمانێ پێوەر یان ستاندارد ئەو زمانەیە کە خوێندکاران و دەرچووانی فێرگە و زانستگاکان چ لە نووسین و چ لە پەیڤین بە کاری دەبەن. (کزازی١٣٧٦ ، ص ٢٣٧)

هدسۆن (Hudson) دەڵێت هەر زمانێك بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی ستانداردبوون دەبێ چوار قۆناغ تێپەڕ بکات: یەکەم ئەوەی کە ئەو شێوەزمانە کە دەبێتە ستاندارد بە هۆی هۆکارگەلێگ کە زۆرتر سیاسی و کۆمەڵایەتین هەڵدەبژێردرێت. لە قۆناغی دووەمدا گەڵاڵەداڕێژانی زمانی بە کۆکردنەوەی وشەدان، نووسینی ڕێزمان، ڕێنووس و فۆنەتیك ئەو شێوە زمانە سەقامگیر دەکەن. لە قۆناغی سێیەمدا دەیکەنە زمانی فەرمانگە و فێرگە و دامودەزگای یاسایی و فەرهەنگی.

لەم قۆناغەدا زمان لە بواری پێکهاتە و شێواز و وشەوە بەرەو دەوڵەمەندبوونەوەی زۆرتر پەرەدەستێنێت. قۆناغی چوارەم، قۆناغی پەسەندکردنی ئەم شێوە زمانەیە لە لایان خەڵکەوە. شێوە زمانێك ئەگەر لە لایان زۆرینەی جەماوەرەوە وەکوو پێوەر پەسەند نەکرێت ناتوانێت ببێتە زمانی ستاندارد. (Hudson 1980. p34)

**بارچ** (Bartsch )لەو باوڕەدایە کە ستانداردکردنی زمان بە دوو شێوە دەستەبەر دەبێت: یەکەم، لە نێوان زاراوە و دیالێکتەکانی زماندا یەکێکیان بە هۆی پاڵپشت و ژێرخانی فەرهەنگی، مێژوویی، ئەدەبی و ... وەکوو پێوەر پەسەند دەکرێت. ئەم جۆرە پەسەند کردنە شێوەی سروشتی بەستانداردبوونی زمانە. دووەم، هەڵبژاردنی شێوەزمانێك و بەستانداردکردنی لە لایان دامودەزگای تایبەتی گەڵاڵداڕێژی زمان بۆ ماوەیێکی کورت. (Bartsch 1987,p250 ) بارچ داکۆکی لە سەر ئەوە دەکات کە شێوەزمان بۆ ئەوەی ببێتە زمانی ستاندارد دەبێ ئەم تایبەتمەندیانەی هەبێت: ١. گرووپێکی سیاسی، ئابووری و خوێندەوار بە کاری بێنن. ٢. ئەو شێوە زمانە خاوەنی مێژوویێکی ئەدەبی و نووسەری گەورە بێت. ٣. لە هەرێمێکی جوگرافیدا باوی هەبێت. (Bartsch 1987,p251 )

بە لە بەرچاوگرتنی ئەو پێناسانەی سەرەوە سەرەتا دەبێ بوترێت بەکارهێنانی زمانی پێوەر یان ستاندارد هەڵەیەکی باوە، بۆ ئەوەی ئەو شێوەزمانەی کە دەبێتە پێوەر، لە ڕاستیدا یەکێ لە دیالێکت یان زاراوەکانی نێو زمانێکە. زانستیانەتر ئەوەیە کە بڵەین دیالێکتی ستاندارد نەك زمانی ستاندارد بۆ ئەوەی هەروا کە وترا لە ڕاستیدا زمانی ستاندارد یەکێ لە دیالێکت یان زاراوەکانی نێو بازنەی زمانێکە کە هەڵدەبژردرێت و دەبێتە دیالێکتی ستاندارد یان پێوەر. دیارە دیالێکت یان زاراوەیەك کە دەبێتە زمانی پێوەر بە هۆی نرخ و بایەخێکی دەروونی ئەو دیالێکتە نییە، بەڵکوو بە هۆی دەسەڵاتێکی سیاسی، ئابووری یان ئایینی و مێژوویی ئەو شوێنەیە کە بەو دیالێکتە دەپیڤن. لێکدانەوەی زانستی زمان زۆربەی زمانەوانانی قایل بەوە کردووە کە هەموو زمانەکان و هەموو دیالێکتەکان لە سیستمێکی زمانیدا لە یەك ئاستدان و زانستی و نازانستی و سووك و ناسووکیان تێدا نییە. ئەو شتەی بە ڕواڵەت ئاستی زمانێك سووك پیشان دەدات پەیوەندی بە زمان یان دیالێکتەکەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندی بەو کەسانەوە هەیە کە بەو زمانە ئاخافتن دەکەن. لەوانەیە ئەگەر ئاخێوەرانی

دیالێكت یان زاراوەیەك باری گوزرانیان سەخت بێت و نەدار و داماو بن پێدەچێ خەڵك بە چاوی سووك و گاڵتەوە سەیری شێوەی ئاخافتنیان بكەن. بۆ نموونە لە وڵاتی بەریتانیا لە بەرنامەی ڕادیۆ یان تەلەفیزیۆندا بۆ پیشان دانی ئەوەی كە كەسێك خەڵكی گوند یان نەخوێندەوارە فۆنیمی/ر/ پاش فۆنیمی دەنگدار دەخوێنرێتەوە: بۆ وێنە: لە وشەی Cartدا /r/ دەخوێننەوە. (ترادیگل، ١٣٧٦، لل ٢٦و٢٧)

بێگومان لە چاویلكەی ڕامیارییەوە جۆرە كۆدەنگییێك هەیە لە پێناسەكردنی زمان و دواتر زمانی ستانداردا، تا ئەو ڕادەیەی كە زۆربەی زمانەوانانیش كۆڵیان داوەتە ئەم پێناسەیە. گرینگترین خاڵی ئەم كۆدەنگییە ئەوەیە كە تا زەمانێك لە لایان دەسەڵاتێكوە بە فەرمی نەناسرێت نابێتە زمان. بە واتاییێكی‌تر زمان تا نەبێتە زمانی دەسەڵات زمان نییە. هەروەها چەقبەستوویی لە ناوەند، واتە پایتەخت، وەكوو تایبەتمەندییێكی‌تری زمانی ستاندارد هاتووەتە ئاراوە.

دیارە لە كۆمەڵگەیەكی فرەزمان و فرەدیالێكت‌دا هەبوونی زمانێك بۆ پەیوەندی گشتی (Franca Lingua) پێویستییێكی حاشاهەڵنەگرە، هەر وەكوو چۆن دوو هەزار ساڵ لەمەوپێش زمانی لاتین دەوری زمانێكی پێوەری بۆ هەموو وڵاتەكانی دەڤەری زەریای مەدیتەرانە گێڕاوە. یان لە گۆرانستاندا(كەركووك –هەمەدان – سنە) زمانی كوردی هەورامی سەرەڕای بوونی دیالێكتەكانی لەكی، كەلهوڕی، فەیلی و سۆرانی، وەكوو زمانی پێوەر دەوری هەبووە(١). بەڵام هەرواكە لە دواییدا باسی لێوەدەكەین بەستانداردكردنی دیالێكتێك نابێ ببێتە بیانوویەك بۆ سڕینەوەی دیالێكتەكانی‌تر.

**«زاراوە»** accent، **«دیالێكت»** dialect، **«زمان»**ی Language :

بۆ دابین‌كردنی جۆری زمانی هەر تاكێك دەتوانین بڵەین ئەگەر دوو تاك نەتوانن لە قسەكردنی یەكتر تێبگەن بە دوو زمانی جیاواز دەپەیڤن. بەڵام كێشەكە لەوەدایە كە یاسای «لەیەكتێگەیشتن» (Mutual Intelligiblity) تەنیا یاسا و بڕیارێكی زمانەوانییە و لەچاو هۆكاری سیاسی و فەرهەنگی گرینگیەكەی لە ئاستێكی نزمتردایە. (ترادیگل، ١٣٧٦، ل ٢٠) «ئیچسون» لە كتێبی «بنەماكانی زمانەوانی» (مبانی زبان‌شناسی) لە ڕوانگەی كۆمەڵناسی زمانەوە، سەبارەت بە چییەتی «زمان»، سێ پرسیار دێنێتە ئاراوە: ١– گەلۆ دەتوانین بە پێوەری جوگراف، زمان پێناسە بكەین؟ ٢– گەلۆ دەتوانین قایل بە یەكسانی زمان و

نەتەوە بین؟ ٣- گەلۆ سنووری زمان دەبێ بە لە بەرچاوگرتنی پێوەری «لەیەکتێگەیشتن» (**Mutual Intelligiblity**) پێناسە بکرێت؟ وەڵامی پرسیاری دووهەم: نەتەوە، چەمکێکی ئاڵۆزە و پەیوەندیەکی تەواوی لە گەڵ زمانەوە نییە. بۆ وێنە، کەلیمییەکانی وڵاتی شەورەوی، سەرەڕای ئەوەی کە بە ڕووسی دەپەیڤن لە بواری نەتەوایەتییەوە خۆیان بە یەهوودی دەزانن نەك ڕووسی. (ئیچسون، ١٣٨٠، لل ١٦٥و ١٦٦) «د.محەمەد ڕەزا باتنی» لە کتێبی «کێشەگەلی زمانەوانی نوێ» (مسائل زبان‌شناسی نوین)دا دەڵێت: هۆکاری لەیەك تێنەگەیشتن (Mutual Intelligiblity) هۆکارێکی زمانەوانییە و ئەم شتە لە کردەوە و ڕاپەڕاندندا گرفت و تەگەرەی زۆر دێنێتە ئاراوە. زمان، پەیوەندی بە هەستی نەتەوایەتی و سەربەخۆیی وڵاتێك و سنووری جوگرافیایی و سیاسی و زۆر کێشەی نازمانی‌ترەوە هەیە و باسکردن لەسەر زمان هەموو کاتێك بووەتە هۆی دژکردەوەی توند و هەڵوێستی هەستاوی. «باتنی» دەڵێت: لە پێناسەو دیاری کردنی زمانێکدا بە هۆی هاتنە ئاراوەی زۆر کێشەی نازمانی، زانستی زمانەوانی ناتوانێ وەکوو تاقە پێوەرێك بۆ دیاری کردنی یەکلایەنەی سنووری دوو زمان بڕیاری کۆتایی بدات. بۆ وێنە، خەڵکی خوێندەواری سێ وڵاتی سوید و نەرویژ و دانیمارك بە سانایییەوە دەتوانن پێکەوە ئاخافتن بکەن و لەیەکدی تێبگەن و لە بواری زمانەوانییەوە سویدی و دانیمارکی و نەرویژی سێ زاراوەی یەك زمانن بەڵام بە هۆی دەوەی کە لە سێ کیانی سیاسی جیاوازدا دەژین، هەرکام لە سێیانە خۆیان بە زمانێکی سەربەخۆ دەزانن. (باگنی، ١٣٥٤، ل ٢٧) (ترادیگل ١٣٧٦ ل ٢١) باتینی دیسان بە هۆی هۆکاری سیاسی، لە زمانی «کوردی» وەکوو دیالێکت ناو دەبات و دەڵێت زمان کاتێ زمانە کە وەکوو زمانی فەرمی و ڕەسمی لە وڵاتێکدا بێتە ئاراوە. (باگنی،١٣٥٤ ل ٢٨)(٢).

بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێکی زانستیانە لە بواری زمانەوانییەوە لێرەدا هەوڵ دەدەین کۆدەنگی ڕوانگەی زمانەوانی بۆ دیاری کردنی سنووری نێوان سێ چەمکی «زاراوە» accent، «دیالێکت» dialect و «زمان» Language دیاری بکەین:

«**زاراوە**» accent: دوو شێوە لە یەك زمان کە تەنیا لە بواری جۆری دەربڕینەوە (جیاوازی دەنگی و فۆنیمی) جیاوازیان لە گەڵ یەکدا هەیە و تاکەکانی زاراوەش زۆر ساناتر لە دیالێکت لە یەکدی تێدەگەن.

«**دیالێکت**» dialect: دوو شێوە لە یەك زمان کە لە بواری جۆری دەربڕین و ڕێزمان و وشەوە جیاوازیان لە گەڵ یەکتر هەیە و سەرەڕای ئەم جیاوازیانەش لە یەکتری تێدەگەن.(٣).

مەبەست لە دوو «**زمان**»ی Language جیاواز: دوو شێوە زمانە، کە ئاخێوەرەکانی لەیەکتر تێنەگەن.(٤) (ڕەحمانی، ٢٠١٠،لل ٤٠-٤٦)

بەم پێیە لە کوردستاندا چەندین شێوە زمان هەن کە لە بواری زمانەوانییەوە دەبێ وەکوو زمان چاویان لێ بکرێت. ئەم زمانانە هەموویان لە بواری نەتەوەییەوە خۆیان بە کورد و کوردستانی دەزانن، بەڵام جیاوازییەکانیان گەیشتووەتە ئاستی جیاوازی دوو زمان. بۆ نموونە سۆرانی و زازایی لە بەراورد لە گەڵ یەکدا دوو زمانن لە زمانەکانی کوردی. دیارە هیچ سۆرانییێك نییە کە خۆی بە کورد نەزانێت و زازاییەکانیش بە هەمان شێوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە سۆرانی و کورمانجی (باکوور) لە بەراورد لە گەڵ یەکدا دوو دیالێکتی زمانی کوردین و زازایی و هەورامیش بە نیسبەتی یەکەوە دوو زاراوەن بەڵام زازایی و کورمانجی باکوور بە نیسبەتی یەکەوە لە بواری زمانەوانییەوە وەکوو دوو زمان دەناسرێن. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە ئێمە وەکوو کورد دەبێ ئەم ڕاستیانە لە هەر پرۆژە و بەرنامەیێکی زمانیدا بۆ زمانی کوردی و زمانی ستاندارد لە بەر چاوبگرین.

**زمانی کوردی هەورامی و کێشەی زمانی ستاندارد:**

بە پێی بەڵگەی بێ سێودوو کە جێگای هیچ گومانێکی تێدا نییە لە سەدەی دووی کۆچییەوە تێکستی ئەدەبی بە زمانی کوردی هەورامی بوونی هەیە. و بۆ ماوەیەکی ١٠٠سالەش هەورامی زمانی پێوەری شیعر و ئەدەب بووە لە بەشێکی بەرفراوانی کوردستاندا. هۆکاری بەپێوەربوونی هەورامیش دەگەڕێتەوە بۆ چوار هۆکار کە بە تێروتەسەلی پێشتر لە کتێبی "ئارژین"دا لەسەری دواوم و ئێستا تەنیا خاڵە بەرجەستەکانی دەخرێتەڕوو:

١. هەبوونی شارستانییەتێکی کۆن لە هەوراماندا و نیشتەجێبوونی خەڵك لەو شوێنە بە هۆی ئەوەی کە هەورامان وەکوو قەڵایەکی سروشتی کەمتر کەوتووەتە بەر شاڵاو.

٢. ئایینی یارسان، تێکڕای تێکستەکانی ئایینی یارسان(٥) و نامەی سەرەنجام کە کتێبی پیرۆزی ئەم ئایینەیە و کەلامی کەسانێك وەکوو بالوولی ماهی، شاخۆشین، بابا سەرهەنگ دەودانی، سان سەهاکی بەرزنجی، پیر مووسی، پیر داوود و ... بە زمانی کوردی هەورامی نووسراوە. تەنانەت سان سەهاکی بەرزنجی کە هەورامی بووە بە هۆی ئەوەی کە هەورامی زمانی پێوەری ئەو سەردەمە بووە کەلامی خۆی بە هەورامی داناوە.

٣. هەورامان گەورەترین مەڵبەندی فێرگەی ئایینی و زانایانی ئیسلامی بووە لە کوردستاندا. (هەبوونی دە فێرگەی ئایینی لە گوندەکانی هەورامان، خانەقا و فێرگەی ئایینی شارۆچکەی بیارە هەروەکوو مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس باسی کردووە ماکتێکی زانستگای ئەلئەزهەری میسر بووە)

٤. دەسەڵاتی ٦٤١ ساڵەی ئەردەڵانییەکان و پاڵپشتی کردنی ئەوان لە زمانی کوردی هەورامی. (ڕەحمانی، ٢٠١٠، صص٤-٢٧)

ئەمڕۆکە لە کوردستاندا بە گشتی مقۆ مقۆی هەڵبژاردنی «سۆرانی» وەکوو زمانی ئیستاندار یان پێوەر هاتووەتە ئاراوە یان باڵێکیتر خوازیاری دوو ستانداردەکردنی زمانی کوردین. واتە «کورمانجی سەروو»ش لە پاڵی «سۆارنی»دا ببێتە زمانی پێوەر.(٦)

لە ماددە چواری دەستووری عێراقدا بە دوو زمانی عەرەبی و کوردی وەکوو زمانی پێوەر ئاماژە کراوە. هەروەها زمانی تورکمان و سوریانیش یان هەر زمانێکیتر مافی ئەوەی هەیە کە پێی بخوێنرێت و لەو شوێنانەی کە زۆرینەی جەماوەر سوریانی یان تورکمان بن زمانەکەیان زمانی پێوەرە.

بەندی پێنجی ئەم ماددە دەڵێت:

- ئەگەر زۆرینەی خەڵکی ناوچەیێك یان پارێزگایێك لە هەڵبژاردنێکدا لە سەر ئەوەی تەبا بن کە زمانی خۆجێی یان ناوچەیی خۆیان ببێتە زمانی فەرمی ئەوە مافی خۆیانە و دەتوانن جێبەجێی بکەن. (ماڵپەری hoghoogh.online)

**ماددەی چواردەی دەستووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان** بەم شێوەیە باسی زمانی پێوەر(فەرمی) دەکات:

یەکەم: کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمیی هەرێمی کوردستانن و ئەم دەستوورە مافی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەکات لە فێرکردنی منداڵەکانیان لە دامودەزگا فێرکارییەکانی حکوومەتدا بە پێی مەرج و

ڕێککاریەکانی پەروەردەیی بە زمانی زگماکی خۆیان. ئەمەش زمانەکانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنیش دەگرێتەوە.
دووهەم: زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی ڕەسمین لە تەك زمانی کوردی و عەرەبیەوە، لەو یەکە کارگێرییانەدا کە ئەوانەی بەو زمانانە دەدوێن، زۆرینەی دانیشتووان پێك دێنن. ئەمەش بە یاسایەك ڕێکدەخرێ. (ماڵپەڕی www.chawyxelk.com)جێی خۆشحاڵییە کە لە دەستووری حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ پێناسە کردنی زمانی فەرمی، لە بواری کوردییەوە، تەنیا ئاماژە بە وشەی زمانی «کوردی» کراوە و هیچ کام لە شێوە زمانەکانی کوردی، وەکوو پێوەر، نەهاتووەتە ناساندن. دیارە مەبەستیش لە کوردی تەنیا سۆرانی و کورمانجی نییە و ئەگەریش لە داهاتوودا یەکێ لەو دوو دیالێکتە ببن بە پێوەر بە مەرجی پاراستنی دیالێکت و شێوە زمانەکانی‌تری کوردی هیچ کێشەیەك ڕوو نادات. بەڵام خاڵی گرینگ ئەوەیە کە هەروەکوو چۆن لە بەندی پەنجی ماددەی چواری دەستووری عیراقدا ئاماژەی پێ کراوە لە دەقی دەستووری حکوومەتی هەرێمیشدا دەبێ بەندێك زێدە بکرێت کە لەوێدا دیالێکت و ئاخێوەرانی ئەو شێوە زمانانەی کوردی کە لە بواری زمانەوانییەوە (نەك نەتەوەیی) وەکوو زمان پێناسە دەکرێن مافی ئەوەیان ببێت کە لە فێرگەکان و بەتایبەت لە قۆناغی سەرەتایی‌دا لە پەنای سۆرانی و کرمانجیدا بە شێوە زمانی خۆیانیش بخوێنن و پەروەردە ببن. گەورەترین سوودی ئەم کارەش سەرەڕای ئەوەی کە کارێکی مرۆڤانەیە، ئەوەیە کە سامانی کولتووری و ئەدەبی مێژینەی ئێمە دەپارێزرێت، بۆ نموونە لە سەدەی دووی ئیسلامییەوە دەقی دۆکیۆمێنتی و باوەڕپێکراوی ئەدەبی کوردی بە شێوەی هەورامی بۆ ئێمە ماوەتەوە. بە واتایێکی‌تر زمانی کوردی هەورامی هەزاروودووسەد ساڵ زمانی بەشێکی بەرفراوانی کوردستان بووە و بە سەدان تێکستی ئەدەبی بەم شێوەیە بۆ ئێمە بە میرات ماوەتەوە.
وەکوو نموونە لێرەدا بەشێك لەو سامانە گەورەیەی ئەدەبی کوردی لە شێوە هەورامییەکەیدا ئەخینە بەرچاو:
"شانامەی کوردی" نووسینی ئەڵماسخانی کەنوولەیی کە هەمووی بە زمانی کوردی هەورامی، دیوانی بێسارانی، دیوانی سەیدی، خەسرەو شیرین، دیوانی ئەرکەوازی، دیوانی مەولەوی، دیوانی وەلی دێوانە، نزانی(مزگانی) کە وەرگێڕانێکی ئازادە لە ئنجیلی حەزرەتی عیسا و دوکتۆر سەعیدخانی کوردستانی

لە ٥٥٠ لاپەڕەدا کردوویەتی بە هەورامی و ... و دەیان کەشکۆڵ و دەسنووس کە هێشتا ساخنەکراونەتەوە.

دیارە ئەگەر ئێمە پرۆژەیێکی زمانیمان بەدەستەوە نەبێت بۆ فێرکاری ئەم بەشەی زمانی کوردی بێ گومان بەرەی داهاتوومان تووشی دابڕانێك دەبن لە گەڵ ئەم سامانە ئەدەبییەی خۆیاندا کە قەرەبووکردنەوەی زۆر دژوار دەبێت. جا زۆر جێگای داخە کە یەکەکانی وانەی خوێندن لە قۆناغی لیسانسی(بەکالەریووس) زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆوەکانی سلێمانی و هەولێر کەمترین ئاوڕیان داوەتە ئەم بەشەی زمانی کوردی تا ئەو ڕادەیەی کە بە دەگمەن نەبێ (ئەویش لە سەر هەوڵ و تێکۆشانی تاکە کەسی خودی خوێندکار) دەرچووانی بەشی زمانی کوردی ئەم زانکۆوانە ناتوانن تێکستە هەورامییەکان لێکبدەنەوە. (رەحمانی، ١٣٨٣، ل ٨٥). بە ڕای نووسەر ئەو ڕوانگەیەی کە زمانی ستانداردی ناو ناوەتە زمانی ((یەکگرتوو)) و مەبەستیشی یەکسانکردن و بە یەك شێوە دەرهاوردنی هەموو زاراوە و دیالێکتەکانی زمانە ڕوانگەیەکی هەڵەیە و لەمپەڕێکی گەورە دروست دەکا لە ڕەهەندی پەرەسەندندا. ئەم ئەزموونە کە لە دوو سەدە لەمەو پێشەوە لە وڵاتانی ئەورووپادا دەستی پێکردوە و کەمتر لە سەدەیەکە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمەوە کەوتووەتە دارەدارە، ئەنجامی ئەم شێوە ستانداردکردنەیە کە ئامانجی دروستکردنی دەوڵتگەلێکی سانترال و چەقبەستووی بەهێز بووە کە توانیویەتی کەم یا زۆر جۆرە یەکسانییەکی زمانی و فەرهەنگی بێنێتە ئاراوە. لەم ڕوانگەیەدا تەنیا یەك ئامانج بەدی دەکرێ و ئەویچ یەکسانسازی نەستی هەموو تاکەکانی یەك نەتەوەیە لە پێناوی گەیشتن بە دەسەڵات. تا ئەو کاتە و تەنانەت دوای ئەو کاتەش واتە گەیشتن بە دەسەڵات، دەبێ زاراوە و دیالێکتەکان بە هەموویانەوە لە پێناو بەرژەوەندی نەتەوەیی یان قەرقوپ بکەن و بێدەنگ بن یان بێنە خزمەتی ئەو زاراوە باوەی کە ئێستا یا دواتر دەکرێ بە ستاندارد. خاڵێکی زۆر جێی مەترسی لەم بوارەدا کە بە داخەوە زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی کە خۆیان سەرقاڵی زمانی کوردی کردووە و خۆیان لەم بوارەدا بە خاوەنڕا دەزان، ئەوەیە کە پێیان وایە ئەرکی شێوەزمان و دیالێکتەکانی زمانی کوردی ئەوەیە کە وشەیان لێ وەربگیردرێت و بەم شێوەیە زمانی ستاندارد دەوڵەمەند بکرێتەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بۆ نموونە زمانی کوردی زازایی و هەورامی و تەنانەت

دیالێکتەکانی‌تری زمانی کوردی خاوەنی ڕەگەزی زمانی تایبەت و جیاوازی فونەتیکی(دەنگناسی) ، سینتاکسی (ڕستەسازی، نحو) و مۆرفۆلۆژیکی (وشەسازی، صرف) خۆیانن. ئەوە ڕاستییێکی زمانەوانی و زانستییە کە مۆرکی تایبەت و خەسڵەتی بەرجەستە لە هەر زمان، دیالێکت یان شێوە زمانێك زۆرتر لەوەی کە لە وشەکانیدا دیار بێت لە فونتیك و ڕێزمانەکەیا دیارە. بۆ نموونە ئێستاکە شەست لە سەدی وشەکانی زمانی فارسی عەرەبین بەڵام بە هۆی ئەوەی کە سینتاکس و بواری مۆرفۆلۆژیکی و فونتیکی زمانی فارسی وەکوو خۆی ماوەتەوە زمانی فارسی زمانێکی تەواو سەربەخۆوە و دەکرێ بە بەرنامەی زمانی لە بواری وشەوە وردە وردە ڕەسەن بکرێتەوە. بەڵام ئەگەر خەسڵەتی ڕێزمانی و فۆنۆلۆژی و فۆنەتیکی زمانێك تێکبچێت ئیدی ئەو زمانە بە تەواوی تێکچووە و بە سەدان و هەزاران وشەش ناتوانێت بیبووژێنێتەوە . بۆ نموونە ئێستاکە زۆرێك لە وشەگەلی زمانە کۆنەکانی ئێرانی وەکوو زمانی پاڵەوی ماوەتەوە بەڵام کەس بۆی نییە کە بڵێت زمانی پاڵەوی زیندووە.

**ئەنجام:**

بۆ سەقەتنەبوونی پرۆژەی "پەرەسەندنی سەقامگیر" Sustainable Development لە هەر وڵاتێکدا دەبێ ئاوڕ بدرێتەوە لە فرەچەشنی فەرهەنگی کۆمەڵگا و ئەو شێوەزمان و دیالێکتانەی کە نەبوونەتە ستاندارد و دەبێ لە گەڵاڵەڕێژی زمانیدا هەوڵی مانەوەو بووژاندنەوەیان بدرێت. مەترسییەکانی ڕەچاونەکردنی ئەم خاڵە گرینگە لە کوردستاندا دەتوانێت ئەم خەسارانەی خوارەوەی لێ بکەوێتەوە:

١. تەنیا وەرگرتنی وشە لە شێوەزمان و دیالێکتەکانی کوردستان لە پێناو بەهێزکردنی زمانی ستاندارد و ئاوڕنەدانەوە لە لایەنە زمانییەکانی شێوەزمان و دیالێکتەکانی زمانی کوردی واتە (فونەتیك Phonetics، ڕێزمانGrammar و واتاناسیSemantic ) دەبێتە هۆی لەناوچوونی خێرای ئەو شێوەزمان و دیالێکتانە. (ئەوپەڕی سەدساڵی داهاتوو)

لێرەدا مەبەست لە دیالێکت، دیالێکتەکانی سۆرانی و کورمانجی باکوور نییە بۆ ئەوەی ئەم دوانە بە خۆشحاڵییەوە لە هەموو بوارێکەوە خەریکی بووژانەوە و دەوڵەمەندبوونن و کاری زانستی و ئەدەبیان لە سەر دەکرێت.

٢. دابڕانی بەرەی تازە و داهاتوو لەو تێکست و ئاسەوارانەی کە بە شێوە زمان و دیالێکتەکانی زمانی کوردی (غەیری سۆرانی و کورمانجی باکوور) نووسراون بە تایبەت دابڕان لە مێژوویەکی هەزار ساڵەی ئەدەبی کوردی کە بە زمانی کوردی هەورامی نووسراوە.

٣. ڕەچاو نەگرتنی مافی مرۆڤ و سڕینەوەی بەشێکی هەرە گەورە لە وردە فەرهەنگەکانی کوردستان.

٤. کەمبوونەوەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و متمانە لە لایان ئاخێوەرانی ئەو شێوە زمان و دیالێکتانەی کوردستان کە ئاوڕ لە شێوە زمان یان دیالێکتەکەیان نەدراوەتەوە.

٥. دروستبوونی لەمپەڕ لە ڕەهەندی پەرەسەندنی سەقامگیر لە کوردستاندا لە ئەنجامی بۆشمانەوەی لایەنی وردە فەرهەنگ و شێوە زمان و دیالێکتەکانی کوردی.

پەراوێزەکان:

[١] . (دیارە ئەویش بە پاڵپشتی هێزی «ئەردەڵانییەکان» و «ئایینی یارسان» و «فێرگە و زانا ئایینییەکانی ئیسلامەوە» توانیویە ئەوهێزە بە خۆیەوە ببینێ.)

٢ . بۆ زانیاری زۆرتر لێرەدا ئاماژە بە ڕوانگەی دوو زمانەوانیتری ئێرانی دەکەین: «د.عەلی ئەشرەفی سادقی» لە وتاری «زمانی فارسی و شێوەکانی» (زبان فارسي و گونه هاي آن) دا دەڵێت: زمان، دیالێکت و زاراوە دەبێ لە سنووری هەر وڵاتێکدا و بە لەبەر چاوگرتنی بارودۆخی زمانی و (لەوانەیە سیاسی) پێناسە و دیاری بکرێت. لەم دیاریکردنەدا پێوەری دڵخواز دێتە ئاراوە و بە پێی نیازی کردەکی وڵات سنوورەکانی زمان و دیالێکت و زاراوە دابین دەکرێت. لە بەرچاوگرتنی هۆکاری «لەیەکتێگەیشتن» (Mutual Intelligiblity) بۆ دابینکردنی سنووری زمان و دیالێکت و زاراوە کێشەی فراوان دێنێتە ئاراوە. (صادقی، ١٣٤٩، ل ٦٢) لێرەدا «سادقی» بۆ دیاریکردنی سنووری ئەم سێ چەمکە، هۆکاری سیاسی وەکوو گرنگترین پێوەر ڕەچاو دەکات و بەم

پێیە بە ڕاستەوخۆ زمانی کوردی لە ئێراندا وەکوو زاراوە یان نیوە زمان ناو دەبات (صادقی، ١٣٤٩، ل ٦٥)

«د.ئێرانی کەلباسی» لە کتێبی «فارسی ئیسفەهانی»دا (فارسی اصفهانی) هۆکاری سیاسی بە پێوەر وەرئەگرێت و پێی وایە «ئەگەر زاراوە یان دیالێکتێك لە کیانێکی سیاسیدا بە شێوەیەکی فەرمی بێتە ناراوە و بە شێوەی نووسراوەش بێتە نووسین، ئەوە ئەو کاتەیە کە دەبێتە زمانێکی ئیستاندارد. (کەلباسی،١٣٧٠، لل ١٣-١٤)بە داخەوە ڕوانگەی کەسانێك وەکوو د.کەلباسی زۆرتر وەکوو بڕیاری سیاسەتمدارێك دێتە بەرچاو تا زمانەوانێك.

[3]- سەرچاوەکانیی پێناسەی زاراوەو دیالێکت:
مدرّسي، يحيي، درامدي بر جامعەشناسي زبان، مؤسسه مطالعات و تحقيقات فرهنگي (پژوهشگاه علوم انساني و تحقيقات فرهنگي) تهران ١٣٦٨ صص ١٣٣-١٣٩.
- دبير مقدم، محمد، زبان، گويش، گونه، و لهجه: كاربردهاي بومي و جهاني، مجله ادب پژوهي، شماره پنجم، تابستان و پاييز ١٣٨٧، ص١٢٠.
- كلباسي، ايران، فارسي اصفهاني، مؤسسه مطالعات و تحقيقات فرهنگي (پژوهشگاه علوم انساني و تحقيقات فرهنگي) تهران ١٣٧٠، صص ١٣-١٤.
- مدرسي يحيي درامدي بر جامعەشناسي زبان، مؤسسه مطالعات و تحقيقات فرهنگي (پژوهشگاه علوم انساني و تحقيقات فرهنگي) تهران ١٣٦٨، ص ١٣٧.
- ايچسون، جين، مباني زبانشناسي، ترجمەي محمد فاضل، مؤسسه آتنشارات نگاه، تهران ١٣٨٠، ص ١٦٧.
- ترادیگل، پيتر، درامدي بر زبان و جامعه، ترجمەي محمد طباطبايي،مؤسسه انتشارات آگاه، چاپ اول، تهران ١٣٧٦. ص ٢٢.
Chambers j.k and peter trudgil,dialectology,cambridge, cambridge university press,1980,p 5._
- shuy, Rager, Discovering American Dyalects,national council of theachers of English, Urbana,Illinois, 1967,p4._
- Hudleston, R . and G.K , pullum, the Cambridge grammar of the English language, Cambridge, Cambridge university press, 2002, p13.

[4]- ترادیگل، پيتر، درامدي بر زبان و جامعه، ترجمەي محمد طباطبايي، مؤسسەي انتشارات آگاه، چاپ اول، تهران ١٣٧٦. ص ٢٢.
- دبير مقدم، محمد، زبان، گويش، گونه و لهجه: كاربردهاي بومي و جهاني، مجلەي ادب پژوهي، شماره پنجم، تابستان و پاييز ١٣٨٧. ص ٢٠.

- مدرسي، يحيي، درآمدي بر جامعه‌شناسي زبان، مؤسسه‌ي مطالعات و تحقيقات فرهنگي (پژوهشگاه علوم انساني و تحقيقات فرهنگي) تهران ١٣٦٨، ص ١٣٩.
- باطني، محمد رضا، مسائل زبان‌شناسي نوين: ده مقاله، انتشارات آگاه، تهران ١٣٥٤ ، ص ٢٧.

٥ . عابدینی جاف، کەلامی خۆی بە سۆرانی نوسیوە.

٦ . لێرەدا پێش ئەوەی باس لە هەر جۆرە چارەسەرێك بکەین بۆ دۆخی زمانی ئێستای کورد پێویستە چەن ئاماژەیەك بکرێت بۆ یاسای ئەو وڵاتانەی کە فرە دیالێکت و فرەزمانن و شێوەی چارەسەری ئەم پرسەیان بخرێتە بەرچاو:

ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە سێسەدوو هەشت میلیون کەس جەماوەرەوە بە شێوەیەکی گشتی خاوەنی زمانی پێوەر یان نەتەوەیی نییە بەڵام بە شێوەیەکی کردەکی ئینگلیسی دەوری زمانی پێوەر دەگێڕێ. لە پەنجا ئەیالەتی ئەمەریکا زمانی ئینگلیسی تەنیا لە بیستوهەشت ئەیالەتدا زمانی پێوەرە. ولایەتە یەکگرتووەکان سەرەڕای هەبوونی چەندین زمانی تەواو جیاواز لە یەکتر (وەکوو: چینی، ئیسپانی و زمانی سوورە پێستەکان و ...) لە ڕەوتێکی سرووشتیدا و بێ ئەوەی هیچ جۆرە هەستیاریەك دروست بکات، تواتنیویەتی لە کردەوەدا ئینگلیسی بکاتە زمانی پێوەر.

یاسای بنەڕەتی وڵاتی کانادا دوو زمانی ئینگلیسی و فەرانسی وەکوو زمانی فەرمی پەسەند کردووە. لەم وڵاتەدا لە ساڵی ١٩٨٨ەوە چەندفەرهەنگی لە کانادا بە فەرمی ناسراوە و ئەنجومەنی پشتگیری لە فرەفەرهەنگی لە کانادا توانیویەتی هەستێکی هاوبەشی نەتەوەیی سەرەڕای جیاوازی ئەتنیکی، فەرهەنگی، زمانی و ڕەگەزی پێك بێنێت. هەروەها بە ڕێکخستنی ١٥ وێستگەی ڕادیۆیی بۆ ١٥ کەمەنەتەوەی زمانی لە ١٩٨٨ەوە و پشتگیری ئابووری بۆ بووژانەوە و گەشەی زمانەکانیان، توانیویەتی هەستی خۆبەخاوەنزانین لە نێو کەمەنەتەوەکانی کانادادا دروست بکات.

لە مادەی شانزدەی دەستووری ئەفغانستاندا دوو زمانی فارسی دەری و پەشتور وەکوو زمانی پێوەر هاتوونەتە ناساندن. لەو شوێنانەش کە زۆرینەی خەڵك بە یەکێ لە زمانەکانی ئوزبەکی، تورکمانی، بەلوورچی یا پامیری ئاخاوتن دەکەن ئەم زمانانە لەو ناوچانە وەکوو زمانی سێهەم بە شێوەیەکی فەرمی دەناسرێن.

لە یاسای وڵاتی سویسدا چوار زمان وەکوو زمانی پێوەر ناو براوە. ئەم زمانانە بریتین لە: زمانی ئاڵمانی،فەرانسی، ئیتالی و ڕومانشی. (ترادیگل، ١٣٧٦ ، ل ١٨٤)

**سەرچاوەکان:**

١- ایچسون، جین، **مبانی زبانشناسی**، ترجمەي محمد فاضل، مؤسسه انتشارات نگاه، چاپ دوم، تهران ١٣٨٠.

٢- ترادیگل، پیتر، **درامدي بر زبان و جامعه**، ترجمەي محمد طباطبایي، مؤسسه انتشارات آگاه، چاپ اول، تهران ١٣٧٦.

٣- باطني، محمد رضا، **مسائل زبانشناسي نوین:** ده مقاله، انتشارات آگاه، تهران ١٣٥٤.

٤- دبیر مقدم، محمد، **زبان، گویش، گونه، و لهجه: کاربردهاي بومي و جهاني**، مجلەي ادب پژوهي، شماره پنجم، تابستان و پاییز ١٣٨٧.

٥- کلباسي، ایران، **فارسي اصفهاني**، مؤسسەي مطالعات و تحقیقات فرهنگي (پژوهشگاه علوم انساني و تحقیقات فرهنگي) تهران ١٣٧٠.

٦- صادقي، علي اشرف، **زبان فارسي و گونه هاي مختلف آن**، مجلەي فرهنگ و زندگي، شماره ٢، تهران ١٣٤٩، صص ٦٢- ٦٦.

٧- کزّازي، میرجلال الدین، **پرنیان پندار**، روزنه، تهران؛ ١٣٧٦

٨- جورج یول، **بررسي زبان(ویراست سوم)**، ترجمەي علي بهرامي، انتشارات رهنما، چاپ اول ١٣٨٥.

٩. سمیعي، احمد، **نگارش و ویرایش**، سمت، تهران؛ ١٣٧٨

١٠. صادقي، علي اشرف، **زبان معیار**، نشر دانش، سال ٣، شماره ٤، ص ١٦، ١٣٦٢

١١. مدرّسي، یحیي، **درآمدي بر جامعه شناسي زبان**، پژوهشگاه علوم **انساني و مطالعات** فرهنگي، تهران، ١٣٦٨.

١٢- هال، رابرت اندرسن، **زبان و زبانشناسي**، ترجمەي د.محمد رضا باطني، انتشارات علمي و فرهنگي، چاپ سوم، ١٣٨١.

١٣. مارتینه آندره، **مباني زبانشناسي عمومي**، ترجمه‌ي هرمز ميلانيان، انتشارات هرمس، چاپ اول ،تهران ١٣٨٠.
١٤. عباسپور، مجيد، **انرژی، محيط زيست و توسعه پايدار**، تهران، دانشگاه صنعتی شريف، ١٣٨٦.
**١٥.** ڕەحمانی، مەنسوور، **ئـارژيـــن**، بڵاوکردنەوەی مەڵبەندی ڕۆشنبیری **هەورامان**، سلێمانی ٢٠١٠.

**١٦.** ڕەحمانی، مەنسوور، **وتووێژ لە گەڵ د. عوسمان بەرزنجی سەرۆکی بەشی زمانی کوردی زانکۆی سلێمانی**، گۆڤاری ڕۆژ، ژمارە ١، ١٣٨٣.

سەرچاوەی ئینگلیسی:

17- Chambers j.k and peter trudgil, ***dialectology***, cambridge, Cambridge university press, 1980, p 5.

18- Shuy, Rager, ***Discovering American Dyalects***, national council of theachers of English, Urbana, Illinois, 1967.

19- Hudleston, R. and G.K, pullum, ***the Cambridge grammar of the English language***, Cambridge, Cambridge university press, 2002.

20- Bartsch, Renate, **Norms of Language**, Longman, London; 1987

21- Hudson, R. A. , **Sociolinguistics**, Cambridge University Press, Cambridge; 1980

22- Garvin, P., ``**Some Comments on Language Planning**'', in Language Planning: Current Issues and Research, eds. J. Rubin and R. Shuy, Georgetown University Press, Washington DC., pp. 24-33;. 1973

سەرچاوەی ئینتێرنێتی:

23- **مالپەری ڕێکخراوە نەتەوە یەکگرتووەکان** (بە زمانی ئینگلیسی) www.un.org

24- **دەستووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان** www.chawyxelk.com

25- **دەقی یاساکانی چەند وڵاتێکی جیهان** hoghoogh.online.fr/article

# پەیوەندی زمان و کۆمەڵگا

وەرگێرانی لە فارسییەوە: هێرش کەریم

## ئەگەر زمان لە کۆمەڵگا دەربکەیت چی ڕوودەدات؟

ڕێگام پێبدەن وەڵامی ئەم پرسیارە بە گێڕانەوەی داستانێك کە لە تەوراتدا هەیە دەستپێبکەم.لە بابی دوازدەیەمی (تەورات)دا داستانێك هاتووە کە بەداستانی (بورجی بابل) ناسراوە. واتای ئەم داستانە بەم شێوەیە: لە ڕۆژگارە کۆنەکاندا هەموو مرۆڤەکانی سەرزەوی بەیەك زمان قسەیان دەکرد.ڕۆژگارێك هاتە پێشەوە ئەم مرۆڤانە ویستیان کۆچ بکەن.بەڕێکەوتن و جێگایەکیان دۆزییەوە بۆ ئەوەی تێیایدا نشتەجێبن.دواتر هەموویان کۆبوونەوە و وتیان وەرن با هەمووان پێکەوە شارێك بۆخۆمان دروست بکەین و بورج و بینا دروستبکەین، بەشێوەیەك بەرزبێت و بەسەر ئاسمانەکانەوە بدەرەوشێتەوە کە بەهۆیەوە بتوانین خۆمان ڕزگاربکەین لە دابڕان و دابەشبوون.لەو کاتەدا خوداوەند هاتە خوارەوە بۆ ئەوەی ئەو بورج و بینایانە ببینێت کە بەندەکای دروستیان کردبوو. خوداوەند بەبینینی ئەو بورجانە سەرسام بوو و بەخۆی گوت ئەم مرۆڤانە کە توانییوبانە بەم شێوە لێهاتووییە ئەم کارانە بکەن ئەوا هەموو کارێکیان لەدەست دێت.بۆیە خوداوەند بۆ نەهێشتنی نەخشە و بیرۆکەکەیان ڕاماو و کارێکی کرد کە چیتر مرۆڤەکان لە زمانی یەکتری تێنەگەن. کاتێکیش بێ توانابوون لە تێگەیشتنی زمانی یەکتری ئەو کاتە دابڕان و دووبەرەکی لەنێوان یەکتریدا دەستی پێکرد، و وازیان لە دروستکردنی بورج و بینا هێنا و لەسەر ڕووی زەوی بەربڵاوبوونەوە.

ئـەم داسـتانە هـیچ نییـە جـە لـە ئەفسانەیەك،بەڵام ئەو ڕاستیەی کە لـەم داسـتانەوە بەدەسـت دێـت بـە هـیچ شێوەیەك ئەفسانە نییە.بە دڵنیاییـەوە دەتوانین بڵێین ئەم ئەفسانەیە زیاتر لـە هەر داستانێکی حەقیقی تر ڕۆڵـی زمـان لـــە گۆڕانکاریـــەکانی کۆمـــەڵگادا ڕووندەکاتەوە، زمانْ بەشێوەیەك تێکەڵ بە ژیانی ڕۆژانەمان بـووە کـە بەئاشـکرا بـوونی زمـان هەسـتپێدەکەین و بـووە بەپێویـــستیەك لـــە پێویـــستیەکانی ژیانمـان، بەهـەمان شـێوەی خـواردن و خـــەوتن کـــە بوونیـــان لـــە ژیانـــدا پێویستە.زمـان لـە ژیانمانـدا بـووە بـە دیاریدەیـەکی ئاسایی بەشـێوەیەك کـە کـەمتر هـەوڵی ناسـینی و دیـاریکردنی بنـەماکانی دەدەیـن و لـەم ڕووەوە بـە گرانی دەتوانین ئەو ئەگەرە دابنێین کـە ئەگەر زمـان لـە کۆمـەڵگا وەربگریتـەوە چـەرخی ژیـان بەتـەواوەتی لـە جـولان دەوەسـتێت و ژیـان دەگەڕێتـەوە بـۆ ژیـانی ملیۆنـان سـاڵ لەمەوبـەر.بـە ئاوڕدانەوەیـەکی گـشتی بـۆ مێـژووی مرۆڤایـەتی باشـتر دەتـوانین بایـەخی کۆمەڵایەتی زمان دەربخەین.

مێـژووی پەیـدابوونی زمـان لـە ژیـانی مرۆڤەکانـــدا بـــە ڕوونـــی نـــاتوانین دیاریبکـــەین.بـــەڵام مرۆڤناســـان مێژووەکەی دەگەڕێننەوە بۆ نزیکەی (٥٠٠٠٠)پێنج سەد هـەزار سـاڵ یـان ملیۆنێـك سـاڵ لەمەوبـەر. زمـان دیاریدەیـەکی زۆر کۆنـە.بـەڵام ڕۆڵـی زمـان لـە ژیـانی مرۆڤایەتیـدا هـیچ کاتێـك بەئەنـدازەی ئـەم (١٠٠٠٠)دە هــــەزار ســــاڵەی ڕابــــردوو نـەبووە.بۆئـەوەی لـە چۆنیـەتی ئـەم ڕۆڵـەی زمـان بـەئاگابین ناچـارین پێـشەکییەك بڵـێین.مرۆڤناسـان لـەو بڕوایەدان تەکامولی ژیان یان لایـەنی بایەلۆجی مرۆڤ لەم دە هەزار ساڵەدا زۆر لەسـەرخۆ و هێـواش بووە،بەڵام لەبەرامبەردا پێگەیشتنی(تەکامول)ی کۆمەڵایـەتی زۆر بـەخێرایی بـووە تـا ئـەو جێگایـەی کـە لـە ئێـستادا خێراییـــەکی تیـــشك ئاســـایی لـــەخۆگرتووە.پێگەیـشتنی خێـرای کۆمەڵایەتی مرۆڤ بەشێوەیەکی خێـرا جێگـــای پێگەیـــشتنی ژیـــانی گرتووەتەوە.بەڵام ئەم جێگرتنەوەیە چۆن ڕوویدا؟ دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە مانەوەی هـەر بوونـەوەرێك لەوانـە مـرۆڤ پێویـستی بەسـازگاری هەیـــە لەگـــەڵ هەلومـــەرج و بارودۆخەکەدا.ئەم سازگارییە لـە دوو

لایەنەوە بەدیدێت: یا ژینگەی ئامادەبوو بگۆڕێت و خۆی بگونجێنێت لەگەل ٚبارودۆخەکەدا وە یان بارودۆخەکە بەشێوەیەك بگۆڕێت و هەڵبوەشێتەوە کە هەماهەنگ بێت لەگەڵ بونیەی ژیاندا.پێش ئەوەی پێگەیشتن(تەکامل)ی خێرایی کۆمەلآیەتی مرۆڤ دەستپێبکات،ئەم سازگارییە تەنها لە ڕێگای گۆڕینی بوونیەی ژیانەوە بەدەستدێت لەم جۆرە سازگارییەدا،ژینگە دەبێتە هۆی فراوانبوونی ئەو جۆرە لە گۆڕانکاری کە لە ڕێگای مۆتاسیۆن یان جەهشی ژینەتیکەوە بەدەست دێت و دەبێتە هۆی گونجاندنی بوونەوەر لەگەل ژینگەدا.ژینگە هەمیشە تاکەکانی مرۆڤایەتی لەڕووی تەبایی و هاوتایی لەگەڵ پێداویستیەکاندا لە بێژنگ دەدات و ئەوانەی کە نەگونجاوە دووریدەخاتەوە و ئەوانەی کە گونجاون پەروەردە دەدات و زیادی دەکات.

بەلآم دوای تەکاملی خێرای کۆمەلآیەتی،ئیتر مانەوەی مرۆڤ پێویستی بە گۆڕانی ژینگە نییە.مرۆڤایەتی هەوڵدەدات لەبری گۆڕان لەبونییەی خۆیدا بارودۆخی ژینگە بەشێوەیەك بگۆڕێت کە پێداویستیەکانی خۆی لەگەڵیدا بگونجێنێت.بۆنموونە پێش تەکاملی خێرای کۆمەلآیەتی مرۆڤەکان تەنها ئەو مرۆڤانە دەیانتوانی لە ناوچە ئیستیواکاندا بژین کە بونیەی لەشیان لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا دەگونجا، بۆنموونە پێستێکی ڕەشیان هەبێت بۆئەوەی لەشیان لەو گەرمی و هەتاوە بپارێزێت و مویەکی پڕیان هەبێت و دەرچوونی ئارەق لەسەریاندا خێرابکات و ئەندامێکی درێژیان هەبێت بۆئەوەی ئاستی لەشیان لەبەرامبەر کێشیاندا بگونجێت و گەرمی لەشیان بەخێرایی بچێتە دەرەوە.بەلآم لە ئێستادا بە هۆی بوونی ئامێرەکانی ساردکردنەوەوە کە لەئەنجامی تەکاملی خێرای کۆمەڵایەتییەوە بەدەستهاتووە نەك تەنها دانشتوانی هێڵەکانی ئیستیوا دەتوانن بەئاسودەی بژین بەڵکو سپی پێستەکانی ناوچە ساردەکانیش دەتوانن بە زیندووی بمێننەوە،بۆنموونە دانشتیوانی باکوری ئیسکاتلەندا یان سوید و نەرویج دەتوانن لە هێڵە ئیستیواکاندا بمێنن و بژین.هەروەها لەئەمڕۆدا

بەهۆی بوونی ئامێرەکانی گەرمکردنەوە کە دەستکەوتی تەکاملی خێرای کۆمەڵایەتییە دانیشتیوانی ناوچەکانی ئیستیوایی دەتوانن لە ساردترین ناوچەکانی جیهاندا بژین.یان لەپێشدا تەنها ئەو مرۆڤانە دەیانتوانی بژین و بە زیندووی بمێننەوە کە لەشیان لەبەرامبەر میکرۆبەکاندا پارێزگاری زۆری هەبێت،بەڵام لەئەمڕۆدا بەهۆی بوونی دەرمانە جۆراوجۆرەکانەوە مرۆڤەکان تا ڕادەیەك توانییوبانە ژینگەکەیان بپارێزن لەو میکرۆبانە بە بێ گۆڕان لە بونییەی ژیانی خۆیان بە زیندووی بمێننەوە.بەم شێوەیە دەبینین تەکاملی خێرایی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بەشێوەیەکی فراون جێگای تەکاملی ژنگەی گرتووەتەوە و لە خێرایی تەکاملی ژینگەی کەمکردووەتەوە.

بەلام ئەم بابەتە چی پەیوەندییەکی هەیە بە زمانەوە؟ وەلامی ئەم پرسیارە لێرەدایە:تەکاملی ژینگەیی مرۆڤ لەڕێگای میراتەوە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە ،بەلام تەکاملی کۆمەڵایەتی لەڕێگای کۆمەڵگەوە دەگوازرێتەوە و تەنها ئامرازێك کە کۆمەڵگا هەیەتی بۆ ئەم گواستنەوەیە زمانە.ئەوەی کە ئێستا بەناوی کەلتووری و شارستانیەتەوە هەمانە لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی هەزار ساڵەی مرۆڤە لەگەڵ سروشتدا کە دوای کەڵەکەبوونێکی زۆر لە یەك جێگادا دەستی ئێمە کەوتووە.کۆمەڵگا ئەم سەرمایە گەورەیەی مرۆڤایەتی لەڕێگای پەروەردەو فێرکردنەوە گواستوەتەوە بۆ ئێمە جا چی بەشێوەی ڕاستەخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ و ئێمەش بەگوێرەی توانای خۆمان بۆیمان زیادکردووە و گواستمانەتەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆمان.بەهەندێك تێڕامان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت پەروەردە و فێرکردن بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بە بێ بوونی زمان مومکین نییە.زمان تەنها کەرەستەی کاریگەرە لە بواری پەروەردەو فێرکردندا.بە بێ بوونی زمان پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵگادا درووست نابێت و بە بێ پەیوەندیش پەروەردەو فێرکردن درووست نابێت و بە بێ پەروەردەو فێرکردنیش گواستنەوەی میرات و کەلتوور و شارستانیەت لەنەوەیەکەوە بۆ

نەوەیەکی تر ڕێگەی تێناچێت.لەم ڕووەوە بوو کە گوتمان ئەگەر زمان لە کۆمەڵگا بگریتەوە چەرخی کۆمەڵایەتی لە جوڵە دەوەستێت،کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەڵدەوەشێتەوە و شارستانیەت و کەلتووری مرۆڤایەتی لەناودەچێت و کۆمەڵگا بەرەو لەناوچوون دەڕوات و سەرەنجام ژیانی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی خۆی و ئەفسانەی (بورجی بابل) دەبێتە ڕاستی.

ئێستا دەمەوێت پرسیارێکی تر بکەم: زمان تا چ ئەندازەیەك ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگایەیە کە تیایدا بەکاردێت؟ هەندێك دەڵێن(زمان ئاوێنەی کەلتوری کەسانێکە کە بەو زمانە قسەدەکەن)ئەم وتەیە بێبەش نییە لە ڕاستی ،بەلاَم دەبێت لە لێکدانەوەی تۆزێك وردبین بین.ئەگەر بەو شێوەیە ئەنجامگیری بکەین ئەوا دەبێت ئەو گەلەی کە خاوەنی کەلتورێکی باشتر و پێشکەوتووتر بێت ئەوا زمانێکی باشتر و دەوڵەمەنتری هەیە و بەپێچەوانەشەوە ئەو گەلەی کە خاوەنی کەلتوورێکی لاوازترە ئەوا خاوەنی زمانێکی دواکەوتووتری هەیە،لەو وتەیەی سەرەوە لێکدانەوەیەکی گومڕاکەرانەمان کرد،چونکە بە پێی پێوانە زانستییەکانی زمانناسی ناتوانین هیچ زمانێك لە زمانێکی تر باشتر یان خراپتر دابنێین.بۆ ڕێگەگرتن لەو بەهەڵە تێگەیشتن و لێکدانەوە گومڕاییانە دەبێت سەرەتا ئەوە ڕونبکەینەوە کە زمان چۆن خۆی ڕێکخستووە و ئەوە ڕوونبێتەوە کە زمان چۆن لەگەڵ دیاردە کەلتووریەکاندا لە یەك کۆمەڵگادا هەیە پەیوەندی بەرقەرارکردووە.

ئەو زمانەی کە ڕۆژانە بەکاریدەهێنین وەکو دەزگایەکی گەورەیە کە کاری ئەوان ئەنجامی هاوکاری و کۆمەکە لەگەڵ دەزگا بچوکەکانی تردا.دەتوانین زمان دابەش بکەین بۆ (سێ)دەزگا: دەزگای دەنگی :بریتییە لەو سیستەمەی کە لە نێوان بنەما دەنگییەکاندا هەیە،ڕێزمان یان دەستووری زمان بریتییە لەو سیستەمەی کە لە نێوان بنەما واتادارەکانی زماندا هەیە و وشەکانیش بریتییە لە کۆمەڵە وشەیەك کە قسەکەرانی ئەو زمانە لەبەردەستیاندا هەیە و ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان وشەکاندا

هەیـە.دەزگـا دەنگـی و ڕێزمانێکـان بەشـێوەیەکی بتـەو تێکـەڵ بەیـەکتری بوونـە و جیاکردنـەوە و گۆڕانکـاری تیایانـــــدا زۆر خـــــاوتر و لەسەرخۆترە.بەپێچەوانەشەوە وشەکان سیستەمێکن کـە بـەو شـێوەیە تێکـەڵ بەیەك نەبوونە و لەئەنجامیشدا ڕۆچوون بۆناو تۆڕی پەیوەندییەکانی ئـەو زمانـە ئاسـانترە.بۆنموونـە لـە سیـستەمی دەنگی هـەر زمانێك لەچـەندین دەنـگ پێکهاتووە کە هەندێك لەوانە بێدەنگن و هەنـدێکی تریـشیان دەنگـدارن.ئـەم ڕێژەیەش لە زمانێکەوە بۆ زمـانێکی تـر دەگۆڕێـت بـەڵام بـۆ هـەر زمانێـك سنورێکی دیاریکراوی هەیـە.سیـستەمی دەنگی زمـانی فارسـی بـۆ نموونـە کـە خاوەنی (٦)دەنگی دەنگدار پێکهـاتووە و نـاتوانین بەئاسـانی بیگۆڕیـت و دەنگێکـی تـازەی بـۆ زیادبکـەیت یـان دەنگێکـی لـێ کـەم بکـەیت.ڕێزمـانی زمانەکانیش بەهامان شـێوەیە:زمـانێکی وەکو فارسی و ئینگلیزی کـە لـە بـواری ژمارەدا خاوەنی دوانەیەکی تـاك و کـۆن و نـاتوانین بەئاسـانی گۆڕانکـاری پێدابکـەین و وەکـو زمـانی عـەرەبی لـە نێوان کـۆ و تاکدا ژمارەیـەکی تـری بـۆ زیادبکـەین.یـان بەپێـچەوانەوە بـۆ نموونـەوە زمـانێکی وەکـو زمـانی عـەرەبی ناتوانێت بەئاسـانی یـەکێك لـەو سـێ ئاسـتە کـەم بکـات و دەری بکـات لـە ڕێزمانەکـەی خۆیدا،هـەر گۆڕانێکی لەو شێوەیە دەبێتـە هۆی تێکـچوونی پەیوەنـدی نێـوان سیستەمەکە،مەبەستمان لەمانە ئەوە نییـە بڵـێین بـەهیچ شـێوەیەك لـە سیـستەمی دەنگیـدا گۆڕانکـاری ڕوونادات:ئەم جۆرە گۆڕانـە هەمیشە و لەهـەموو زمانەکانـدا ڕوودەدات، بەڵام ئەم جۆرە گۆڕانـە بـەهۆی ئـەو پەیوەندیـە بتـەوەی کـە لـەنێوان بنـەماکانی سیـستەمی دەنگـی و ڕێزمانیـدا هەیـە زۆر لەسـەرخۆ و ئاڵۆزە ، بەشێوەیەك بۆ هەر گۆڕانێك پێویستی بـە چـەندین سـەدە هەیـە وهیچ کۆمەڵگایەکی زمانیش ناتوانێت ڕێـچکەی ئـەو جـۆرە گۆڕانـە بەئاگاییەوە دیاری بکات.

بەڵام بونیـەی فەرهـەنگی زمـان بـەم شـێوەیە نییـە.کـەم کـردن یـان زیادکردن یان هەر گۆڕانکاریەکی تری بنەماکانی وشـە بەئاسـانی ڕوودەدات بە بێ ئەوەی ببێتە هـۆی تێکـچوونی پەیوەندییەکان لە زمانـدا.بـۆ نموونـە ئێمە لە ئەمڕۆدا ئامێرێکمان هەیە بـە

ناوی(دوو چەرخە)(دوو تایە یا بایسکیل)ئەگەر هاتوو ڕۆژێك ئامێرێك دروستکرا بەیەت (چەرخ)جوڵایەوە ئەوا بۆ ئێمە ئاسانە وشەی (یەك چەرخە) بسازیم و بە خێرای بەکاری بهێنین یان بە پێچەوانەوە ئەگەر هاتوو ڕۆژێك ئامێری (دوو چەرخە)نەما و بەکارنەهێنرا ئەوا خۆی بۆخۆی وشەکە لەفەرهەنگی زمانەکەدا دەسڕێتەوە.بەم شێوەیە دەبینین فەرهەنگی زمان ڕۆژ بەڕۆژ لە گۆڕاندان بە بێ ئەوەی ئەم گۆڕانانە هیچ کاریگەرییەکی هەبێت لەسەر ساختار و بونیادی زمانەکە.

بەم شێوەیە کاتێك زمانەوانێك دەربارەی زمان لێکۆڵینەوە دەکات زیاتر گرنگی و بایەخ دەدات بە سیستەمی دەنگی و ڕێزمانی ئەو زمانەو کەمتر بایەخ بە لایەنی فەرهەنگی و بونیادی وشەکان دەدات.زمانناسان لەو بڕوایەدان ئەوەی کە زمانێك جیاواز دەکات لە زمانێکی تر بونیادی زمانەکەیەو بونیادیش تایبەتە بە سیستەمی دەنگی و رێزمانییەوە. فەرهەنگی زمان بەبڕوای ئەوان بونیادێکی سەقاکگیری نییە .کاتێك زمانە جیاوازەکان لەو گۆشەنیگایەوە بەراورددەکەین،پێوەرێك بۆ پیشاندانی لاوازی یان ناتەواوی زمانەکان پەیدا ناکەین چونکە دواکەوتووی یان پێشکەوتووی کەلتووری نەتەوەکان لە بونیادی دەنگی یان ڕێزمانی زمانەکاندا ڕەنگناداتەوە. لە ئەمڕۆدا لە هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیدا زمانێك نادۆزیتەوە کە بتوانی بەراوردی بکەیت بە زمانەکانی تر و بڵێی کامیان پێشکەوتووتر و کامیان دواکەوتووترە.هەموو زمانەکان پێکدێن لە کۆمەڵە دەزگایەکی پەیوەندیکردنی ئالۆز کە دیسپلینێکی ڕێك لە نێوانیاندا هەیە کە سەرچاوەی گرتووە لە هەزاران ساڵ گۆڕان و نوێبوونەوە.هەموو ئەم زمانانە کۆمەڵە سیستەمێکی چالاك و کاران.تەنها شتێك کە لەئەنجامی بەراوردکردنەوە دەتوانین بڵێین ئەوەیە کە هەموو زمانەکان بەبەراورد بەیەکتری جیاوازن لە یەك.زمانناسان تاوەکو ئێستا هیچ بەڵگەیەکیان نەدۆزییەتەوە کە ئەوە پیشان لە نێوان کەلتور و شارستانیەتی نەتەوەیەك و جۆری بونیادی زمانەکەیاندا پەیوەندی هەیە.

بەڵام لە نێوان فەرهەنگی زمان و كەلتور و شارستانیەتی كۆمەڵگادا پەیوەندیەكی زۆر بەهێز هەیە تاوەكو ئەو جێگایەی كە دەتوانین بڵێین فەرهەنگی زمان ڕەنگدانەوەی كەلتووری ئەو خەڵكەیە كە قسەی پێدەكەن.كەواتە ئەگەر لەو دەستەواژەی سەرەوە لە بری وشەی (زمان) دەستەواژەیەكی تری وەكو (فەرهەنگی زمان) بەكاربهێنین و بڵێین:(فەرهەنگی زمان ئاوێنەی كەلتووری ئەو خەڵكەیە كە ئەو فەرهەنگە بەكاردەهێنن)،ئەوكاتە زمانناسان و مرۆڤناسان لەسەر ڕاستی وتەكەمان پشتگیریمان دەكەن.فەرهەنگی زمان ئەو ناوەیە كەقسەكەرانی هەر زمانێك دەینەن بە هەموو ئەو كەرەستەو مادە و پێداویستیانەی كە لە ژیانی ڕۆژنەدا بەكاریدەهێنێن ئەگەر هاتوو هەر وشەیەك لە زمانێكدا هەبوو ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەو دیاریدەیەی كە ئەو ناوەی لێنراوە لە كۆمەڵگادا بوونی هەیە،بۆنموونە وشەی (هەوە)لە فەرهەنگی زمانی فارسیدا ناوێكە بۆ دیاریدەیەك بەناوی فرەژنیەوە كە پێش ماوەیەك بەشێوەیەكی بەرچاو بەكاردەهێنرا ئێستاش هەیە بەڵام بەشێوەیەكی سنووردار ، لە ئێستاشدا بەپێی یاسا ڕێكخراوە .كاتێك پێداویستیەكانی ژیان زیاتر لە ڕێگەی كەرەستەیەكەوە بەدەست بێت ئەوا چەند وشەیەكی زۆر بۆ ئەو كەرەستەیە دروستدەكرێت .لەبەرئەوەی خواردنی خورما لەلایەن خەڵكی(جهرم)ەوە بایەخێكی زۆری هەبوو لە شێوەزاری (جهرم)دا كۆمەڵە وشەیەكی زۆر بۆ ئەو خواردنە و بۆ درختی خورما و ڕێگاكانی بەرهەمهێنان و چاندنی دانراوە كەچی لەشێوەزاری تاران یان ئیسفەهان بەو شێوە فراوانە نییە.بەهەمان شێوەش لای ئەو خەڵكانەی كە لە بیابانەكاندا دەژین چەندین وشە بۆ گیانلەبەری (حوشتر)و پێداویستیەكانی هەیە بەپێچەوانەی ئەو خەڵكەی كە لە كەنار دەریاكاندا دەژین كە جۆرەها وشەیان هەیە لەبەرامبەر ئەو كەرەستە و ئامێرانەی كە بۆ ڕاوكردنی ماسی و بەخێوكردنی بەكاردێن.لە مەكسیكدا گەلێك هەیە لە فەرهەنگی زمانەكەیاندا هیچ وشەیەك بۆ دەستەواژەی(بەفر )نییە

چونکە لەو جێگایەی کە ئەوان تیایدا دەژین شتێك نییە بە ناوی (بەفر)ەوە و هەرگیز بەفریان نەبینیوە.هەروەها هیچ وشـــەیەکیان نییـــە لەبەرامبـــەر داریدەی(تەڵاق)چونکە لە دابونەریتی ئەواندا تەڵاقدان بوونی نییە.بەڵام لەبەرئـــەوەی بـــەفر لـــە ژیـــانی (ئەسکیمۆ)کادا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە بۆیە چەندین وشەیان هەیە بۆ بەفر و جۆرەکانی بەفر.هەزاران نموونەی لەم شێوەیە هەیە کە هەموو ئەمانە ئەوە دەردەخـەن کـە چـۆن دیاریدەکانی کەلتووری کۆمەڵگایەك لە فەرهەنگی زمانی ئەو کۆمەڵگایەدا ڕەنگدەداتەوە و ڕاستێتی دەدات بەو دەستەواژەیەی کە دەڵێـت: (فەرهـەنگی زمـان ئاوێنـەی کەلتووری ئەو کۆمەڵگایە)یە.

هەروەها فەرهەنگی زمان ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو گۆڕانکارییانەیە کەبەدرێژای مێـژوو لـــە کـــەلتووری کۆمـــەڵگادا ڕوودەدات.بۆ تێگەیشتن دەربارەی ئەو پەیوەندییە سەرەتا پێویستە ئاماژە بۆ چـەند خاڵێـك دەربـارەی کـەلتووری کۆمـەڵگا بکـەین.کـەلتووری هـەر کۆمەڵگایـەك لـە دوو بـەش پێکـدێت: دیاریـــدەی مـــادی ودیاریـــدەی مەعنەوی.هەموو ئەو کەرەستانەی کە کۆمـەڵگا ڕۆژانـە ژیـان پێدەبەنەسـەر بریتین لە لایـەنی مـادی ،بـەڵام بـەها کۆمەڵایەتییـــەکان و بیرکردنـــەوە و جیهانبینییـەکان و نموونـەی ئەمانـە هـەموو دەچـنە خانـەی کەرەسـتە مەعنەوییـەکان.هـەموو کەرەسـتە مـادی و مەعنەوییـەکان پێکـەوە کـــــەلتووری کۆمـــــەڵگا پێکدێنن.بەهەریەکە لەم بوارانەش چ مادی بێت یان مەعنەوی دەگوترێت کـەلتوور. بـەم شـێوەیە بـۆ نموونـە (ئۆتۆمبیـــــل)کەرەســـــتەیەکی مادییە،بـــەڵام درووســـتبوونی پەیوەنـدی ژن و مێردایـەتی یـان بـاوەڕە بـە فـلان بابـەتی فەلسەفی جۆرێکـــە لـــە کەرەســـتە مەعنەویـەکان.دیاریـدە مادییـەکانی کۆمـــەڵگا بنـــەڕەتی دیاریـــدە مەعنەویەکانن،بـــە واتاییـــەکی تـــر دیاریدە مەعنەوییەکان لەسەر پایەی دیاریـــــدە مادییـــــەکان بونیـادنراون.هەرکـەی گۆڕانکارییـەك لـە بونیـادی کەرەسـتە مادیـەکانی کۆمـەڵگا بـەدیبێت زوو یـان درەنـگ کاریگـەری دەبێـت لەسـەر بونیـادی کەرەستە مەعنەوییـەکان و ئـەوانیش دووچاری گۆڕانکاری دەبن هـەردووی

ئەمانەش ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر فەرهەنگی زمانی ئەو كۆمەڵگایە.بەم شێوەیە كە وشەیەك زیاددەكات ،دواتر دەمرێت و لەناودەچێت.سەرهەڵدانی وشەكان زۆر خێراتر و توندترە لە لەناوچوونی وشەكان، هەمان جیاوازیش لە بنەما كەلتووریەكاندا دەبینرێت: بۆ نموونە كەرەستەیەكی وەكو ئۆتۆمبیل لەوانەیە لەیەك كاتدا بێتە ناو كۆمەڵگاوە بەڵام زۆری پێدەچێت تاوەكو كەرەستەیەكی وەكو گالیسكە و ئامێرەكانی تری باربردن لەناوبچێت .بەم شێوەیە وشەیەكی وەكو (ئۆتۆمبیل) بەخێرایی دێتە ناو فەرهەنگی زمانەوە بەڵام كاتێكی زۆر دەخایەنێت تاوەكو وشەیەكی وەكو(گالیسكە) لە فەرهەنگی زمانەكان لەناوبچێت.وە هەروەها ئەو گۆڕانكاریانەی كە لە كەرەستە مەعنەوییەكانی كۆمەڵگادا ڕوودەدات زۆر لەسەرخۆترە لەو گۆڕانكارییە مادییانەی كە لەكۆمەڵگادا ڕوودەدات،بۆیە ئەو دەستەواژانەی كەتایبەت بەو بوارەوە زۆر بە هێواشی توشی گۆڕانكاری دەبن.بۆنموونە دەتوانین بڵێین ئەم وشانەی خوارەوە لەفەرهەنگی زمانی فارسیدا نەماون چونكە مەیدانی كەلتووری ئەو وشانە بوونی نەماوە و مردووە(كێشكچی شەوانە، داروغا،سوخمە،چوارقەد، سەرداری)بە پێچەوانەی ئەم وشانەوە هەندێك وشەی نوێ سەریانهەڵداوە چونكە هەندێك كەرەستەی نوێ سەریهەڵداوە و پێویستی بە وشەیەك هەیە بۆئەوەی پێی بناسرێتەوە بۆ نموونە: (پاسەوان ،ئەفسەری پاسەوان،دادگەری، دادنووس،بیمەگەر،شارەوانی، پارێزەر و وەزیر و ڕاوێژكار و وەكیل...)وەهەروەها هەندێك وشەی تر لە فەرهەنگا بوونیان ماوە بەڵام لایەنی واتایی خۆیان گۆڕییوە چونكە ڕۆڵێیان لە كۆمەڵگادا گۆڕاوە .بۆ نموونە دەستەواژەی (تەڵاق) ئەم وشەیەساڵانێكە لە فەرهەنگی زمانی فارسیدا هەیە بەڵام دوای دەركردنی یاسایەك لەو بارەیەوە بە ناچاری باری واتایی خۆیان گۆڕیووە.

ئێستاش كە ڕەوتی قسەكانمان گەیشت بە ئێرە بۆیە دەمەوێت پرسیارێكی تر بكەم كە تایبەتە بە باسەكەوە:ئێمە بەبەردەوامی ئەوە دەبیستین كە دەڵێن زمانی فارسی

ڕووبـەڕووی هێرشـی زمانـەکانی تـر بووەتەوە،ئایا ئەم وتەیە حەقیقەتە یان ئایا لەبنەڕەتدا شتێك هەیە بە ناوی هێرشـی زمـان بۆسـەر زمـانێکی تـر ؟بەدڵنیاییـەوە دەتـوانین بڵـێین نەخێر.لەڕاستیدا لەم بوارەدا بابەتێك هەیە بەڵام کردنی پرسیار بەو شێوەیە ناڕاستە.هیچ کاتێك زمانێك ناکەوێتە بەر هێرشـی زمـانێکی تـر بـەڵام کـەلتوور و شارسـتانیەتی کۆمەڵگایـەك دەکەوێتـە ژێر کاریگەری کـەلتووری کۆمەڵگایـەکی ترەوە .ئەگـەر هـاتوو ڕووداوێکی وەهـا ڕووبـدات کاریگـەری ئـەو هێرشـە یـان هێرشی کەلتووری بەشێوەی خواستنی دەرەکـی لەزمانـە یەکەمەکـەدا دەردەکەوێـت.بـەڵام دەرکـەوتنی ئـەو وشـە بیانیانـە لـەناو زمانەکانـدا نابێـت تـەنها بیبەسـتینەوە بـە بـواری زمانەوانییەوە،بـەڵام دەبێـت ئـەو دیاریدەیە لەچوارچێوەیەکی فراوانتری پێـشڕەوی کەلتووریـدا ببیـنین لـە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر.

هەر کۆمەڵگایەك جگە لـەوەی هەمیشە لـەناوخۆدا لـە گۆڕانکاریدایە،بـەهۆی بەریەککەوتنی لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تردا هەمیـشە ڕووبـەڕووی گـۆڕان دەبێتەوە.کاتێك دوو کۆمەڵگا بە هەموو جیاوازییـە جوگرافیـایی و سیاسـی و ڕەگەزییەکانیانـەوە پەیوەنـدی دروسـتدەکەن لـە نێـوان یەکتریدا،کەرەسـتە کەلتووریەکانیشیان لەگەڵ یەکتریدا پەیوەنـدی درووسـت دەکـەن.بنـەما کەلتووریـەکانی کۆمەڵگایـەك کـە لـە ڕووی ئابووری و مـادی و سیاسیەوە باڵاترە لە کەلتووری کۆمەڵگایەکی تر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆی پێشڕەوی دەکاتـە نـاو فەرهەنگەکەیـەوە .هەڵبەتـە دەبێـت ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکـەین ئـەم پێـشڕەوی و خـستنە ژێرڕکێفـی خۆیـەوە هەمیـشە یـەك لایەنانـە نییـە، هەنـدێك جـار لـەو کۆمەڵگایەی کـە خـاوەنی کـەلتوور و شارسـتانیەتێکی دواکـەوتووترە هەندێك کەرەستە و بنەما دەچنە ناو کـەلتووری ئـەو کۆمەڵگایـەی کـە خاوەنی کـەڵتوور و شارستانیەتێکی پێشکەوتووترە .بـەڵام بەشێوەیەکی گـشتی ڕەوتەکـە لەسـەرەوە بـۆ خوارەوەیـە ،واتـە کاریگـەری کۆمەڵگای پێشکەوتوو زیاترە لەسەر کۆمەڵگا ئاست نزمترەکە.لە ئـەمڕۆدا ئـەو کۆمەڵگایانـەی کـە لـە ڕووی ئابوورییـەوە لەئاستێکی بـاڵاتردان و

لـــــەڕووی سیاســــیەوە بـــــەهێزترن کاریگـــەریان لەســـەر کۆمـــەڵگاکانی تـــر زیاترە.کاتێك کۆمەڵگایـەك کـە هەنـدێك کەرەســـتەی کـــەلتووری و مـــادی لـــە کۆمەڵگایەکی ترەوە وەردەگرێت زمان بەشێوەیەکی سروشتی دەستەواژەیەك پەیدادەکات .بەڵام کاتێك ئـەو بنـەما و کەرەستانە بەشێوەی خواستن و کـاتی بێت ئەوا سەرەتا هیچ وشەیەك نییە بۆ ناونانی ئەو کەرەستە و بۆ پڕکردنەوەی ئـەو بۆشـایەش دەگەڕێتـەوە بـۆ زمـانی ئـەو کۆمەڵگایـەی کـە وشـەکەی لێـوە وەرگرتـووە بـەم شـێوەیە کـە وشـەی بیانی دێتە ناو زمانەکانەوە و ئـەو وشـە بیانیانە بایەخ پەیـدادەکات.بۆیـە ئـەوە دەردەکەوێت کە بوونی وشەی بیانی لـە زمانەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ڕەنگدانەوەی هێرشی کـەلتووری کۆمەڵگایـەك بۆسـەر کۆمەڵگایەکی تر.

لێـــرەدا دەتـــوانین پرســـیارێکی تـــر بکـــەین:ئـــەویش ئەوەیـــە کـــە زۆرجـــار دەبیستین دەگوترێت:(زمانی فارسی بۆ دەربـــڕینی چـــەمکە زانـــستییەکان بـــێ توانایـە) ئایـا ئـەم گوتەیـە ڕاسـتە؟ لـە وەڵامدا دەبێت بڵێین کردنی پرسیارەکە بەم شێوەیە گومڕاکەرانەیـە.ئەگـەر لـە بری (زمـانی فارسـی) بڵـێین(فەرهـەنگی زمـــــانی فارســــــی)و لـــــــەبری (بێتوانایە)بڵێین (بەگوێرەی پێویست نییە) لەوکاتـەدا دەبێت بڵـێین بـەڵێ ڕاستە(فەرهـەنگی زمـانی فارسـی بـۆ دەربـــڕینی چـــەمکە زانـــستییەکان توانـــای پێویـــستی نییـــە)ئەمـــەش لەنگییەك نییە کە تەنها تایبەت بێت بە زمانی فارسییەوە .فەرهەنگی هەر زمانێك وەڵامدانەوەی ئەو دیاریدانەیە کەلــــــە نــــــاوخۆی کۆمــــــەڵگادا سـەرهەڵدەدات.هـیچ فەرهـەنگێك لـە هیچ زمانێکدا بۆ دەربڕینی ئەو چەمك و دیاریدانە توانـای پێویـستیان نییـە کە لە فەرهەنگی کۆمەڵگاکانی ترەوە هاتووەتە نـاو کۆمەڵگاکەیـەوە بـەڵام دەتوانێـــــــت ئـــــــەو بـــــــوارەش پەرەپێبدرێت.لەبەرئـەوەی هەریەکـە لـــە چـــەمکەکانی (تێرمـــۆ دینامیـــك، فیزیـــك ، کیمیـــا، ئەتۆم،هایـــدرۆ ئـــەلکتریك)لـــە فەرهـــەنگێکی تـــرەوە گەشـــــەی کـــــردووە و بەیـــــەکجار هاتووەتـــــە نـــــاو فەرهـــــەنگی زمانەکەمانـــەوە ناچـــار فەرهـــەنگی زمانی فارسی ناتوانێت پێی بـە پێـی ئەوانـــە گەشـــەبکات و بیخاتـــە نـــاو فەرهەنگەکەیـەوە.بـەڵام ئەمـە تـەنها زمانی فارسی نییـە کـە لـەم بـوارەدا

لاوازی هەیە.ئەگەر بڕیاروابێت چەمکی (سۆفیگەری)کە لەسەر زەوییەکانی ڕۆژهەڵاتەوە سەریهەڵداوە و زمانی فارسی لەو بوارەدا خاوەنی چەمکێکی زۆرە بە زمانی ئینگلیزی یان هەر زمانێکی تر دەری بڕیت بەهامان ئەندازەی زمانە ڕۆژهەڵاتەکان کەم توانان.هەر بۆ نموونە بۆ وەرگێڕانی وشەی(مەی)دووچاری چ کێشەیەك بوونە.

ئێمە تا ئێرە هەوڵمانداوە چەند بابەتێك کە باسکردنیان پەیوەندی هەیە بە زمان و کۆمەڵگاوە لێکبدەینەوە و باسی بکەین.ئەو بابەتانەی کە دەچنە ئەم بوارەوە واتا لێکدانەوەی ئەوانە لە ڕووی زمانناسی و کۆمەڵناسیەوە زۆرو جۆراوجۆرن.لێکدانەوەی ئەم بابەتانە تایبەتە بەزانستێکەوە کە لەمدوایانەدا جێی گرنگی پێدان و بایەخ پێدانی لێکۆڵەرەکانە واتا زانستی زمانناسی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵناسی زمان.ئێمە لە درێژەی ئەم باسەدا هەوڵدەدەین ئاوڕ لە یەکێکی تر لە بوارەکانی زمانناسی کۆمەلایەتی واتا پەیوەندی نێوان و وەچەزار و شێوەزار ربدەینەوە.

هەر زمانێك دەتوانێت بە دوو شێوە خۆی دەربخات:بەشێوەی قسەکردن و بەشێوەی نووسین.ئێمە لێرەدا هەرچی دەڵێین دەربارەی قسەکردنەوە و هیچ شتێك دەربارەی نووسین نالێین.زمان کەرەستەیەکی بەرجەستە نییە ،زمان چەمکێکەو تەواو.ئەوەی دەبیسترێت و دەبینرێت قسەی قسەکەرانی زمانەکانە.کاتێك قسەی قسەکەرانی یەك زمان بەراورددەکەین بەیەکتری دەبینین جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا تاوەکو ئەو جێگایەی کە دەتوانین بڵێین تەنانەت دوو قسەکەری زمانێك پەیدانابن کە بەتەواوی و بە بێ جیاوازی وەکو یەك قسەبکەن.کەواتە دەتوانین بڵێین قسەی هەر کەسێك بە پێی ئەو جیاوازیانەی کە لەگەڵ یەکتریدا هەیانە دەبێتە شێوەزاری ئەو کەسە.بەم پێیە دەتوانین شێوەزارەکانی تاکەکەس لە گروپی گەورەتردا ڕیزبەندی بکەین.گرنگترین پێوەری ئەم ڕیزبەندییە شوێنە، واتا دەتوانین بە پێی ناوچە و شوێنی نیشتەجێبووی ئەو کەسە شێوەزارەکەی دیاریبکەین و هەر شێوەزارێك بۆ ناوچەیەك دابنێین.ئەم

شێوەیە لە زمانی فارسیدا شێوەزارەکانی وەکو تارانی و ئیسفەهانی و شیرازی و یەزدیمان بۆ ڕووندەبێتەوە.یەکێکی تر لەو پێوەرانەی کە دەتوانین ڕیزبەندی بکەین لە نێو شێوەزارەکاندا چینی کۆمەڵایەتییە کە قسەکەرانی ئەو زمانە پێیوە پەیوەستن.لە کۆمەڵگایەکدا کە چینە کۆمەڵایەتییەکان بەتەواوەتی یان بەشێوەیەك لێك جیاوازن ڕووبەڕووی بوونی شێوەزاری جیاواز دەبینەوە کە بونیادێکی ئابووری- کەلتووری هەیە.چەند پێوەرێکی تر بۆ ڕیزبەندی شێوەزارەکان هەیە کە بەبەراورد بە پێوەرەکانی پێشوو لاوازترن بۆیە ئێمە باسی ئەو پێوەرانە ناکەین.

بەپێی ئەوەی کە گوتمان ئێمە ئیشمان لەگەڵ شێوەزارە تاکەکەسیەکاندا هەیە.ئەم شێوەزارانەش دەبنە گروپی گەورەتر و شێوەزارە ناوچەییەکان و شێوەزارە کۆمەڵایەتییەکان بەدەستدێت.زمان کەرەستەیەکی هەستپێنەکراوە کە لەهەموو ئەم چەمکانە پێکدێت.هەندێك جار دوو شێوەزار بەئەندازەیەك لێك دوور و جیاوازن لەیەکەوە هەستناکەی ئەم دووانە سەر بەیەك زمانن.لێرەدا چەند پێوەرێك هەیە کە بۆ دۆزینەوەی وەڵامێك دەتوانێت یارمەتیمان بدات.سەرەتا ئەوەی ئەگەر دوو شێوەزار سەربەیەك زمان بن دەبێت قسەکەرانیان بتوانن بە بێ فێرکردن بەلایەنی کەمەوە بتوانن لێك تێبگەن.دووەم:بۆچوون و ڕوانگەی قسەکەران زۆر گرنگە کە بە ئێمە بڵێن کە ئایا بە دوو زمانی سەربەخۆ قسەدەکەن یان دوو شێوەزاری یەك زمان بەکاردەهێنن.هەڵبەتە جگە لەو دوو پێوەرەی سەرەوە چەند پێوەرێکی تری زمانناسی بونیادی هەیە کە دەتوانین سودی لێوەربگرین.

لەسەرەوە ئەوامان گووت کە ئەگەر هاتوو دوو شێوەزار بەشێوەیەك لەیەکەوە دوور بن کە بەرامبەرەکەت لێت تێنەگات ئەو کاتە دەتوانین بڵێین ئەوە دوو زمانی سەربەخۆن،بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئەو شێوەزارە چەند قسەکەری هەیە یان تاچ ئەندازەیەك لە ئەدەبیاتی ئەو زمانەدا ڕەنگی داوەتەوە.بەلاّم دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ئەمانە پێوەرێکی زمانناسین و لەڕووی پراکتیکیەوە

ڕووبەڕووی کێشەدەبنەوە.بەو پێیەی کە زمان پەیوەندی هەیە لەگەڵ سەربەخۆی نەتەوەکان و سنورە سیاسیەکان وهەندێك بواری تر کە پەیوەندی بە زمانەوە نییە،باسکردنی هەمیشە دەچێتە خانەی نەتەوایەتی و کاردانەوە دەروونیەکانەوە بۆیە پێوەرە زمانناسیەکان هەمیشە تەنها پێوەرنابن بۆ جیاکردنەوەی سنووری نێوان زمان و شێوەزار.بۆنموونە خەڵکە ڕۆشنبیریەکەی سوید و نەرویج و دانیمارك بەئاسانی لەیەك تێدەگەن.بۆیە بەپێی پێوەرە زمانناسیەکان بە سێ شێوەزاری یەك زمان قسەدەکەن.بەڵام ئەوان بەهۆی سنورە سیاسیەکانیانەوە قسەکانی خۆیان بەناوی زمانی سویدی و زمانی نەرویجی و زمانی دانیمارکیەوە دەناسێنن.هەروەها لە سەرسنورەکانی نێوان ئەڵمانیا و هۆڵەندا خەڵکی بەشێوەیەك وەکو یەك قسەدەکەن کە وا هەستدەکەی خاوەنی یەك زمانن بەڵام وەکو دەزانین ئەوان لەدوو سنوری سیاسی جیاوازدا دەژین و زمانەکەشیان ئەڵمانی یان هۆڵەندییە.

لەهەندێك لە دەوڵەتەکاندا یەك زمانی فەرمی هەیە بۆنموونە وەکو فەرانسا و ئێران،کەچی جۆرە زمانیك دەبینیت بە پێی هەموو پێوەرە زمانناسییەکان بە زمانێکی سەربەخۆ دادەنرێن،بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە ڕابردوویەکی دوور یان نزیکدا پەیوەندیان بەیەکەوە هەبووە. بەڵام لەبەرئەوەی هەریەکە لەم شێوەزارانە لەچوارچێوەی سنوورێکدان و زمانێکی فەرمی نین و ڕیشەیەکیان نیە لە ئەدەبیاتدا لەگەڵ زمانی فەرمی دەوڵەتدا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پایەیەکیان نییە. لە دەوڵەتەکاندا خەڵکی پێیان باشە دەستەواژەی زمان تەنها بۆ زمانی فەرمی دەوڵەتەکەیاندا بەکاردەهێنن و ناوێکی تر دەنێن لەو زمانە.لەزمانی فەرەنسیدا پێی دەگوترێت(patois) و لەزمانی ئێرانیشدا دەشتەواژەی (گویش-شێوەزار)ی بۆبەکاردێن.بەم شێوەیە بەهەریەکە لە (کوردی و گیلکی و مازەندەرانی و بلوجی )دەگوترێت (شێوەزار).

لێرەدا دەتوانین پرسیارێکی تر بکەین.زۆرێك باس لە (زمانی ستاندار) دەکەن ،بە چی زمانێك دەوترێت زمانی ستاندار؟پێش

ئەوەی وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوە پێویستە باس لە پرسیارەکە خۆی بکەین.ئەگەر مەبەست زمانی فەرمی دەوڵەت بێت ،ئەو کاتە دەبێت بگوترێت زمانی فەرمی و قسەکردن لەسەر زمانی ستاندار شتێکی بێ مانایە.بەڵام مەبەستی کەسانێك کە ئەم جۆرە پرسیارە دەکەن شێوەزاری ستانداره و زمانی ستانداریش کە ئێمە شێوەزاری بالآتری پێدەڵێین بۆخۆی جێی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی زۆرە.لە زۆرێك لەو دەوڵەتانەی کە یەك زمانی فەرمیان هەیە بەشێوەیەکی گشتی یەك یان هەندێکجار دوو شێوەزاری ئەو زمانە بایەخی کۆمەڵایەتی زیاتریان هەیە و بۆ قسەکەرانی دەبێتە سەرمەشق.بایەخ و گرنگی ئەم شێوەزارەش لە خۆوە نەهاتووە بەڵکو بەهۆی پێشینەیەکی مێژووی و کەلتووری ئەو شێوەزارەوەیە.

لێکدانەوەی شێوەزاری بالآتر و پەیوەندی ئەو لەگەڵ شێوەزارەکانی تر لە کۆمەڵگایەکی زمانیدا و کاردانەوە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی قسەکەران بەرامبەر بە یەکتری بابەتێکی ئاڵۆز دێنێتە ئاراوە کە هەندێکجار تایبەتە بە یەك دەوڵەتەوە و دەبێت لە ڕووی جیاجیاوە قسەی لەسەربکەیت.بۆ نموونە لە فەرەنسا ئەگەرچی شێوەزاری پاریس شێوەزاری بالآیە بەڵام شێوەزارەکانی (کەناری باشور)یش خاوەنی بایەخ و گرنگییەکی زۆرە.لە ئەمریکا بەهۆی فراوانبووی ڕووبەری دەوڵەتەکەوە چەندین شێوەزار ئاستێکی بالآیان هەیە،لەگەڵ ئەمەشدا شێوەزاری (بۆستن) لە ئاستێکی بەرزی کەلتووریدایە،لە کاتێکدا شێوەزارەکانی(باشور) و بەتایبەتی شێوەزاری (تەکساس)بایەخ ومتمانەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆی نییە.ئەگەرچی ڕەشپێستەکانی ئەمریکا لە ویلایەتەکاندا بەربڵاوبوونەتەوە بەڵام بەشێوەزارێك قسەدەکەن کە ڕێگامان پێدەدات بە شێوەزارێکی سەربەخۆ دایبنەین بەشێوەیەك کە قسەی ڕەشپێستەکان پێش ئەوەی پەیوەستی ئەوان پیشانبدات بە سنورێکی جوگرافییەوە دیاریکەری ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەوانە.لە بەریتانیا لەبەر ئەوەی بەریتانییەکان زۆر هەستیارن بەرامبەر شێوەزارەکان بۆیە

بابەتەکە زۆر ئاڵۆزترە.بەریتانیا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە چەندین نموونەی سەیر لە شێوەزارە کۆمەڵایەتییەکاندا دەدۆزینەوە.گەورەترین جیاوازی شێوەزارە چینایەتیەکان لەشاری لەندەندا هەیە.ئەو چینە کەم دەرامەت و نەخوێندەوارەی کە لە لەندەندا دەژین خاوەنی شێوەزارێکن پێی دەگوترێت(کاکنی)(cockney) .کاکنییەکان کە لەهەموو ناوچە هەژارنشینەکاندا دیاردەکەون بەلام ناوچەی دیاری ئەوان کەنارەکانی رۆژهەلاتی (تایمز).کاکنی ناشرینترین شێوەزاری کۆمەلایەتی بەریتانیایە بەشێوەیەك کە بیستی ئەو شێوەزارە بۆ هەندێك لە چینەکان شەرمهێنەرە.بەلام لە کەنارەکانی رۆژئاوا کە بەزۆری خەلکی دەولەمەند و سەرمایەدار دەژین خاوەنی شێوەزارێکن کە پێی دەگوترێت شێوەزاری لەندەن.ئەم شێوەزارە خاوەنی گرنگیەکی زۆری کۆمەڵایەتییە کە لەسەرانسەری دەوڵەتدا گرنگی و متمانەی زۆری پێدەدرێت.سەرەڕای شێوەزاری لەندەن شێوەزارەکانی (کامبریج و ئۆکسفۆرد) بایەخێکی کۆمەلایتی و کەلتووری زۆری هەیە و وەکو سەرمەشقێکە بۆ شێوەزارەکانی تر.لە نێوە شێوەزارە ناوچەییەکانی تردا شێوەزاری ئیسکاتلەندی لەگەڵ بوونی ئەو هەموو ناکۆکیەی کەلەگەڵ شێوەزارەکانی تردا هەیەتی بەلام خاوەنی متمانەیەکی زۆرە لەڕووی کۆمەلایەتییەوەبەلام شێوەزارەکانی (لیڤەرپول و مانچستەر ،بیرمەنگام ،لیدز...)بایەخی کۆمەلایەتیان نییە و لەلایەن چینە باڵەکانی دەولەتەوە قبوڵکراو نییە.لە بەریتانیا پەیوەندی لە نێوان چینە باڵاکانی دەبێتە هۆی یەکپارچەیی شێوەزارەکان و مەودا جوگرافیاییەکان لەنێودەچن،واتا کەسێکی مەنچستەری یان لیڤەرپولی یان لیدزی ئەگەر لە چینەبالاکان بێت ئەوا بە شێوەزاری ئۆکسفۆرد و کامبریج قسەدەکات ئەگەر چی لەوانەشە هیچ کاتێك لەو جێگایانەدا نەژیابێت.لە بەریتانیا ئەو کەسانەی کە لە چینە بالاکانن دەتوانن لە هەر شارێکدا بژین منداڵەکانیان بنێرن بۆ ئەو قوتابخانە تایبەتیانەی کە لەوێدا هەن و بەپارەیەکی زۆر خوێنکار تیایدا دەخوێنێت بۆ ئەوەی هەر لەمنداڵییەوە شێوەزارە بالاکان

فێـربن و شـێوەزارە ناوچـەییەکان لـە هزری نەوەکانیاندا نـەهێڵن. لەبـەریتانیا شێوەزار پێش ئەوەی وەکو پێـوەرێکی جوگرافیایی بێت،پێوەرێکی کۆمەڵایەتی هەیە،کـەمتر کەسـێك دەتوانێـت بـە شێوەزارە ناوچەییەکان یان کاکنییـەوە بگـات بـە پۆسـتێك و سـەرکەوتنێکی کۆمەڵایەتی و کاری بەدەستبهێنێت، بە بـێ ئـەوەی ناچـاربکرێت واز لـە شـێوەزاری ناوچـەیی بهێنێـت و دەستبکات بە بەکارهێنانی شێوەزاری باڵا.

لە ئێرانـدا شـێوەزارە کۆمەڵایەتیـەکان دیاریکـەری ئاسـتی چینایەتی نییـە.لـە ئێران شێوەزار پێوەرێکی جوگرافیاییـە کە بە پلەی یەکەم شوێنی لـەدایکبوون دیاریکـەری شـێوەزارە نـەك چـینی کۆمەڵایەتی و جۆری خێـزان.لـە ئێرانـدا شێوەزاری باڵا شـێوەزاری تارانـە بـەڵام کاردانـەوەی شـێوەزارەکانی تـریش بەتونـدی نییـە.لـە زۆربـەی زانکۆکـانی ئێراندا چەندین مامۆستا و دکتـۆر هەیـە کە بەشێوەزاری شیرازی و ئیسفەهانی و یەزدی قسەدەکەن بەبێ ئـەوەی هـیچ کاتێك ئەو شێوە قسەکردنە هیچ لە ڕێـز و بایـەخی ئـەو کەسـانە کەمبکاتـەوە.لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشدا نابێت وا بیربکەینەوە کە دوژمنایەتی لـە دژی شـێوەزارەکانی تـر بـوونی نییـە.لـە ئـەمڕۆدا تـاران لـەڕووی سیاسی و ئابووری و کەلتووریەوە لە پێشکەوتن و بەهێزببوندایـە بۆیـە بـە هـەمان ئەنـدازەش شـێوەزاری تـاران هەوڵی خـۆ سـەپاندن دەدات بەسـەر شێوەزارەکانی تردا.لەم نێوەندەشدا ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنـەکان ئـەم خۆسـەپاندنە زیـاتر پەرەپێـدەدەن.بۆنموونـە زۆربـەی بێـژەرەکانی ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنـەکان (تاران)ین یان ئەگـەر تـارانیش نـەبن ئەوا شێوەزاری خۆیان گۆڕیوە و بـە شێوەزاری تـارانی قسەدەکەن.جگـە لـەو بەرنامـەی کـە بەتایبـەتی بـۆ مەبەسـتی پیـشاندانی مـۆرکی ناوچـەیی بـە شـێوەزاری ناوچـەکەی خۆیـان بەرنامەکـەیان پێشکەشدەکەن.هەمیشە شێوەزاری تاران شێوەزاری گفتوگۆکردنە.بـەڵام پێشـڕەوی شێوەزاری تاران لـەڕووی پراکتییکیەوە زیاترە.بۆنموونە ئەگـەر کۆمپانیایـەك بیـەوێت کارمەنـدێك دابمەزرێنێت ئەگەر هاتوو لە نێو ئـەو کەسـانەی کـە داواکاریـان پێـشکەشکردووە هـەلی وەرگرتنیـان

یەکسان بێت ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەو کەسە وەردەگیرێت کە بە شێوەزاری تارانی قسەدەکات.ئەو خوێنکارانەی کە لە شارەکانی ترەوە دێنە تاران بۆئەوەی نەبنە جێی گاڵتەی خوێنکارانی تر سەرەتا دەبێت شێوەزاری خۆیان بگۆڕن.

ئێمە لەسەرەوە باسی (شێوەزاری کۆمەڵایەتی)مان کرد کە بۆ ئەو جۆرە زمانە دادەنرێت کە لەگەڵ بارودۆخی ئابووری -کۆمەڵایەتی چینێکی کۆمەڵگایەکدا پەیوەستە.بەڵام زمان کۆمەڵە گروپ و لقێکی هەیە کە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بە ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە نییە.بۆنموونە شێوازی قسەکردنی ئافرەت جۆرە تایبەتمەندییەکی هەیە کە جیاوازە لەگەڵ قسکەردنی پیاوان.لەهەندێك لەزمانەکاندا جگە لە جیاوازی تەنهای نێر و مێ هەندێك دەستووری ڕێزمانی هەیە کە ئەو جیاوازییە دەردەخات.بەرلە هەموو شتێك جیاوازی هەڵبژاردنی وشەکانە.لە زمانی فارسیدا ئەو جیاوازییە زۆر کەمە.بۆنمونە هەندێك دەستەواژەی (وای وای، هەیە ڕۆ ...)تایبەتە بە ژنانەوە.لەبەرامبەریشدا هەندێك دەستەواژە هەیە تایبەتە بە پیاوانەوە.بەکارهێنانی دەستەواژەکانی تایبەت بە ئافرەت لەلایەن پیاوەوە ئەوە ئەو پیاوە بە ژنانی ناوزەد دەکرێت.هەروەها لەبەرامبەریشدا بەکارهێنانی دەستەواژە پیاوانییەکان لەلایەن ئافرەتانەوە ئەو ئافرەتانە بە ئافرەتێکی ڕەفتار وەکو پیاو دادەنرێت.

شێوەزی قسەکردنیش بۆخۆی پیشاندەری ئاستی خوێندەواری ئەو کەسەیە،بۆ نموونە گۆڕینی شێوازی وشەکان و بەکارهێنانی دەستەواژەی زمانە جیاوازەکان لە کاتی قسەکردندا ئەوە نیشاندەدات کە ئەو کەسە خاوەنی توانایەکی زۆرترە لەکەسانی دەوروبەری.

لەنێوان هەر گروپ و پیشەیەکدا دەستەواژە و جۆرە دەربڕینێك و هەندێکجار جۆرە گاڵتەیەك هەیە لە نێوان خۆیاندا کاتێك تێکەڵیان بیت دەبێت هەموو ئەوانە فێربیت.هەندێکجاریش دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە هەندێك لەو گروپانە بە جۆرە زمانێك بۆخۆیان درووست

دەکەن کە خەڵکی تر بەئاسانی لێیان تێناگات.

زمان جگە لەڕۆڵی پەیوەندی کردن لەنێوان تاکەکاندا چەند ڕۆڵێکی تریشی هەیە.زمان هۆکارێکیشە بۆ دەربڕینی هەستی خۆشی و ناخۆشی.کاتێك دوو کەس کە هاوزمانن لەهەمان کاتیشدا هاودڵن.بەدەستهێنانی ڕۆڵی پەیوەندیکردنی زمان سادەترە لە بەدەستهێنانی ڕۆڵی عاتفی زمان.چونکە بەدەستهێنانی لایەنی عاتفی پێویستی بە ڕۆچوونە بەناو کەلتووری کۆمەڵگا یان ئەو گروپەی کە بەو زمانە قسەدەکەن.ئەو خوێندکارانەی کە لەدەرەوە خوێندکارن هەستیان بەو حاڵەتە کردووە،بۆنموونە خوێندکارێك دەتوانێت بۆماوەی چەندین سەعات لەگەڵ ماموستاکەیدا باسی بابەتێکی زانستی بکات بەڵام هەر ئەو خوێندکارە کاتێك دەچێت لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی دادەنشێت ئەوان هەندێك گاڵتە و قسەدەکەن ئەم خوێندکارە بەئاسانی تێیان ناگات.لە بابەتی زانستیدا زمان ڕۆڵی پەیوەندیکردنی خۆی دەردەخات بەڵام کاتێك لەگەڵ هاوڕێیانیدا دادەنشێت ئەوکاتە ڕۆڵی عاتفی خۆی دەردەخات.پێدەچێت بەتێپەڕبوونی کات ئەو خوێندکارە بتوانێت بەئاسانی ئەو ڕۆڵە عاتفیەی خۆی بگێڕێت،زۆرن کەسانێك لەو بوارەدا کێشەیان دەبێت و ناتوانن بەتەواوی بەسەر زمانی ئەو دەوڵەتەدا زاڵبن و لەگەڵ خەڵکەکەیدا ببن بەیەك .ئەوەی کە کەمە نەتەوایەتییەکان لە کۆمەڵگایەکی گەورەدا قسەدەکەن کاتێك کە بە شێوەزارەکانی خۆیان قسەدەکەن تەنها بەهۆی ڕەگەزپەرستی و نەتەوەپەرستییەوە نییە بەڵکو بەهۆی ئەو شێوەزارەوە هەست بە هاودڵی خۆیان دەکەن لەگەڵ یەکتریدا.

ئێمە ئەم باسەمان بە باسکردنێکی کورتی ڕۆڵی (کۆنترۆڵکردنی) زمان دەگەنینە کۆتایی.بۆ هەموو ئێمە ڕۆژانە دێتە پێشەوە کە بۆ ڕازیکردنی ئەوی تر بەڵگە دەهێنینەوە هەوڵدەدەین ئەوان ڕازیبکەن.کاتێك هەوڵدەدەین یەکتری ڕازیبکەین لە ڕاستیدا هەوڵدەدەین ئەویتر بهێنینە سەر بیرەکەی خۆمانەوە و هاوبیریان بکەین و بیروباوەڕیان بگۆڕین.لەو کاتەوەی کە زمان بوونی هەبووە ئەم

ڕۆڵەشی هەر هەبووە.هەڵبەتە کەسانێك هەن خاوەن توانایەکی زیاترن لەهێنانە سەر بیروباوەڕی خۆیان.بەزۆری سیاسەتمەداران و ڕاوێژکاران و وتەبێژان ئەو توانایەیان زیاترە واتا توانای (کۆنترۆڵکردنی زمان )و باشتر سوودی لێوەردەگرن.بەلاَم ڕۆڵی کۆنترۆڵکردنی زمان بە پەیدابوونی هەندێك کەرەستەی وەکو ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ......ڕوویەکی نوێی پەیداکردە و زۆر گرنگتریشە.لە ئێستادا لەسەر ڕووی زەوی لە ڕاستەوە بۆ چەپ،لە ڕۆژئاواوە و بۆ ڕۆژهەلاَت ،لە زەردەوە بۆ سپی وزۆرێك لەدەوڵەتەکان هەوڵدەدەن بەسوودوەرگرتن لە ئامێرەکانی پەیوەندیکردن بۆ خەڵکانی خۆیان ئایدۆلۆژیا دروستبکەن و بیری نوێ بخولقێنن و جۆری بیرکردنەوە و بیروباوەڕیان بگۆڕن.ئەمەش ترسێکە کە هەڕەشە لە بیرکردنەوەی ئازادی مرۆڤایەتی دەکات.ئێمە ئەم وتارەمان بە ئەفسانەیك دەستپێکرددو خراپ نییە بە ئەفسانەیەکیش کۆتایی پێ بهێنین.دەگێرنەوە کەسێك(مارکۆنی)ئەو زانا ئیتالیایی و دروستکەری ڕادیۆی لەخەودا بینییە کە زۆر غەمناك و توورەبووە.کەسەکەش هۆکاری ئەو غەمناکییەی لە مارکۆنی پرسییە.ئەویش وەلاَمی داوەتەوە و گووتوویەتی لە دروستکردنی ڕادیۆ زۆر شەرمەزارم.کەسەکەس لەوەلاَمدا پێی گووتووە تۆ بەدروستکردنی ڕادیۆ توانیووتە هەموو جیهان لێك نزیك بکەیتەوە،ئیتر بۆچی شەرمەزار دەبیت؟ مارکۆنیش لە وەلاَمدا پێی ڕاگەیاندووە من ئەو ئامێرە بەسوودەم دروستکردووە کەچی خەڵکی ئەو ئامێرەی بەکارهێناوە بۆ فریوودان و خەڵەتاندنی خەڵکی،ئەگەر بمزانییایە وای لێدێت هیچ کاتێك کارێکی لەو شێوەیەم نەدەکرد.

* سەرچاوە:کتێبی (مسایل نوین زمانشناسی)

# ئاوەڵکار لە کۆمەڵە شیعری

# (شەڕی چل ساڵە)ی سەباح ڕەنجدەردا

نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

پێشەکی

کۆمەڵـە شیعری (شـەڕی چـل سـاڵە)* ، یەکێکـە لـە کۆمەڵـە شـیعرییەکانی شـاعیری نوێخـواز (سـەباح ڕەنجـدەر). لـە دەسـتپێکی کۆمەڵـە شـیعرەکەیدا ئەزموونی شیعری، یان مانیفێستی خۆی بڵاوکردۆتەوە، دواتـر چـەندین شیعری جـوان و نوێبـاوی خـستۆتە ڕوو، کـە بەهۆیـەوە چـەندین وێنـە و دیمـەنی فـرە ڕەهەنـد، فـرە خوێندنـەوەن، کـە هەمیشە خوێنـەر بـۆ لای خـۆی کەمەنـدکێش دەکـات . ئێمـە لـەم لێکۆڵینەوەیەمانـدا هەوڵمانـداوە لایـەنی زمـانی شـیعریی بەتایبەت بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵکار لە ڕووی واتـاوە لـە شـیعرەکانی دەربخـەین، کـە لێکۆڵینەوەکەمان لە پێشەکییەك و دوو بەش پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمدا، کـە لایـەنی تیـۆری باسـەکەمانە، تێیـدا چـەمك و پێناسـەی ئاوەڵکـار و جۆرەکـانی ئاوەڵکار لە ڕووی واتاوە: (کاتی، شوێنی، چۆنیەتی، چەندێتی، هۆومەبەست، ڕێکخستن، نەرێنی،جەختکردن، دووبارەکردنـەوە ) دەخەینـەڕوو. بـە واتایـەی ئاوەڵکار لە ڕووی پێکهاتن:(سادە، داڕژاو، لێکدراو ) و لـە ڕووی ئـەرك: (نیهـاد، گوزارە، تەواوکەری کاری تەواو، تەواوکەری کاری ناتەواو....) ناخەینە ڕوو . لە بەشی دووەمدا، کـە لایـەنی پراکتیکی لێکۆڵینەوەکەیە،بەهۆیـەوە ئاوەڵکـار لـە کۆمەڵە شیعری (شـەڕی چـل سـاڵە)خراوەتـە ژێـر شیکردنەوەی لایـەنی زمـانی شیعرییەوە، واتە ئاوەڵکارەکان لە پێکهاتەی شیعرەکانی شاعیر دەرهێنراون. لە دوماهیشدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو .

## بەشی یەکەم: ئاوەڵکار و جۆرەکانی

### ١-١: چەمك و پێناسەی ئاوەڵکار

لــە زمــانی کوردیــدا جگــە لــە زاراوەی ئاوەڵکــار، چــەندین زاراوەی تــر بەکارهاتوون، لەوانە: (ئاوەڵکردار، ئاوەڵفرمـان، زەرف، هاوڵکـار، ئـادڤێرب، .... هتــد).هــەموو زاراوەکــانیش هــەمان مەبەســت و واتــا دەگەیــەنن . چــەمکی ئاوەڵکاریش لە زمانی کوردیدا دەکەوێتە نـاو چوارچـێوەی واتـای ڕستەوە، بە واتایەکی تر بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵکار هیچ نیـشانەیەکی مۆرفۆلـۆژی نییـە، تـاکو بەهۆیەوە لە ڕووی ڕووخسارەوە دەست نیشان بکرێت .

نووسـەران و زمانـەوانان چـەندین پێناسـەی جۆراوجۆریـان لـەبارەی ئاوەڵکار خستۆتە ڕوو، بۆیە لێـرەدا ئێمـە هەنـدێکیان دەخەینـە ڕوو، دواتـریش پێناسـەی خۆشمان بۆ ئەم چەمکە دەست نیشان دەکەین :

– تۆفیـق وەهبـی لـە کتێبـی (دەسـتووری زمـانی کـوردی)دا دەڵێـت: (( زەرف کەلیمەیەکە کـە بـۆ تـەواوکردنی مـەعنای فیعلـێ یـا سـیفەتێ یـان زەرفێکـی تـر بەکەڵك ئەهێنرێ))[١].

- نووری عەلی ئەمین لە کتێبی (ڕێزمانی کوردی)دا دەڵێ: ((ئاوەڵکار ئـەو واژەیـە یا ئەو دەستەواژەیە یـا ئـەو پارچـە شـوێن کەوتووەیـە، کـە وەسـفی بەشـێ لـە بەشەکانی ئاخاوتن ئەکا، جگە لە ناو و ڕاناو))[٢].

– محەمەد ئەمین هەورامانی لە کتێبی (سەرەتایێك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی)دا دەڵێت: ((ئاوەڵکردار ئەو وشانەن، کە تاریفی فرمان یاخود ئاوەڵناو دەکەن))[٣].

- د. نەسرین فەخری و د. کوردستان موکریـانی لـە کتێبـی (ڕێزمـانی کـوردی)دا دەڵێن:((ئاوەڵکار ئەو زەرفەیە کە ڕووداوەکەی تێدا ڕوودەدات، واتـە دەبێـت بـە زەرف بۆی، یان ئەو چوارچێوەیەی دەوری دەدات، جـا شـوێن بێـت، یـان کـات بێت یان حاڵ و هەیئەتێکی تایبەتی بێت))[٤].

- کۆردۆیڤ لە کتێبی (ڕێزمانی کوردی)دا دەڵێت: ((ئاوەڵکار لە ڕستەدا چۆنیەتی و کـاتی و شـوێنی ڕوودان دەسـت نیـشان دەکـات، هــەروا لایــەنی چــەندیەتی ڕوودانەك پێشان دەدا ))[٥].

- سـادق بەهائـەدین ئامێـدی لـە کتێبـی (ڕێزمانـا کـوردی)دا دەڵێـت: ((هـەڤاڵکار دبێژنە وێ پـشکا ئـاخڤتنێ یـاکو هاڤلیـەکا ئێکسەر ب کرنـێ ڤـە هـەبێت ژ لایێ

چەوانییێ یا دەم و جە و جۆرێ ڕویدان و ڕوینەدانێ یان ژی هەر بارەکێ دی بیت ))[٦].

ــ د. ئــەورەحمانی حــاجی مــارف لــە کتێبــی (ئاوەڵکــار و ژمــارە)دا دەڵێت:((ئاوەڵکردار ئەو بەشە ئاخاوتنەیە کە بارودۆخ و شێوەی ڕوودان و جۆری چــۆنیەتی نیــشان دەدات.ئــاوەڵکردار لــە ڕووی ڕستەســازییەوە خــاوەنی ئــەو تایبەتێتییە، کە لە ڕستەدا بەکردارە وە، یان ئاوەڵناوەوە، یان ئاوەڵکردارێکی دییەوە بەندە))[٧].

– ئەحمەد کاکە مەمی لە کتێبی ( گوڵبەهارە _٢)دا دەڵێت: ((ئاوەڵکار بەو وشانە دەگوترێ، کە چلۆنایەتی بوون یا کرانی کارێك دیاری دەکەن))[٨].

– نیعمەت عەلی سایە لە کتێبی ( ڕێزمانی کوردی زاری کەڵهوڕی )دا دەڵێت: ((ئاوەڵکار وەك ئاوەڵناو، وەسفی چۆنیەتی ڕوودانی کار دەکات، ئاوەڵکار نەك هەر وەسفی کاردەکات، بەڵکو وەسفی ئاوەڵکار و ئاوەڵناویش دەکات ))[٩].

د. کەمال میراودەلی لە کتێبی (فەرهەنگی ڕیزمانی کوردی)دا دەڵێ: ((ئەو ڕستە و قسە و بەشە ڕستەیە کە ئاوەڵی کردارە، واتە چۆنیەتی کردار دیاری دەکات))[١٠].

ـ سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو لە کتێبی (زمانەوانی)دا دەڵێن: ((ئاوەڵکار بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاتن، بە هۆیەوە پەیوەندی پتەوی بەکارەوە هەیە، جا کارەکە تەواوبێ یاخود کارەکە ناتەواوبێ))[١١].

دوای خوێندنەوە و تێڕامانی ئەو پێناسانەی کە بۆ ئاوەڵکار کراون، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین: ئاوەڵکار بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، کە وەسفی کارێك دەکات و چۆنیەتی،چەندێتی،نەرێنی کاتی، شوێنی، هۆومەبەست، ڕێکخستن، جەختکردن و دووبارەکردنەوەی کارێك لە ناو ڕستەدا دەخاتە ڕوو.

**٢ـ١ : جۆرەکانی ئاوەڵکار لە ڕووی واتاوە**

**١ـ ئاوەڵکاری کاتی:**

بەو ئاوەڵکارانە دەوترێت کە کاتی ڕوودانی کارەکان دەست نیشان دەکات .ئاوەڵکارە کاتییەکانیش لە زمانی کوردیدا بریتیین لە: ( **وا**، **ئێستا**، **بەیانی**، **هەفتەیەکی تر**، سالێکی تر، دوایی، دواتر، لەپاشان، مانگێکی تر ....هتد)[١٢]، وەکو:

دوایی دەچم بۆ ئاهەنگەکە.

ئەحمەد ئێستا ڕۆیشت بۆ زانکۆ.

**٢ـ ئاوەڵکاری شوێنی:**

بەو ئاوەڵکارانە دەوترێت، کە شوێنی ڕوودانی کارەکە دەست نیشان دەکەن. ئاوەڵکارە شوێنییەکانیش لە زمانی کوردی بریتین لە: (سەر، ژێر، ڕاست، چەپ، لەسەرەوە، لەخوارەوە، لەژێرەوە، لا، .....هتد)[١٣]،وەکو:

شیلان لەژێر دارەکە خەوتووە .

شێرزاد لەسەرەوە دانیشتووە .

**٣ـ ئاوەڵکاری چۆنیەتی:**

ئاوەڵکاری چۆنیەتی واتای چۆنیەتی ڕوودان، یان دەلالەت نیشان دەدا. ئاوەڵکارە چۆنیەتییەکانیش ئەمانەن: (خێرا، هێدی، هێمن، جوان، باش، خراپ، بەگورجی، بەخۆشی، بەپەلە، بەکوڵ، لەسەرخۆ، لەسەر پشت، شاخ وشاخ، ئارام، بانەوبان، لەسەرلا، بەژیری،.....هتد)[١٤] وەکو:

ـ ئازاد بەخێرایی ڕۆیشت .

ـ بەناز جوان دەڕوات.

دەبێ لێرەدا ئاماژ بۆ ئەوە بکەین، کە ئاوەڵکارە چۆنیەتییەکان لە بنەچەدا ئاوەڵناوی چۆنیەتین، لە حاڵەتێکدا دەبنە ئاوەڵکاری چۆنیەتی، ئەگەر لە ڕستەدا وەسفی کار بکەن، هەروەك لەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەون:ـ

جوان کچێکی قەشەنگە. ........................ (ناو)

ڕێزان جوانە. ...................................... (ئاوەڵناوی چۆنیەتی)

سۆزان جوان دەڕوات. ............................ (ئاوەڵکاری چۆنیەتی)[١٥]

**٤ـ ئاوەڵکاری چەندێتی:**

بەو ئاوەڵکارانە دەوترێت، کە چەندێتی ڕوودان، ڕادەی توندیی ڕوودان، ئەندازەی چەندێتی ئاوەڵناو و ئاوەڵکار دیاری دەکات . ئاوەڵکارە چەندێتییەکانیش بریتین لە: (زۆر، کەم، کەمێك، تۆزێك، فرە، گەلێك، گەلێ،....هتد)[١٦]، وەکو:

نانەکەم کەمێك خوارد.

کاروان زۆر خێرا ڕۆیشت.

**٥ـ ئاوەڵكاری جەختكردن (دڵنیایی):**

بەو ئاوەڵكارانە دەوترێت، كە جەخت لەسەر ئەنجامدان و جێبەجێكردنی كارەكە دەكات. ئەو ئاوەڵكارانەی، كە بۆ مەبەستی جەختكردن بەكاردێن، بریتین لە: (هەر، هەڵبەت، بێگومان، بێشك، بێ سێ و دوو....)[١٧]، وەكو :

هەر دەچم بۆ ئەو ماڵە.

هەڵبەت كارەكە ناكەین.

**٦ـ ئاوەڵكاری دووبارەكردنەوە:**

ئەو ئاوەڵكارەیە، كە پەنجە بۆ دووپات بوونەوەی ڕوودانی كارەكە ڕادەكێشێ. ئاوەڵكارە دووبارەبوونەوەكانیش وەك: (دووبارە، دیسان، سەرلەنوێ، جارێكی دی، هەرجارێك، هەرجاێ، هەرجارە، ئەمجارەش،.... هتد)[١٨]، وەكو:

ـ دیسان وانەك دەستی پێكردەوە .

ـ دووبارە دەچینەوە گەشتەكەوە.

**٧ـ ئاوەڵكاری نەرێنی (نەفی):**

ئەو ئاوەڵكارەیە، كە نەرێنی كارەكەكە دەستنیشان دەكات. ئاوەڵكارە نەرێنییەكانیش وەك: (هەرگیز، هەرگیزاوهەرگیز، بەهیچ جۆرێ، بەهیچ چەشنێ، بەهیچ شێوەیەك، بەهیچ ڕەنگێ، ... هتد)[١٩]، وەكو:

هەرگیز ناچمە ئاهەنگەكە.

هەرگیزاوهەرگیز وانەكە ناخوێنم .

**٨ـ ئاوەڵكاری هۆومەبەست:**

ئاوەڵكاری هۆو مەبەست پەنجە بۆ ڕوودانەكە ڕادەكێشێ و مەبەستی بەجێ هێنانی كارێك دەردەخات. ئەو ئاوەڵكارانەی بۆ ئەم مەبەستە بەكاردێن، وەك (لەبێ ئەقڵیدا، لە تووڕەییدا، لەترسا، لەبرسا، لەخۆشیدا بەخۆڕایی، لەبەرئەوەی، چونكە، بەدەم خەوەوە، لەداخا، لەقینا، بەئەنقەست ..... هتد)[٢٠]، وەكو:

پیرەمێردەكە لەداخا مرد.

منداڵەكە لەبرسا خەوت.

**٩ـ ئاوەڵكاری ڕێكخستن:**

بەو ئاوەڵكارانە دەوترێت، كە شێوەیەك، یان جۆری جێبەجێكردنی كارێك نیشاندەدا. ئەو وشانەی كە بۆ مەبەستی ئاوەڵكاری ڕێكخستن بەكاردێن، بریتین

لـه: (ژنانـه، پیاوانـه، مەردانـه، منداڵانـه، گـورگ ئاسـا، تـاقم تـاقم، کـەم کـەم، دەستەدەستە، .... هتد)[21]،وەکو:

کارزان شێرانە ڕاپەڕی ٠

منداڵەکان پۆل پۆل دانیشتوون٠

**بەشی دووەم : ئاوەڵکار لە کۆمەڵە شیعری ( شەڕی چل ساڵە )ی سەباح ڕەنجدەردا**



**٢-١ : ئاوەڵکاری شوێنی**

**(لەسەر)**

**لەسەر** پێستی گایەکی دووڕەنگ پشکوتووە
کە سپی زۆرترە لە ڕەش
ئەو باڵندەیەی
خودا پەنجەکانی خۆی کردووەتە پەرو کڵاوی
(شەڕی چل ساڵە: ل ٢٨)

**(لەناوەڕاست)**

بەدڵنیاییەك کەجیهان دەکات بەدۆستی خۆی
هاوارێك **لەناوەڕاستی** ئاسمان ڕادەوەستێت
ئادەم ئەی نازکێش هەر هەموومان
ئاسمان لەچاوی پڕ هەستت ساردترە (شەڕی چل ساڵە: ل ٢٨)

**(لەژێر،لەسەر)**

مردوو **لەژێر** خاکی داگیرکراودا
نەوەکانی بەڕۆشنی نایەنە خەونی
بەبەبەرچاویەوە ناوەکانی بەدڵتەنگی ژاکان
وێنەی خزمە نزیکەکانی لەژووری دانیشتن
حەزیان چووەتە خواردنەوەکانی
**لەسەر** مێز جێمان (شەڕی چل ساڵە: ل ٣١)

**(لەژێر)**

لەئەفسوونی ئاوێنەدا دەتوانێت
پرچی ئەو کیژەی **لەژێر** سابات
لەجۆلانەیەکدا خەوتووە

نقومی ڕەنگ بکات (شەڕی چل ساڵە: ل ٣٥)

**(ناو)**

یان بێزار و کەمدوو

چاویلکەکەی خستە **ناو** جانتا دەستییەکەی

لەسەرزەنشتکردنی بێ دەنگ نقوم بوون

ئەرێ دەفتەری ناونیشانەکانم لەکوێیە (شەڕی چل ساڵە: ل ٣٦)

**(لەناو)**

نووستنی هەتاو **لەناو** سێبەر

حەزی زیندووبوونەوەیە

بیر لەچاوی خۆی دەکاتەوە

چەند دەبینێ و لەبینیندا هەڤاڵەکانی کێن (شەڕی چل ساڵە: ل٦٤)

**(لەسەر، بەسەر)**

مێزێکی ئاسنینی کۆن

گوڵی بۆنخۆش و گەشاوەی **لەسەر** دەفرۆشرێ

بەخت یاری کڕیار و فرۆشیارە

منداڵێك سمۆرەی **بەسەر** شان و ملەویە (شەڕی چل ساڵە: ل ٦٥)

**(لەناو)**

چاودێریی ئاگری دەکرد

پێی چنار و شۆڕەبیی **لەناو** ئاو دۆزییەوە

بەپێی خۆی بەراوردی کردن

لەگشت خاك خاڵییە پێ (شەڕی چل ساڵە: ل ٦٧)

**(لەسەر، لەناو)**

من **لەسەر** زەمین نیشتەجێ نیم

**لەناو** دەروونی خۆم

کە شوێن پێی خوایە

ژیان بەڕێوە دەبەم (شەڕی چل ساڵە: ل ٦٧)

**(لەناو، لەناو)**

**لەناو** سندووقێکی گەورە داردا

شانۆکار هەنگی بەخێودەکرد

هێزی پرۆڤە شانۆییەکانی
لەسەماو **هۆگربوونی** ئەوان وەردەگرێت
**لەناو** ژوورێکی شووشەیی ئاوێنەداردا
ڕەندی و سەد ڕەنگی ئاشقبوون (شەڕی چل ساڵە: ل ٧٤)

**(لێرە)**

نیازمەندێك جانتای
پڕ بۆنی کەسوکاری لێ نزیك دەکاتەوە
کەس **لێرە** نییە
ڕۆشنایی و مۆسیقا (شەڕی چل ساڵە: ل ٩٩)

**(دەوروبەر، ئێرە، ئەوێ، لا)**

زەنگۆڵەش لەملی سمۆرە و کەروێشکی ماڵی
چاو وەك پاشایەکی لووتبەرز
**دەوروبەر** و **ئێرە** و **ئەوێی** بە**لا**وە گرینگ نەبوو
ئەستێرەیەك کەنازانین لەکوێوە
بوو بەخانەخۆی و چاوساغ (شەڕی چل ساڵە: ل ١٠٠)

**٢-٢: ئاوەڵکاری کاتی**

**(سبەینان، نیوەڕۆ)**

خۆر **سبەینان** ناسکە
ڕازی یارانی لەدەستی پڕ میهری ناوە
ویرد دەخوێنێ و بەنیگا سۆزدەکات
**نیوەڕۆ**یان دەم وچاوێکی (شەڕی چل ساڵە: ل ٣٢)

**(دوایی)**

هەموومانی خوێندەوە
لە چرکەیەکدا ئامادەی کردین
بەقادرمەی فرۆکەکەدا سەرکەوتین
کیژی ناو فیلمەکەم تا **دوایی** نەبینی (شەڕی چل ساڵە: ل ٣٦)

**(زوو)**

گورگ بەکراسی سوورەوە
دێت و لەسەر کورسییە چۆڵەکەی تەنیشتمان

دادەنیشێت

**زووش** کراسەکەی فڕێ دەدا (شەڕی چل ساڵە: ل ٥٢)

**(بەیانی، ئێوارە، سبەینەیەك)**

پاڵتۆیەکی فەرووش

سەرەتای **بەیانی** و **ئێوارە** ڕادەگەیەنێ

**سبەینەیەك** کە نەبووە کاتێکی خۆش

کورسیی باخچە لەخۆشهاتنمان (شەڕی چل ساڵە: ل ٧٨)

**(بەیانی، شەو)**

**بەیانی** ڕۆژی بەختکردنەوەیە

**شەو** بەزۆر ڕەنگ گۆڕا (شەڕی چل ساڵە: ل ١٠٠)

**٢-٣: ئاوەڵکاری چۆنیەتی:**

**(نائاسایی)**

زەوی دڵی بە**نائاسایی** کەوتە لێدان

تەوژمی خوێنی بەرز بووەوە

ئاسمان چەترەکەی دادەخات

شتێك وەك دواخستنی (شەڕی چل ساڵە: ل ٥٢)

**(بەتاو، بەگوڕ)**

لۆچی تووڕەیی ناوچەوانی منداڵ

یاسای پڕ زەبر و زەنگی وڵاتێکە

پەرێشان بەدەستی دراوسێ

دەمانچەی بێ دەنگیش فەرمانڕەوا

جوانی دڵە **بەتاو** و **گوڕ** لێ دەدا

بیر لەئامانەتەکانی سەرچاوە دەکاتەوە (شەڕی چل ساڵە: ل ٣٤)

**(بەناز)**

کیژە سەرپەرشتیارەکەی

دوکانی بچووکی ناوی

پاکەت و شخاتە و شیر و قاوەی

بەخەندەیەکی **بەنازە**وە دەفرۆشت (شەڕی چل ساڵە: ل ٣٦)

**(بەتینەوە،بەتاسەوە)**

باران بە ئارەزوویەکی **بەتینەوە** دەبارێت
زەویش داوای هیچی نەکردووە
ئەم چاکە لەخۆڕاییە چییە
گۆرانیم بۆ لێموی
بەلکەوە شووراوە تەرخانە
بیر لەپێش کەوتنە خوارەوەی دەکەمەوە
زەوی دڵخۆشە بەسەری تێبپەڕێ
بەرووبوومی خۆڕسکی خۆی
**بەتاسەوە** پێشکێشت دەکات (شەڕی چل ساڵە: ل ٣٩)

**(بەچاو)**

بەگوێی نەرمە با دادەن
کوژراوی نوێژ
دوا دێری یاداشتی لەسەر پەلکی گوێزی
بەردەم سمۆرەیەکی بەهرەمەند **بەچاو** دەنووسێت (شەڕی چل ساڵە: ل ٣٧)

**(بەباشی)**

تەمەنی گوومبەزی ڕوونە
دەنگ **بەباشی** دەگەیەنێ
شتەکانیش چۆن هەن ئاوها لێ دەردەکەون
کەهەقیقەت ماسوولکە جەزبەدراوەکانی خۆی (شەڕی چل ساڵە: ل ٩٥)

**(بەجوانی)**

مەیدانی شەڕی چل ساڵە **بەجوانی** دیارکەوت
خڕخاڵی لەپێی منداڵەکانمان لەراندەوە (شەڕی چل ساڵە: ل ١٠٠)

## ٢-٤: ئاوەڵکاری ڕیکخستن

**(نەرم نەرم)**

لادەداتە ماڵمان
چێشتێکمان لەگەڵ دەخوا
باران **نەرم نەرم**
بەسەر مراویەکانمان دادەبارێ (شەڕی چل ساڵە: ل ٤٤)

**(قووڵ قووڵ)**

شەقام بۆنێکی خۆش دەبەخشێ
درەختەکانی گۆپکەیان پشکوتوون

ئاراستەی چارۆگەی کەشتیم وەرگرت
**قووڵ قووڵ** دەچمە ناو کۆچێك (شەڕی چل ساڵە: ل ٤٩)

**(هێدی هێدی)**

گومان دەبێتە نامەیەکی کراوە
دەنگی مۆسیقا
لەگەڵماندا دێت و دەچێت
**هێدی هێدی** بەرزمان دەکاتەوە (شەڕی چل ساڵە: ل ٧٧-٧٨)

**(گەش گەش)**

مرۆڤ ترسێندراو مایەوە
شتەکانیشی لەبیر نەکردووە
**گەش گەش** بەشەقامەکاندا دێت و دەچێت
هێلانەی ماڵ پڕ هێلکە و پووش دەکات (شەڕی چل ساڵە: ل ٩١)

**(هێواش هێواش)**

کە باراناوی پێدا دێتەخوارێ
**هێواش هێواش** پەردەکانی هەڵدەداتەوە
مرۆڤە نازدار و سادەکان
بارانن زەمین دەخولێننەوە (شەڕی چل ساڵە: ل ٩٧-٩٨)

**٢-٥: ئاوەڵکاری نەرێنی**

**(هیچ)**

سەرسامییەکان ڕووەکی بەپیت و فەڕی منن
هەڵەیەکی زۆر کوشندەی
کە **هیچی** تێدا ناگوترێ
نمە و ڕێژنەیە (شەڕی چل ساڵە: ل ٦٠)

**(هیچ)**

دوای بەجۆش خستنی ئەو خواوەندەی
سەرنجەکانی تۆمارکرد و هێشتەوە
**هیچ** نابیندرێت
جگە لەو هەموو ساڵە ئارامگرتنەی (شەڕی چل ساڵە: ل ٧٥ )

**(هیچ)**

منی گەوهەر و بووژاوەی ڕەنگەکانی تابلۆ
شادمانی دیدار و فرێو بەسەر

دارستانی بەپیت و زەریای پڕ ختووکە
**هیچ** ئارەزوویەکی خواردنم نەبوو (شەڕی چل ساڵە: ل ٧٦)

**(هیچ)**

نەشدوێن وەك ئەوە وایە
کەلەبەرزترین بەرزاییەوە
یان بەدوورایی چوار پەنجە
**هیچ** ڕووی نەدابێت (شەڕی چل ساڵە: ل ٩٦)

**٢-٦: ئاوەڵکاری دووبارەبوونەوە**

**(دووبارە)**

کاژی **هە**تاوی تاڤگە بپۆشێت
خەزێنەی زەوی بکاتە ئاوازێك
**هە**ڵیداتە ناومان
**دووبارە**ی بکەینەوە (شەڕی چل ساڵە: ل ٣٤)

**(وەك جاران)**

قەرەباڵغیی سروشتم خاو کردەوە
بۆ **هە**میشە خودام لەشوێن چاوم دانا
گیانداری دەندووکدار **ها**تنە ناوی
تەمبەڵیمان **وەك جاران** پەروەردە نەکرد (شەڕی چل ساڵە: ل ٤١)

**(دووبارە)**

ئێستا نمەیە
دەچێتە ناوبژی ئەسپ و دار سنەوبەرەکانمانەوە
دەست لە ئەندامەکانی دیکە جیلوەداترە
ئاوازی خۆی **دووبارە** دەکاتەوە (شەڕی چل ساڵە: ل ٧٢)

**٢-٧: ئاوەڵکاری چەندێتی**

**(تاوێك)**

ساڵی تازە
لۆچێکی خستە ناوچەوانی بەختی خانووەکەمان
ئەمیش تەبای ئێمە
مانگ لەکزی و درەوشاوەیی و ئاوابوون
سەرنجی ڕادەکێشێت
دوای **تاوێك** لەناو دەچێت (شەڕی چل ساڵە: ل ٣٧)

(هێندە)
ڕۆژنامە فرۆشێکی گەڕۆکی
پەرێشانی دەستی نەخۆشی
پارەی **هێندە** هەبووایە
لەپشتی دەستی جێی ببووایەوە (شەڕی چل ساڵە: ل ٤٢)

*** ئەنجام**

ئێمە لێرەدا باسی لایەنی تیۆری ناکەین، چونکە دەمێکە ئەم لایەنە بەشێوەیەکی زۆر زانستیانە ئەنجامەکەیان خستۆتەڕوو .بۆیە تەنیا ئەنجامی لایەنی پراکتیکی باسەکەمان دەخەینە ڕوو .

١- شاعیر بەشێوەیەکی زۆر فراوان ئاوەڵکارەکانی شوێنی و کاتی و چۆنیەتی بەکارهێناوە .
٢- شاعیر هەردوو جۆری ئاوەڵکاری هۆومەبەست و جەختکردنی لەم کۆمەڵە شیعرییەی خۆی بەکارنەهێناوە .
٣- دەقەکانی **کۆمەڵە** شیعری (شەڕی چل ساڵە ) فرە خوێندنەوەن، هەربۆیەش تۆ ناتوانی بڕیاری ڕەها بە واتای دەقەکاندا بهێنی .
٤- وشەی (شەڕ) لەم کۆمەڵە شیعرەدا بەواتای جەنگ نایێت، بەڵکو لێرەدا ئەم وشەیە بە واتای ململانێ دێت، تەنانەت بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەمان پەیوەندیمان بە شاعیر کرد، ئەویش جەختی لەسەر ئەمە کردەوە، هەر بۆیەشە لە کورتەی لێکۆلینەوەکەدا بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، لە بری وشە (شەڕ)، وشەی ململانێمان وەرگێڕاوە.

*** پەراوێزەکان**

*سەباح ڕەنجدەر، شەڕی چل ساڵە، کۆمەڵە شیعر، کتێبی شین، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٥.
١ـ تۆفیق وەهبی، دەستوری زمانی کوردی، جیزمی یەکەم، (دار الطباعة الحديثة). بەغدا، ١٩٢٩، ل١٧.
٢ـ نوری علی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی،١٩٦٠، ل١٨٦.

٣– محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتاییّك لە فیلۆلۆژی كوردی،چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٧٤، ل ١٦٥ .
٤– كوردستان موكریانی(د) و نەسرین فەخری(د)، ریّزمانی كوردی، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، ١٩٨٢، ل١٦٧.
٥– كۆردۆییڤ: ڕێزمانی كوردی– بە كەرەستەی دیالێكتی كرمانجی و سۆرانی، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە د.كوردستان موكریانی، هەولێر،١٩٨٢، ل٣٠٤.
٦– صادق بهاء الدین ئامێدی: ڕێزمانا كوردی– كرمانجی یا ژوری و ژێری یا هەڤبەركری، چاپا یەكێ، چاپخانەی (دار الشؤن الثقافیة )، بەغدا،١٩٩٠، ل٤١٦.
٧– ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم (وشەسازی)، بەشی چوارەم، (ژمارە و ئاوەڵكردار)، چاپخانەی (الحریە)، بەغدا، ١٩٩٨، ل ١٣٣.
٨– ئەحمەد كاكە مەمی، گوڵبەهارە، كتێبی –٢،چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٢٤٣.
٩– نیعمەت عەلی سایە، ڕێزمانی كوردی زاری كەڵهوڕی، لە چاپكراوەكانی بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیریی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٦٨.
١٠– كەمال میراودەلی(د): فەرهەنگی ڕێزمانی كوردی،بڵاوكراوەكانی مەڵبەندی كوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١١٦.
١١– سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، زمانەوانی، بەرگەكانی (یەكەم، دووەم، سێیەم)، چاپی یەكەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٤١.
١٢ـ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ڕێزمانی كوردی (بەشەكانی ئاخاوتن)، چاپی یەكەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٧٩.
١٣– هەمان سەرچاوە، ل ٨٠ .
١٤ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠–١٤١.
١٥– نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠.
١٦– ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢.
١٧– نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٨١.
١٨– ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠
١٩– نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٨١.
٢٠– ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩.
٢١– ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.

## سەرچاوەكان

١– ئەحمەد کاکە مەمی، گوڵبەهارە، کتێبی –٢،چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٣.
٢– ئەورەحمانی حاجی مارف(د)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی چوارەم، (ژمارە و ئاوەڵکردار)، چاپخانەی (الحریە)، بەغدا، ١٩٩٨.
٣ـ تۆفیق وەهبی، دەستوری زمانی کوردی، جیزمی یەکەم، (دار الطباعة الحدیثة). بەغدا، ١٩٢٩.
٤– سەباح ڕەنجدەر، شەڕی چل ساڵە، کۆمەڵە شیعر، کتێبی شین، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٥.
٥– سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، زمانەوانی، بەرگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨.
٦– صادق بهاء الدین ئامێدی: ڕێزمانا کوردی– کرمانجی یا ژوری و ژێری یا هەڤبەرکری، چاپا یەکێ، چاپخانەی (دار الشؤن الثقافیة)، بەغدا،١٩٩٠.
٧– کەمال میراودەلی(د)، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٨– کوردستان موکریانی(د) و نەسرین فەخری(د)، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٢.
٩– کۆردۆییڤ: ڕێزمانی کوردی– بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە د.کوردستان موکریانی، هەولێر،١٩٨٢.
١٠– محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتایێك لە فیلۆلۆژی کوردی،چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٧٤.
١١ـ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ڕێزمانی کوردی (بەشەکانی ئاخاوتن)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩.
١٢– نوری علی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی،١٩٦٠ .
١٣– نیعمەت عەلی سایە، ڕێزمانی کوردی زاری کەڵهوڕی، لە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٤.

# دژ واتا لە شیعرەکانی گۆراندا

فائیزە عەبدولغەفور عوسمان
کۆلێژی پەروەردەی بنیات

**پێشەکی:**

دژواتایی یەکێکە لەو بابەتانەی، کە لە هەردوو لایەنی ئەدەب و زمان لێی کۆڵراوەتەوە، لە ئەدەبدا لە ڕەوانبێژی لەژێر ناوی(دژیەك) ئاماژە بە دژواتایی کراوەو لە بواری زمانیشدا لە پراکماتیکدا وەکو کەرەسەیەکی پراکماتیکی لێی کۆڵراوەتەوە. ئەم باسەی ئێمە زیاتر تیشك خستنە سەر لایەنی زمانییە.

ئەگەر باس لە نووسین و هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بکەم، ئەوا هۆیەکەی ئەوەیە، کە ئەوەندەی من هەستم پێ کردبێت بابەتی(دژواتایی) زیاتر لە زماندا لێی کۆڵراوەتەوە، نەك ئەدەب لە نێو ئەدەبیش(شعر) هەر بۆیە بە پێویستم زانی من لەم بوارەدا خزمەتێك پێشکەش بکەم، لەگەڵ ئەوەی هیچ کارێك بێ گرفت و کەم و کورتی نابێت، بەڵام خۆش بەختانە گرفتێکی وامان پێش نەهات، جگە لە کەمی سەرچاوە بە زمانی کوردی، هۆکاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ گرنگی کارەکە.

باسەکەمان لە پێشەکیەك و دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمی باسەکەماندا، کە لایەنی تیۆری بابەتەکەیە، بە ناونیشانی (دژواتایی و جۆرەکانی لە زمانی کوردیدا)یە، تیایدا پێنج تەوەرەی لەخۆ گرتووە، تەوەرەی یەکەم چەمك و پێناسەی دژواتایی، تەوەرەی دووەم جۆرەکانی دژواتایی، تەوەرەی سێیەم شێوەکانی دژواتایی، تەوەرەی چوارەم سەرچاوەی پەیدابوونی دژواتایی، تەوەرەی پێنجەم دژواتایی لە ئاستەکانی وشەسازی و ڕستەسازیدا.

بەشی دووەم، کە لایەنی پراکتیکی باسەکەیە، تیایدا دژواتایی لە شیعرەکانی گۆراندا خراوەتەڕوو، لەم بەشەدا لایەنی زمانەوانی ماتماتیکی پەیڕەوکراوە، چونکە تەنیا جۆرەکانی دژواتایی لە شیعرەکانی گۆراندا دەرهێنراوە، بەبێ

ئەوەی هیچ شیکردنەوەیەکی بۆ دێرەکان کرابێت. لە کۆتایشدا ئەنجام و سەرچاوکانمان خستۆتەڕوو.

**بەشی یەکەم**

**١- دژواتایی و جۆرەکانی لە زمانی کوردیدا:**

**١-١-چەمك و پێناسەی دژواتایی:**

لە زمانی کوریدا جگە لە زاراوەی دژواتایی، چەندین زاراوەی تری وەك: ((هەڤدژی، جیاوازی واتایی، پێچەوانەی واتایی، دژیەك، هاڤدژ)) بەکاردێن، کە هەر هەموویان هەمان واتاو مەبەست دەگەیەنن. لە بارەی پێناسەشەوە، ئەوا چەندین پێناسەی جیاجیا لە بارەی دژواتایی کراون، بۆیە لێرەدا هەندێك لەو پێناسانە دەخەینەڕوو:

- کریستاڵ دەڵێ: ((ئەنتۆنۆمی یەکێکە لەو چەمکانەی پەیوەندییەکانی واتا، کە لە شرۆڤەکردنەکانی واتادا بەکاردێ))[(١)].

- جۆن لییۆنز دەڵێ: ((ئەنتۆنۆمی یەکێکە لەو پەیوەندییە پێکهاتە سەرەکیانەی لە پەیڤەکانی زمانی مرۆڤدا دەردەکەوێ))[(٢)].

- عەلائەددین سوجادی دەڵێ: ((لە دژیەکدا دوو شتی نەگونجاو ئەهێنرێن لە ڕستەدا بەرانبەری یەك ئەوەستێنرێن بۆ ئەوەی نەوەك بە تاسەوە بۆی بشنێتەوە))[(٣)].

- ئەوڕەحمانی حاجی مارف دەڵێ: ((وشەی دژواتا بەو وشانە دەوترێ کە لە مانادا بەرامبەر یەکتر دژوەستاون))[(٤)].

- عەزیز گەردی(د) دەڵێ: ((بریتییە لە هێنانی دوو وشەی مێملْ و دژیەك، یا ڕوو بەڕووکردنی دوو واتای پێچەوانەی، جا ئەو دژیەکە داوێك بێ لە تان و

---

(١) سەلام ناوخۆش، نەریمان خۆشناو، زمانەوانی، بەرگەکانی(یەکەم، دووەم، سێیەم)، ٢٠٠٩، ل٢١٣.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢١٣.

(٣) عەلائەددین سوجادی، خۆشخوازی- گوزارەکانی، ڕەوانکاری، جوانکاری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٦، ل٨٢.

(٤) ئەوڕەحمان حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥، ل٢٣.

پۆی هۆنراوەدا یا قەفێك بێ لە زنجیرەی پەخشاندا. وەکو: تاریکی و ڕووناکی، پیس و پاکژی، بەرز و نزم...))[٥].
- سەلام ناوخۆش(پ.ی) دەڵێ: ((زاراوەیەکە لە بواری واتاسازیدا بەکاردێ و لە پێچەوانەو هەڤدژی و جیاوازی واتایی دەکۆڵێتەوە))[٦].
- بێخاڵ عەبدوڵڵا سەعید سەبارەت بە دژواتایی دەڵێ: ((پەیوەندی دژواتایی لە کۆنەوە بە یەکێك لە گرنگترین پەیوەندییە شوێنییەکان ناسراوەو ڕای جیاجیای لەسەربووە، لەبەر ئەوەی هەندێ لەواتا ناسەکان دایاننناوە بە تەواوکەری هاوواتایی، لە کاتێکدا کە ئەم دوو پەیوەندیە شوێنیە جیاوازن لە یەکتر))[٧].
- سازان ڕەزا موعین دەڵێ: ((مەبەست لە دژواتایی ئەوەیە کە دوو وشە لەڕووی واتاوە دژبەیەك دەوەستن ئەم پەیوەندیەش بەیەك شێوە خۆیان دەرناخەن بەڵکو جیاوازی لەناو خودی دژواتادا بەدی دەکرێ))[٨].
- ئارا عەلی ئەحمەد دەڵێ: ((جیاوازیا دژواتا ژهەڤ واتایێ ئەوە، پەیوەندیا هەڤ واتا دناڤبەرا پتر ژدوو پەیڤا دروست دبیت، بەلێ یا دژواتا بەهرا پتر دناڤبەرا دوو پەیڤان دا دروست دبیت))[٩].
- د.فەتاح مامە دەڵێ: ((ئەو وشانەن کە یەك وشەی هەیە کەچی دوو واتای هەیەو لە هەمان کاتیشدا دژی یەکترن))[١٠].
- نەریمان خۆشناو دەڵێ: ((پەیوەندیەکە لە پەیوەندیە واتاییەکان بەو وشەو فرێزو ڕستانە دەوترێت کە واتاکانیان دژی یەکتر دەوەستن یاخود پێچەوانەی یەکتر دەوەستن))[١١]

(٥) عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، هەولێر، ١٩٧٥، ل٦٨.
(٦) سەلام ناوخۆش، نەریمان خۆشناو، زمانەوانی، بەرگەکانی(یەکەم، دووەم، سێیەم)، ٢٠٠٩، ل٢١٣.
(٧) بێخاڵ عەبدوڵڵا، واتاسازی وشە، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٩، ل٨٢.
(٨) سازان ڕەزا موعین، واتاو دەوروبەر، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٥، ل٢٣.
(٩) ئارا عەلی ئەحمەد، کوتێن واتایا شێوازی بۆ هەڤ واتایا تەواو(گۆڤەرا بەهدینان)، چاپی ئێکێ، دهۆك، ٢٠٠٨، ل٤٧.
(١٠) د.فەتاح مامە، موحازەراتی زمانەوانی، کۆلێژی پەروەردەی بنیات، ٢٠٠٧-٢٠٠٨.
(١١) م.نەریمان، موحازەراتی واتاسازی، کۆلێژی پەروەردی بنیات، ٢٠٠٨-٢٠٠٩.

لە ئەنجامی خستنەڕوو و شیکردنەوەی پێناسەکانی پێشووتر لە بارەی دژواتایی، گەیشتونەتە ئەو مەبەستەی کە بڵێین: مەبەست لە دژواتایی پەیوەندییەکە لە پەیوەندییە واتاییەکان، زاراوەیەکە لە واتاسازیدا بەکاردێت، کە بریتی لە دوو وشە یان دوو فرێز یان دوو ڕستە کەواتاکانیان دژی یەکترو پێچەوانەی یەکتربن. وەکو:

گۆڕ ← گۆڕ ← قەبر ← ژێرزەوی

گۆڕ ← زەوی ← سەرزەوی

سوان ← سوان ← کولبوونی چەقۆو(خوران و نەمانی)

سوان ← تیژکردنی چەقۆ و(خوران و نەمانی)

یان دوو وشە کە لە ڕووی واتاوە دژی یەکترن یاخود پێچەوانەی یەکترن وەکو:

سارد × گەرم     تاریکی × ڕووناکی

بچووک × گەورە     پێکەنین × گریان

کەواتە دژواتایی کە لە ئاستی وشەو ڕستەدا دەردەکەوێ کە دوو واتای جیاواز بدات بەدەستەوە یاخو دوو وشە دوو واتای جیاوازو دژیەکی هەبێت.

**١-٢- جۆرەکانی دژواتایی:**

هەندێ لە زمانەوانان بە تایبەتی زمانەوانێکی وەك(جۆن لییۆنز) باوەڕی وایە تەنیا یەك جۆری دژواتایی هەیە، کە ئەویش بە ئینگلیزی پێی دەڵێن(Antonymy)[١٢].

بەڵام هەندێ لە زمانەوانانی تر باوەڕیان وایە کە دژواتایی چەند جۆرێکی هەیە، بە جۆرێ کە لە نێوان ڕەنگە ناسازبەیەکەکانیشدا هەیە.

١-٢-١- لە ڕووی زمانەوانیەوە دژواتایی چوار جۆری بۆ دەستنیشانکراوە:

**١-٢-١-١- دژواتایی بەرامبەری(دژواتایی بێ پلە):**

ئەم جۆرە دژواتاییە ڕێك بە پێچەوانەی هاوواتاییە، چونکە جیاوازی واتایی یان پێچەوانەی واتایی لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا کورت دەکاتەوە[١٣].

مەبەست لەم جۆرە دژواتاییە بەو وشەو دەقانە دەوترێ کە واتاکانیان دژی یەکترن یاخود پێچەوانەی یەکترن.

---

[١٢] سەلام ناوخۆش، پوختەیەك لە بارەی پێوەندییە واتاییەکان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١٢٠)، ٢٠٠٧، ل١٣٧.

[١٣] هەمان سەرچاوە، ل١٣٧.

لەگەڵ ئەوەشدا داننان بە یەکێکیان دەبێتە هۆی نەفی کردن و ڕەتکردنەوەی یەکێکیان دەبێتە هۆی داننان بە ئەوی تریان[١٤].

ئەو جۆرە لەپەیوەندی دژواتایی ئەتوانین بەو پەیوەندیە روون ببکەینەوە کە لەنێوان (نێرومێ)یان(کچ وژن)دا تێبینی ئەکرێت. کە(نێر)بەرانبەر بە(مێ)و(کچ)بەرانبەر بە(ژن)[١٥].

بۆ زیاتر روونکردنەوە ئەم دوو نموونەیە وەردەگرین

کاتێ کە دەڵێین:ئاراس کوڕ نیە، ئەوا ئاراس کچە.

یان ئەو کەوە نێرە واتە ئەو کەوە مێ نیە.

لەبەرئەوەشە پێی دەوترێت دژواتایی بێ پلە چونکە هیچ پلەیەك لەنێوان ئەم دوو وشەیەدا نیە، واتا ناوەکان هەریەکە جەمسەرێکن و هەر ناوێکیان لە جەمسەری یەکەم نەبێت دەبێت لە جەمسەری دووەم بێت. بۆ نمونە:

ڕەش×سپی نێر×مێ مردوو×زیندوو گەورە×بچوك

هەروەها ئەگەر وشەیەك هەڵگری دوو واتای جیاواز بێت ئەوا پێکهێنەرەکانیان وەك یەك نابن. دەتوانین چەمکی سیمای واتایی و سیمای جیاکەرەوە لەو وشانەدا تاقی بکەینەوە کە پەیوەندی دژواتاییان هەیە بەهۆی شوێنەوە بە تایبەتی واتای بەرانبەری لە پەیوەندی (نێر)و (مێ)دا دەردەکەوێ، بۆ نمونە وشەی:

پیاو – ژن کوڕ – کچ

سیمای واتایی کە هەردوو وشەکە لە یەکتر جیادەکاتەوە (نێر و مێ)یە وشەی پیاو- هەڵگری چەند سیمایەکی واتاییە وەك:

{ناوە، زیندووە، مرۆڤە، نێرە، هەراشە}

ئەم سیمایانە هەر هەمان شتن کە لە(ژن)دا کۆدەبنەوە بەڵام تەنها لە مێ دا جیاوازە، هەروەها لە سیماکانی {کوڕ-کچ}دا، هەمان سیمان کە لە لەگەڵ

---

[١٤] م.نەریمان خۆشناو، موحازەراتی کۆلێژی پەروەردەی بنیات، ٢٠٠٨-٢٠٠٩.

[١٥] بێخاڵ عەبدوڵڵا سەعید، واتاسازی وشە، نامەی ماجستێر. زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٩، ل٨٣.

(پیاو و ژن)دا هاتوون. تەنها جیاوازی (کوڕ) لەگەڵ (پیاو)دا ئەوەیە کە (هەراش نیە) جیاوازی (کچ) لەگەڵ(ژن)دا ئەوەیە کە (هەراش) نیە[١٦].

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە چەند ڕستەیەکی تریش دەهێنینەوە بۆ نموونە کە دەڵێین:

– هێرۆ کچە. ئەم ڕستەیە ئەوە دەگەیەنێ کە:

– هێرۆ ژن نیە.

بە پێچەوانەشەوە کە دەڵێین:

– هێرۆ ژنە. ئەم ڕستەیە ئەوە دەگەیەنێت کە:

– هێرۆ کچ نیە.

هەروەها کە دەوترێت:

– هێرۆ کچ نیە. ئەم ڕستەیە ئەوە دەگەیەنێت کە:

– هێرۆ ژنە.

هەروەها کە دەوترێت:

– هێرۆ ژن نیە. ئەم ڕستەیە ئەوە دەگەیەنێت کە:

– هێرۆ کچە[١٧].

پێوستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە هەموو جیاوازیەك (دژواتایی) نییە. بۆ نموونە:

(ڕەش)و (سپی) دوو وشەی جیاوازن. بەڵام مەرج نیە هەر شتێك (ڕەش) نەبێت (سپی) بێت. وەك:

– تەختەکە ڕەش نییە. ئەم ڕستەیە ئەوە ناگەیەنێت، کە:

– تەختەکە سپییە.

هۆ ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو دوو وشەیە جیاوازن، بەڵام دژواتا نیین[١٨].

**١-٢-١-٢-دژواتایی ڕێژەیی(پلەدار):**

(ئێك ژ گرنگترین جۆرێن دژواتاییێە، کوب شێوەیەکی ڕێژەیی دروست دبیت)[١٩].

---

[١٦] عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد بابان، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردی دا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٠، ل ٣٤-٣٥.

[١٧] دارا حەمید محەمەد، پێوەندییە واتاییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٦، ل٦٢.

[١٨] هەمان سەرچاوە، ل٦٣.

مەبەست لەم جۆرەی دژواتایی بەو وشەو دەقانە دەوترێت کەواتاکانیان دژی یەکترن بەڵام ئەم جۆرەیان پێچەوانەی دژواتایی بەرانبەرە کە وشەکانی جۆرێك لە پلەی بەراوردی یان پلەداری لە خۆدەگرن، لەم جۆرە دژواتاییەدا دان نان بەیەکێکیان ڕەتکردنەوەو نەڤ کردنی ئەوی تریان ناگەیەنێ بە پێچەوانەشەوە ڕەتکردنەوەو نەڤ کردنی یەکێکیان پەسەندکردنی ئەوی تریان ناگەیەنێ[20].

بۆ نمونە کە دەڵێین: فلان کەس ئازا نیە.

واتای ئەو ڕستە ئەوە ناگەیەنێ کە دژەکەی بێت واتا بە واتای ئەوەی کە(فلان کەس ترسنۆکە) کەواتە هەڵبژاردنی هەریەك لەوانە وامان لێناکات کە ناچاربین دانەکەی تر هەڵبژێرین[21].

کەواتە لەم جۆرەی دژواتاییدا پلە یاخود ناوەندێکی فراوان هەیە بۆ نمونە کە دەڵێین: ڕزگار ئاسودە نیە.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ڕزگار غەمبار بێ.

یاخود کە دەڵێین: مشکێکی چەند گەورەیە؟

ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەوا ئەو مشکە بە قەدە فیلێك گەورەیە، بەڵکو بەواتای ئەوە دێت کەوا ئەو مشکە گەورەیە بە بەراورد لەگەڵ مشکێکی ئاسایی دا[22].

کەواتە دژواتایی پلەدار بەوە لە دژواتایی بێ پلە جیادەکرێتەوە کە نێوەندێك هەیە لە نێوان ئەو دوو وشەیەی کە بەراورد دەکرێن.

بەراوردیش دوو جۆرە:

١- بەراوردی دوو شت یان دوو کەسی جیاواز:

- ژیلە لە شیلان ئازاترە.
- خانۆکەی تۆ لەوەی من گەورەترە.
- شڤان لە شێرکۆ زیرەکترە.
- خانوەکەی من لەوەی تۆ نوێترە[23].

---

[19] ئارا عەلی ئەحمەد، کوتێن واتایا شێوازی بۆ هەڤ واتایا تەواو(گۆڤەرا بەهدینان)، چاپا ئێکێ، دهۆك، ٢٠٠٨، ل٤٨.

[20] سازان ڕەزا موعین، واتاو دەوروبەر، نامەی ماجستیر، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٥، ل٢٣.

[21] هەمان سەرچاوە، ل ٢٤.

[22] م.نەریمان، موحەزەراتی واتاسازی، کۆلێژی پەروەردەی بنیات، ٢٠٠٨-٢٠٠٩.

٢- بەراوردی دوو حاڵەتی جیاواز یەك شت یان یەك کەس:
- ژیلە لە جاران وریاترە.
- ئەرکمان لە پار قورسترە.
- شڤان لە پار زیرەکترە.
- خانوەکەم لەوەی پار نوێترە.
وە دەتوانین هەردوو جۆرەکەی لەیەك بدەین لە یەك ڕستەدا:
ژیلە لە جارانی شیلان وریاترە.
تۆ لە پاری من ئەرکت کەمترە[٢٤].
هەروەها دەتوانین لەو دوو جۆرە بەراوردییەدا لێڵیەك دروست بکەین لە زماندا، وەك:
- شڤان زیرەکترە.......
١- لە شێرکۆ.
٢- لە پاری خۆی.
خاڵە سەرەکییەکانی جیاکردنەوەی پێوەندیی دژواتایی ڕێژەیی و دژواتایی بەرانبەری بریتین لە:
أ- پێوەندیی دژواتایی ڕێژەیی پلەدارە، واتا لە نێوان کەس و شتە بەراوردکراوەکاندا پلە هەیە. بۆ نمونە:
کە دەڵێین:
- ئەرین لە ئاران گورجترە.
ئەم ڕستەیە ئەوە ناگەیەنێت، کە ئارام خاوە. یان کە دەڵێین:
- خوێندکارەکە زیرەك نییە.
ئەوە ناگەیەنێت، کە خوێندکارەکە لاوازە، بەڵکو پێدەچێت مامناوەند بێت.
ب- لە پێوەندیی دژواتایی بەرانبەریدا هیچ پلەیەك لە نێوان وشە دژواتاکاندا نییە.واتا پەسەندکردنی وشەیەکیان مانای ڕەتکردنەوەی وشەکەی ترە، وەك:
کە دەڵێین:
- شێرەکە نێرە. ئەم ڕستەیە ئەوە دەگەیەنێت، کە: - شێرەکە مێ نییە[٢٥].

---

[٢٣] دارا حەمید محەمەد، پێوەندییە واتاییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٦، ل٦٣.

[٢٤] محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٠، ل١٦٥-١٦٦.

**١-٢-١-٣- دژواتایی پێچەوانەوەیی:**

ئەم جۆرەی دژواتایی هەندێ لە زمانەوانان دژواتایی تەواکەریشی پێ دەڵێن[٢٦].

ئەڤ جۆرێ دژواتایێ دناڤبەرا دوو پەیڤا دروست دبیت وەکو: (کڕی و فروت)[٢٧].

کە بەو وشەو دەقانە دەوترێت کە لە چەند ئادگارو خاسیەتێکدا هاوبەشن بەڵام لە ئادگارێکدا جیاوازن، ئەم جۆرەی پەیوەندی دژواتایی بە زۆری لە کارەکاندا بەدی دەکرێت، هەر ئەمەشە وای لێدەکات لە دوو جۆرەکەی تری دژواتایی جیابکرێتەوە، وەکو:

فرۆشتن – کڕین

دان – وەرگرتن

هێنان – بردن

ئەو وشانەی کە تایبەتن بە پەیوەندی خزمایەتی و پایەی کۆمەڵایەتی نمونەی زۆرمان ئەدەنێ، لەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی، وەکو:

١- سامان خانووەکەی بە ئازاد فرۆشت.

واتا: ئازاد خانووەکەی لە سامان کڕی[٢٨].

کە لێرەدا هەردوو وشەی(کڕین و فرۆشتن) دژواتایی پێچەوانەیین و پێچەوانەی یەکترن.

٢- شیلان قەڵەمەکەی دا بە ژیلان.

واتا: ژیلە قەڵەمەکەی لە شیلان وەرگرت[٢٩].

کە لێرەدا هەردوو وشەی(دان – وەرگرتن) دژواتای پێچەوانەیین.

---

[٢٥] دارا حەمید محەمەد، پێوەندییە واتاییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستیر، زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٦، ل٦٤.

[٢٦] سازان ڕەزا موعین، واتاو دەوروبەر، نامەی ماجستیر، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٥، ل٢٤.

[٢٧] ئارا عەلی ئەحمەد، کوتێن واتایا شێوازی بۆ هەڤ واتایا تەواو(گۆڤەرا بەهدینان)، چاپا ئێکێ، دهۆک، ٢٠٠٨، ل٤٨.

[٢٨] بێخاڵ عەبدوڵڵا سەعید، واتاسازی وشە، نامەی ماجستیر، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٩، ل٨٧.

[٢٩] محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٠، ل٦٧.

ئەم جۆرە پەیوەندییە دژواتاییە لە نێوان ئەو وشەنەدا كە خزمایەتی دەگەیەنن وەك: (كچ، دایك.... خوشك، برا....) زۆر ڕوون و ئاشكرا دیارە. بۆ نمونە:

-هێرۆ ژنی سیروانە.

- سیروان مێردی هێرۆیە.

ئەو ڕستەیە دەكرێ لە شێوەی هاوكێشەیەكدا ڕوونبكرێتەوە.

ئەگەر هێرۆ = ن١

سیروان = ن٢

ئەوا دەكرێ بوترێت پێوەندیی پێچەوانەیی لە نێوان هەموو دوو وشەیەكدا هەیە، كە بتوانن بۆشاییەكانی ئەم هاوكێشەیەی خوارەوە پڕبكەنەوە.

ن١..........ن٢

ن٢..........ن١

دیارە دەتوانین لە جێی ئەو دوو بۆشاییە وشەكانی(ژن)و (مێرد) دابنێین. كەواتە ئەو دوو وشەیە پێوەندیی دژواتایی پێچەوانەیی لە نێوانیاندا هەیە. هەروەها وشەكانی (خوشك، برا..... كچ، باوك.......خاڵ، خوشكەزا...) ...هتد، هەمان پێوەندییە لە نێوانیاندا هەیە[٣٠]، بۆ نموونە:

٢- ئازاد خاڵۆزای شازادە.

واتا: شازاد پورزای ئازادە.

(پورزا - خاڵۆزا) ← دژواتای پێچەوانەیین[٣١].

هەندێك كەرەسەی فەرهەنگی هەیە كە هەمان پەیوەندی گۆڕینەوە(وەك تەواوكەری) لە نێوانیاندا هەیە؛ بەلام ناتوانین دایان بنێین بە تەواكەری، وەكو:

- ئازاد لە شازادی پرسی.

- شازاد وەڵامی ئازادی دایەوە.

- ئازاد پرسی لە شازاد ناوت چیە؟

---

(٣٠) دارا حەمید محەمەد، پێوەندییە واتاییەكان لە زمانی كوردیدا، نامەی ماجستێر، زانكۆی بەغدا، ٢٠٠٦، ل٦٥.

(٣١) بێخاڵ عەبدوڵلا سەعید، واتاسازی وشە، نامەی ماجستێر، زانكۆی سەلاحەددین، ١٩٨٩، ، ل ٨٧.

لەوانەیە ئەوە بگرێتەوە (شازاد)وەڵامی (ئازاد)ی دایەوە، وە لەوانەشە ئەوە بگرێتەوە کە (شازاد) وەڵامی (ئازاد)ی نەدایەوە.
هەروەها: ئازاد دیاریەکی پێشکەش کرد بە نەسرین
لەوانەیە ئەوە بگرێتەوە کە (نەسرین دیاریەکەی وەرگرت) یان(نەسرین دیاریەکەی گێڕایەوە)...هتد.

ئەوەی شایانی تێبینییە ئەوەی کە ئەم تایبەتی گۆڕینەوەیە هەمان پەیوەندییە کە زۆر جار لە نێوان ڕستەی کارادیار و کارابزدا هەیە.
وەك: شێرزاد بەهزادی کوشت. بەهزاد کوژرا(لەلایەن شێرزادەوە)[٣٢].

**١-٢-١-٤- دژواتایی ئاراستەیی:**

ئەم دژواتاییە لە لایەن (لاینز)ەوە ئەم ناوەی لێنراوە، لەم پەیوەندیەدا واژەیەك نیە کە ئاراستە بگەیەنێ، وەکو: (پێشوازی بەڕێ کردن)[٣٣]. (بڵند و نزم)و(هاتن و چوون)[٣٤].
کەواتە بەو واتایە دەوترێت کە ئاراستە دەگەیەنێت بۆ نمونە:
(ئاسمان) کە ئاماژە بۆ بەرزی و، (زەوی) ئاماژەیە بۆ نزمی، کەواتە هەریەکێك لە ئاراستەکان پێچەوانەی ئاراستەکەی تر دەبێت، واتا بەرزوی و نزمی بوونەتە هەمان دژواتا کە ئاراستەییە وەکو:

| | |
|---|---|
| باکور × باشور | ئاسمان × زەوی |
| ڕۆژهەڵات × ڕۆژئاوا[٣٥] | هەوراز × نشێو |

کە ئەگەر یەکێکیان ئاراستەکەی دوورکەوتنەوە بێت لە خاڵێکی دیاریکراو ئەوی تریان نزیك بوونەوە لە خاڵەکە دەگەیەنێت[٣٦].

---

[٣٢] بێخاڵ عەبدوڵڵا سەعید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨.

[٣٣] سازان ڕەزا موعین، واتاو دەوروبەر، نامەی ماجستیر، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٥، ل٢٤.

[٣٤] ئارا عەلی، کوتێن واتایا شێوازی بۆ هەڤ واتایا تەواو(گۆڤەرا بەهدینان)، چاپا ئێکێ، دهۆك، ٢٠٠٨، ل٤٨.


[٣٥] م.نەریمان، موحازەراتی واتاسازی، کۆلیژی پەروەردەی بنیات، ٢٠٠٨-٢٠٠٩.

[٣٦] سازان ڕەزا موعین، واتاو دەوروبەر، نامەی ماجستیر، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٥، ل٢٤.

ئانکۆ ئەگەر لڤینا پەیڤا ئێکێ ب شێوەیەکی بۆ سەری بچیت، بێگومان کو لڤینا پەیڤا دی دێ بۆ نی چیت وەکو[٣٧]:

هاتن →　　　　　　　↑ بلند

← چوون　　　　نزم ↓




١-٢-٢- هەروەها دژواتایی لە ڕووی ئەدەبییەوە لە لایەن عەزیز گەردیەوە دابەشی چەند جۆرێك کراوە:

**١-٢-٢-١- دژیەکی ئەرێنی(ئیجابی، پۆزتیڤ):**

ئەوەش وا دەبێ ئەو دوو وشەیە کە ناویان دەبرێ و دژیەکیان لێدەکەوێتەوە لە بارەی ڕەگەزەوە پەیوەندی یان پێکەوە نەبێ، بەڵکو هەریەکەیان لە ڕەگەزێکی سەربەخۆ بێت. وەکو(کامەران) دەڵێت:

لەخۆبایی بوون لە سەرکەوتنە
یـــا نائومێدی لـە ژێرکەوتنە
لـــە نـاو دڵێکا پەروەردە ئەبن
تیا نەبێ مـانـای ژیان و مردن

(لەخۆبایی بوون – نائومێدی) (سەرکەوتن – ژێرکەوتن) (ژیان – مردن) ئەمانە دژیەکن.. ئەو دووەی کە دژیەکیشن لە ڕەگەزەوە هیچ پەیوەندیان پێکەوە نیە، واتا بنچینەیان جودایەو هەریەکە لە ڕەگەزێکە وەرگیراون.

[٣٧] ئارا عەلی، کوتێن واتایا شێوازی بۆ هەڤ واتایا تەواو(گۆڤەرا بەهدینان)، چاپا ئێکێ، دهۆك، ٢٠٠٨، ل٤٨-٤٩.

**١-٢-٢-٢- دژیەکی نەرێنی(سلبی، نێگەتیڤ):**

ئەوەش وا دەبێ کە لە پێشدا وشەیەك بێنی (ناو بێ یا کردار)، پاشان وشەکە نەفی بکەی وەکو: (ئەچم - ناچم) (پیاو - ناپیاو)(یار - نەیار)(هەڵسا - هەڵنەسا). کەواتە دژیەکی سەلبی بریتییە لەوە: دوو وشەی بێنی یەکێکیان نەفی ئەوی دیکەیان بێت. واتا وشەکان هەریەکن ئەوەندە هەیە یەکێکیان ئەوزاری نەفی - نەهێشتنی - هاتۆتەسەر.

کاکەی فەلاح دەڵێ:

بەڵام ئەو شتەی لە لای من ڕوونە
لەم کەین و بەینی بوون و نەبوونە
ڕێی ناچاری یە ژیان و مردن
لە پاش دەرکەوتن ئەنجام وون بوونە.

دژیەکی ئیجاب لە نێوان وشەی (ژیان)و (مردن) بەدی دەکرێت. لەگەڵ ئەمەشدا دژیەکی سەلب لە نێوان (بوون)و (نەبوون)دا هەیە، کە دووەمیان نەفی یەکەمە[٣٨].

**١-٣- شێوەکانی دژواتایی:**

عەزیز گەردی دژواتایی لە ڕووی زمانەوانیەوە دابەش کردۆتە سەر چەند شێوەیەك:

١-٣-أ- وا دەبێ هەردووکیان ناو بن، وەك ئەو نمونەی مامۆستا(عەئەدین سوجادی) لە بارەی بنەڕەتی ئاینی زەردەشتیەوە دەڵێ:

"دوو هێز هەیە، ئەم دووەش بە درێژایی ساڵ لە جەنگ دان، دووکەش یەکی ڕاست و یەکی درۆ، یەکی ڕووناکی و یەکی تاریکی، یەکی پاك و یەکی پیس، یەکی چاك و یەکی خراپ...".

نووسەر لەم دەقەدا چەند ناوێکی هێناوە، بە شوێن ئەو ناوانەوە دژیەکەیانی هێناون و بەرامبەری کردوون کە بریتین لە: (ڕاست - درۆ) (ڕووناکی - تاریکی)(پاك - پیس) (چاکە - خراپە) ئەمانەش هەموویان ناون.

١-٢-ب- یان وا دەبێ هەردووکیان پیتی مانا -حروف المعنی - بن:

وەکو: ع. دەڵێ:

لە هەر ساتێکا هەڵنەچێ ئەڵێ(نا)، ئەڵێ(با)

---

[٣٨] عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، هەولێر، ١٩٧٥، ل٧٠-٧١.

(نا - با) کە دوو پیتی مانان و هەردووکیان دژیەکن.
١-٣-ج- یا وا دەبێ هەردووکیان کرداربن.. جا کردارەکان ڕابردوو بن یان ڕانەبردوو یا داخوازی. وەکو(سەلام) دەڵێ:
هەردوو یەك تیپ (نوتی) و (وتنی)
مودیر کە بیستی گریاو پێکەنی.
(گریا - پێکەنی) دوو وشەی دژیەکن، هەردووکیان کردارن ن کرداری ڕابردوون[٣٩].

**١-٤- سەرچاوەی پەیدابوونی دژواتایی:**

((ژ ئەگەرێن دروستبوونا دژواتایێ هاتنا ڕامانێن دژی وان پەیڤێن دهزرا مرۆڤیدا پەیدادبن وەکو دەمێ پەیڤا(کری)دبیژیت، ئێکسەر دێ پەیڤا(فرۆشت) دهێتە هزرا وی))[٤٠].

هەبوونی پێوەندی دژواتایی و وەستانی واتای هەندێ لە وشەکانی زمان دژبەیەك دیاریدەیەکی سروشتییە لە زماندا، ئاشکراو دیارە زۆر لە وشە دژواتاکان بە مەبەستی دژواتایی دانەنراون، بەڵکو ناو گەلێکی ئاساییین لە زماندا بەرانبەر بە شتەکان یان دۆخەکان.

بەلام ئەوەش ناگەیەنێت کە وشە دژواتاکان هەموویان وەك دیاردەیەکی سروشتی زمان پەیدابووبن، بەڵکو هەندێ وشەی دژواتا هەن لە زماندا بەپێی ڕێککەوتنی کۆمەڵە لەسەری، بەتایبەتی ئەو وشەی دژواتایانەی کە یەك ڕەگیان هەیە، وەکو:

پاك × ناپاك (لە واتای بارکراودا کە دژیەکن)
بەسود × بێسود بەکەڵك × بێ کەڵك

جگە لە هۆیانەش هەندێ جار وارێك دەکەوێت لەبەر باری دەروونی، وشەیەکی دژ بە ڕاستی حاڵەتێك بەکاربهێنرێت، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك، وەك:

**ا- گەشبینی:** زۆرجار بە مەبەستی گەشبینی بەرانبەر بە حاڵەتێك مرۆڤ لە ئاخاوتندا دژی ئەو حاڵەتە بەکاردەهێنێت. بۆ نموونە کەسێك کە نەخۆش بێت دیارە باش نییە، بەلام کە پرسیاری دەکەیت، لە وەلامدا خۆی یان کەسەوکاری دەڵێن باشە، کە دژی حاڵەتەکەیە، بەلام گەشبینی بە ئومێدی

---

[٣٩] سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩.

[٤٠] ئارا عەلی، کوتێن واتایا شێوازی بۆ هەڤ واتایا تەواو(گۆڤەرا بەهدینان)، چاپا ئێکێ، دهۆك، ٢٠٠٨، ل٤٩.

چاك بوونەوەی تێدایە. نموونەی پڕ لە پێستی ئەم حاڵەتە نازناوی کامەران موکری شاعیرە. دیارە سەردەمی پڕژانی میللەتی کورد بوو. ئەم میللەتەی کامەران زۆربەی هەرەزۆری شیعرەکانی بۆ تەرخان کردبوو. ژیانی تایبەتی شاعیریش تا دوا ساتەکانی تروسکاییەك ڕووناکیی تێدانەبوو کەچی وەك گەشبینی ناوی کامەرانی هەڵبژاردووە.

ب- **ڕەشبینی**: لەگەڵ ئەوەشدا کە بارێکی دەروونییە، بەڵام هەندێ هۆکاری تریشی هەیە وەك: ترسان لە بەخیلی پێ بردن. بۆ نموونە لە هەندێ دەوڵەمەندی خۆشحاڵ بپرسرێت بارودۆخی گوزەرت چۆنە؟ دەڵێت خراپە، کە پێچەوانەی دۆخەکەیە.

ج – **سوکایەتی پێکردن**: هەندێ جار مرۆڤ بە مەبەستی گاڵتەو سوکایەتی کردن بە کەسێك یان شتێك دزی ڕاستی ئەو کەس و شتە دەڵێت. بۆ نموونە:

١- بە خوێندکارێکی لاوازو هیچ نەزان بووترێ: زیرەك.

٢- بە کەسێکی ترسنۆك بوترێت: ئازا و بوێر.

٣- بە خانوویەکی داڕووخاو بوترێت: کۆشك[٤١].

یاخود زۆرجار کەسێك کە زۆر کەیفی بەخۆی دێ و ڕای لە خۆی بێ واتا بە جوانی خۆی دەنازی کەچی واش نییە ناشیرینە بۆیە پێی دەوترێت: کەسێکی ناشیرین و ڕا لەخۆ: جوانە! زۆر جوانە!

کە لە جێگەی ئەوەی بوترێ ناشیرینە بە توانجەوە پێی دەگوترێت (جوانە!)[٤٢].

**١-٥- دژواتایی لە ئاستەکانی وشەسازی و ڕستەسازیدا:**

دژواتایی لە دوو ئاستی جیاوازدا سەیر دەکرێت ئەوانیش:

**١-٥-١- دژواتایی لە ئاستی وشەسازی(مۆرفۆلۆژی)دا:**

بریتی لە دوو مۆرفێم یان وشە، کە دوو واتای دژیەك بگەیەنن.

**١-٥-١-١- دژواتایی لە مۆرفێمی بەنددا، وەك:**

هەردوو مۆرفێمی(هەڵ، دا) دوو واتای دژیەك دەبەخشن بەو وشانەی لەگەڵیاندا دێن، وەك:

گرتن – هەڵگرتن × داگرتن.

---

[٤١] دارا حەمید محەمەد، پێوەندییە واتاییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٦، ل٦٧.

[٤٢] د.فەتاح مامە، محازەراتی زمانەوانی، کۆلیژی پەروەردەی بنیات، ٢٠٠٦-٢٠٠٧.

بەزین – هەڵبەزین × دابەزین.
کردن – هەڵکردن × داکردن.
**١-٥-أ-٢- دژواتایی لە ناودا، وەك:**
دۆست × دوژمن.
ڕۆژ × شەو
**١-٥-أ-٣- دژواتایی لە جێناودا، وەك:**
من × ئێمە　　خۆت × خۆتان　　ئەو × ئەوان
١-٥-أ-٤- دژواتایی لە ئاوەڵناودا، وەك:
زۆر × کەم　　دوور × نزیك　　ڕاست × خوار(لار)
**١-٥-أ-٥- دژواتایی لە ئاوەڵکرداردا، وەك:**
سەر × ژێر　　ناو × دەر　　بەپەلە × لەسەرخۆ[٤٣].
١-٥-أ-٦- دژواتایی لە کرداردا، وەك:
هات × چوو　　کەوت × هەستا　　دەرچوو × دەرنەچوو.
**١-٥-ب- دژواتایی لە ئاستی ڕستەسازی(سینتاکس)دا:** بریتییە لەو فرێزو ڕستانەی کە واتاکانیان دژ بەیەك دەوەستن. بەم شێوەیە:
**١-٥-ب-١- دژواتایی لە فرێزدا، وەك:**
باڵابەرز × کورتەباڵا
ساردوسڕ × گەرم و گوڕ
١-٥-ب-٢- دژواتای لە ڕستەدا، وەك:
چایەکە شیرینە × چایەکە تاڵە
پیاوەکە هات × پیاوەکە ڕۆیشت[٤٤].

**بەشی دووەم**

**٢- جۆرەکانی دژواتایی لە شیعرەکانی گۆراندا:**

**٢-١- دژواتایی بەرامبەری(بێ پلە) لە شیعرەکانی گۆراندا:**

**(سپی – ڕەش)**
باڵا بەرزو، بچکۆلە پێ و ئسکارپین؛
گۆرەوی و پووز: سفت و سپی و ئاوریشمین
ئەڕۆییم و دزەی نیگام جارجارێك،

---

(٤٣) دارا حەمید محەمەد، پێوەندییە واتاییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٦، ل٩٤-٩٥.

(٤٤) هەمان سەرچاوەی، ل١٠٠-١٠١.

لەژێر عابای ڕەشا ئەیدی نازدارێك
(دیوانی گۆران، ل٣٤)

(پێ ئەکەنی- ئەگری)
گران هەتاو دوا هەناسەی ژیانم،
لەبیرم چێ ئەو جوانەی دای نیشانم:
دیوانەکەی(برۆنس) کە نەغمەی شیعری،
ئەڵێی کچە پێئەکەنێ، یان ئەگری
(دیوان گۆران، ل٤٩)

(بەهەشت- دۆزەخ)
ئەی حوسنی طولووع وێنەیەکی فەیضی حوضوورت،
ئەی حوزنی غورووب ڕۆژی ڕۆژی ڕەشی دووریی تەباهت!
ئەی کۆشك و سەرای باغی بەهەشت مەیلی ئەدایت!
ئەی ئاگری دۆزەخ شەرەری خەشمی گوناهت
(دیوانی گۆران، ل٦٥)

(کچی- کوڕی)
مووچڕکەیەك بە سەرتاپای لەشیا ئەگەڕێ،
ئاگادارە فرمێسکی سۆز، وێنە خوار بۆکێ!
کچی جووتیار بۆ بەهەشتی ژین و دڵداری،
لەگەڵ کوڕی شوان بەستبووی پەیمانی یاری
(دیوانی گۆران، ل٥٨)

(شەو- ڕۆژ)
گەر ڕاستە مەلەك نامەی ئەعمالم ئەنووسێ،
باسوور بێ وەکوو خوێنی جگەر خەططی کیتابم!
شەمعێکە لەسەر لێوە لەرەی مەینەتی من ڕۆژ،
ئەستێرەی شەو شاهیدمن سەختە عەذابم
(دیوانی گۆران، ل٦٧)

(هاوین - بەهار)
ڕۆژی نەورۆزی پڕشنگ زێڕینم
تریفەی سپی مانگی هاوینم
شنەی شەماڵی کەلی بەهارم
لەرەی ئاونگی مێرگی ئاودارم
(دیوانی گۆران، ل٩٣)

(ڕاست- درۆ)

چی ڕاستە؟ چی درۆیە؟
کام شت ئەنجام؟ کام هۆیە؟
یان تەنانەت بۆ چ ئەگری؟
فرمێسك لە چاو بۆ چ ئەسڕین؟
(دیوانی گۆران، ل١٠٨)

(ڕەش – سپی)
کۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردن کەش،
ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش،
سەرپۆشی لووتکەی بەفری زۆر سپی،
بەدارستان ڕەش ناو دۆڵی کپی...
(دیوانی گۆران، ل١٢٧)

(تاریکایی –ڕۆشنایی)
لەبەر کەپرێك ڕۆشنایی ئاگر،
دای بەتاریکی شەوی ناودێ دڕ
شمشاڵ بەناڵەی لەرەو لەرزەدار
دەماندی کوورەی دڵی هەرزەکار...
(دیوانی گۆران، ل١٤٨)

(زاوا– بووك)
لە دەشتی ئەمبەر گەرەکی بچووك
تیایەتی ماڵی کوێخاو زاواو بووك!
شاخی کۆلۆشی پشتی(سەیوسێنان)
کەوتۆتە مەعبێن ئەم دێیەو دووکان...
(دیوانی گۆران، ل١٥٢)

(زستان– بەهار، هاوین– پایز)
جوانی یەك کە دەستی هونەری یەزدان
نەخشی کێشاوە، نەك سەلیقەی فەننان!
جوانی یەك: کۆن نابێ هەرگیزاو هەرگیز،
زستان و بەهارو هاوین و پایز:
(دیوانی گۆران، ل١٩٠)

(ژن –پیاو، پیر – جوان)
قەلا، تەڵبەن، شووران سەنگەر،
حەیوان، ئینسان، شاری، عەسکەر،

ژن، پیاو، پیر، جوان، دەست، قاچ، سنگ، سەر...
پێ شێل كە هەرچیت دێتە بەر!
(دیوانی گۆران، ل١٩٧)

**(تاریك- نوور، ئەگری-پێكەنین)**
ئەوەندە رۆحی مەئیووس و مەلوول تاریك ئەكا دنیا،
ئەوەندەش نوور لە رۆحی شادەوە ئەڕژێ بەسەریان!
كوڕم! هەروەك لە ئوعجوویەی ژیانا بەختی بەد ئەگری،
شتێكیش - بەختیاری- پێكەنین گرتوویە چوار دەوری!
(دیوانی گۆران، ل٢٠٣)

**(تاریك- ڕووناك)**
ئەوا ئێستا باغچەی ژین و شیعرو خەیاڵی
بوو بە ژووری بەندیخانەی تاریك و خاڵی!
ساخوات لەگەڵ دنیای جوانی! دنیای ڕووناكی!
تاوانم كرد، گەل پێوەنام، مۆری ناپاكی!
(دیوانی گۆران، ل٢١٥)

**(نامەردی- مەردی)**
ئەی تریفەی مانگی سپی دەرەكی دەلاقە،
با پیس نەبی خۆت مەدە لەم كوردی عێراقە!
وڵاتەكە داگیركراو، نەتەوە دیلە،
باوڵای دوشمن نامەردێتی، مەردی زەلیلە!
(دیوانی گۆران، ل٢١٧)

**(ڕۆژ- شەو، وریایی- خەو)**
لەبەر هێزی حەق خوراوا،
هێزی وەك ئاگر جۆشاوا،
هێزی ڕۆژی بەرامبەر شەو،
هی وریایی بەرامبەر خەو،
(دیوانی گۆران، ل٢٥٠)

**(ئاشتی -شەڕ)**
هێزی لاو یەك بگرێ بۆ ئاشتی دنیا
شەڕفرۆش مەگەر قوڕ بكا بەسەریا
نەتەقە لە كۆریا، نە لە هیندی چین
ئەمێنێ، نە ئێمەش تووشی شەڕ نەبین

(دیوانی گۆران، ل٢٥٥)

**(ڕەش – ماست)**

جووتەمان لێ ئەدەن، گازمان لێ ئەگرن،
نەختێك حەق داواکەین لە داخا ئەمرن،
ڕەخنەیان لێ بگرین ڕەخنەیەکی ڕاست
سوێند ئەخۆن بەخەروار، کە زۆر ڕەش بوو ماست!
(دیوانی گۆران، ل٢٥٧)

**(درێژی – پانایی، دۆڵ– دەشت)**

لەسەر هەر لوتکەیەك، تەپۆڵکەو یاڵێ
هەر بن دار بە ڕوویەك ئەکەین بەماڵێ
درێژی ناو دۆڵ و، پانایی ناو دەشت
بە تەلاری جوان جوان ئەکەین بە بەهەشت.

(دیوانی گۆران، ل٢٦١)

**(مردن – ژیان)**

لە وەشتا پشووی عومرم نەدی تاوێ بە سەربەست،
هەتا مردم زڕەی زنجیری دیلی بوو لەگەردنما،
ژیانم عارو ذێللەت بوو لەژێر پێڵاوی دوشمنما،
بە خوێن بێو، گڵ هەڵی لووشێ، کەوابێ، هەیکەلی هەستی!...
(دیوانی گۆران، ل٢٦٦)

**(سەر– بن)**

خۆیشم، لەبن بنی ئەرزم،
بۆ تاریکی و ترس ئەلەرزم،
تەقەو ڕەقەی پارچە ئاسن،
کە دێ و دەچێ بۆ سەروبن،
(دیوانی گۆران، ل٢٧٢)

**(مردوو – زیندوو)**

ئەم دەنگ و مژدەی دووریە!..
سالەشی زیندانی مردوو:
بێرە سەما!
ئەی لە بستێ گۆڕا زیندوو!
مردن نەما!...

(دیوانی گۆران ل٢٨١)

**(ڕۆژ– شەو)**

ڕۆڵەم دیل بوو،
دیل زەلیل بوو،
ڕۆژی شەو بوو،
شەو بێ خەو بوو،

(دیوانی گۆران، ل٢٩٧)

**(ئافرەت- پیاو)**
ئێستا کچان،
گشت ئافرەتان،
گوڵبارانی سەرباز ئەکەن،
خۆیشیان وەك پیاو و سەرباز ئەدەن!
چونکەی دەزگای تازەی وڵات،
بەبێ خەبات،

(دیوانی گۆران، ل٣٠٠)

**(پووش- گیا)**
گەرمی و ژین و شادیی هێنا بە دیاری،
کوردی خستە جەژنی تازەی بەهاری،
پووش بوو بە گیا، چیلکەی باخ بوو بە دار گوڵ،
لە وشکەسی کانی کەوتە قوڵە- قوڵ.

(دیوانی گۆران، ل٣٠٩)

**(تاڵی- هەنگوین)**
برای عەرەبی چاو ڕەشم،
تاڵ بوو بەشت، تاڵ بوو بەشم!
لەیەك کاسە(تاڵی) نۆشین،
برایی کردین بە هەنگوین. (دیوانی گۆران، ل٣٢٢

**(شرین – تاڵ)**
کۆشی وەتەوزی شیرینە؛
ڕوونی ئەخاتە شەبەقمان؛
سێبەر ئەکا بۆ ئارەقمان،
بەری ڕەنجی تاڵمان بە لێو

(دیوانی گۆران، ل٣٢٧)

**(کچان- کوڕان)**
ئەی لاوان،
کچان کوڕانی ڕووی ئەرز!

باگۆرانیتان ئاسمان
کەڕکات بە شەپۆلی بەرز!
(دیوانی گۆران، ل٣٣٠-٣٣١)

**(سپی –ڕەش، ڕۆژ– شەو)**
وەك چەپکە گوڵی شایی،
سپی و ڕەش و زەردو سور،
تێکەڵ بوون..
بە ڕۆژ، بە شەو.. تا ئەنوون..
بەستەتان وا لە دەما،
(دیوانی گۆران، ل٣٣٢)

**(زیندوو –مردوو)**
بۆ خۆشەویستی لێ وردە ئیتر، دڵ!
لە ناو گۆڕی تەنگا با ببێ بە گڵ!
کە ئازادی و باوك و برا لەکیس چوو،
کە بە کوردێك چ زیندوو بێ، چ مردوو!..
(دیوانی گۆران، ل٣٥٦)

**(تێ ئەگەن– تێ نەگەن)**
ئاوا بکەن!
(گشتیان ئاواو ئاوا ئەکەن)
واتێ ئەگەن چۆن تێ ئەگەن؟
تا تێ نەگەن چۆن پێ ئەگەن؟
(دیوانی گۆران، ل٣٧١)

**(درشت– ورد)**
دانیشتوی دێ، درشت و ورد!
هەمووتانمان زۆر باش فێرکرد!
(تەرلای لای لام)تان لەبەرە
گشتتان بوون بە سەماکەرە.
(دیوانی گۆران، ل٣٧١)

**(زیندوو–مردوو)**
دەزگاتان وەك ئێسك ڕزیوبێ،
وڵاتتان گڵکۆی تەپیوبێ،
ڕۆزی و ڕزقی بەسەر زیندووی
زیاتر نەبێ لە هیی مردووی...

(دیونی گۆران، ل٣٨٥)

**(تاریکی –ڕووناکی، شەڕ– ئاشتی، ورد– درشت)**

ترسی تاڵ و تاریکی شەڕ
ڕووناکیمان لێ ناکا ون!
ئەی قوتابی وڵاتان گشت!
بەیەکتری ببەستن پشت!
بە یەکیەتی وردو درشت
حەقی ئاشتی ئەخەینە مشت!

(دیوانی گۆران، ل٤١١)

**(ئاشتی– شەڕ)**

ئاشتی خوازین، پشتیوانمان گەلانە،
کۆتری سپی ئاڵامان ناونیشانە:
ڕێگامان ڕێی برایەتی ئینسانە،
ناکۆکی و شەڕ نەهێشتن ئامانجمانە!

(دیوانی گۆران، ل٤١٦)

**(ئیمڕۆ– بەیانی)**

گیانە، ئاوێنەش پیشانمان نادا،
ئیمڕۆ، بەیانی
ڕووی خۆمان لە یەك شێوەو وێنەدا،
ئەبێ بزانی.

(دیونی گۆران، ل٤٣٨)

**(پیاو–ژن، دێتەوەهۆش–خەواڵوو)**

کە هەر وەهایە عەشقی پیاو و ژن
ئەگەڕێتەوە ئاخۆ ئەوەی چوو؟
ئەو خۆشەویستەی کە نازدار بوو زوو؟
دێتەوە هۆش خۆی گیانی خەواڵوو

(دیوانی گۆران، ل٤٤٤)

**(بێدار – نووستن)**

هۆ خەڵکینە! ورتە مەکەن
دەم لە قسە هەرگیز مەدەن
بنوون و هیچ بێدار مەبن
هەر نووستوانن پێ ئەگەن

(دیوانی گۆران، ل٤٤٥)

(زوڵم و زۆر– عەدل و داد)
هات بۆ قسەی عادەتی یش
دەمتان جووڵا، ئەبن بە پەن!
ڕووگرژ مەبن لە زوڵم و زۆر
بۆ عەدڵ و داد گوێ هەڵمەخەن
(دیوانی گۆران، ل٤٤٦)

(زاڵ ئەبێ– ئەبەزێ)
ژیان چی‌یە؟ کۆڕی شەڕی سەرومڕ،
وەی بە حاڵی بێ هێز لە دەستی زۆردار!
کێ زاڵ ئەبێ؟ کۆڵ نەدەری دڵ پڕ زات
کێ ئەبەزێ؟ ترسنۆکی بێ بڕیار!
(دیوانی گۆران، ل٤٤٨)

(شەڕ– ئاشتی)
بوون بەهۆی تاڵی ژیان!
بابمرێ خوێنمژ!
شەڕفرۆشی پیاوکوژ..
سەرکەوێ ئاشتی، زوو!..
(دیوانی گۆران، ل٤٥٤)

(خاص–عام)
ئەی فەلەك! بۆ چ ئەهلی غیرەت پەست ئەکەی؟
جەهل و بیدعەت بۆ چ هەتا دێ خەست ئەکەی؟
بۆیە ئەهلی فەچل و هیممەت، خاص و عام،
مەگلەبی زلیان: لە چەرخ ئینتیقام!
(دیوانی گۆران، ل٤٦٠)

(جەورو ستەم– دادو عەدلە)
توانی ئەگەر شیرزە بکا ئاشتی دەمێ
ئێستاکە کاری خۆیەتی وەك زوڵفی دولبەرە
لەو ڕۆژەدا بوو جەوروستەم گوتبووی جیهان،
ئێستاکە دادوعەدلە لە گشت لا موظەففەرە!
(دیوانی گۆران، ل٤٨٠)

(ئاو– ئاگر)
بیرکردنەوە لە بابەتی کۆن و ڕزیوو پووچ
هەر تایبەتی بە سەردەمی داراو سکەندەرە

شمشێر نییە کە ئاوی دەمی کپ بکاتەوە
ئەو ئاگرەی لە جۆشی دڵ و شۆری ئاوسەرە!
(دیوانی گۆران، ل٤٨٠)

**(گومان-یەقین)**
هەندێك لە بیردان بۆ مەزهەب و دین،
هەندێك دوودڵی گومان و یەقین؛
لە لابەلاوە لە پڕ دەنگی دێ
ئەڵێ کام گومان؟ کام بڕواو ئایین؟..
(دیوانی گۆران، ل٤٩١)

**(کوفر- ئیسلام، گومان-یەقین، خراپ-چاك)**
ڕەندێکم بینی دانیشتووی ڕووی خاك،
مەگەر هەر ئەوم دیبێ وا بێ باك:
بەرامبەر بە: کوفر، ئیسلام، دنیا، دین،
حەق، گومان، یەقین، ڕێی خراپ و چاك!
(دیوانی گۆران، ل٤٩٢)

**(تاڵ- شیرین)**
هەر بەربەیانێك ڕووی ئاسمان شین بێ،
ئەبێ لەسەر دەست پیاڵەی ڕەنگین بێ،
ئەڵێن لە دەما تامی مەی تاڵە،
مەی حەقەو کێ دی کە حەق شیرین بێ؟
(دیوانی گۆران، ل٤٩٦)

**(ورد-درشت، نەنك-باپیر، دایك- باوك)**
پیرۆزە، نیازگای وردو درشتە
تیایا بە کام ئەگات پەری و فریشتە
چاوی دایك و باوك و نەنك و باپیران:
لە دەرگای چەقیوە، سەرپاکی ژیران
(دیوانی گۆران، ل٥١٧)

**٢-٢- دژواتایی ڕێژەیی(پلەدار) لە شیعرەکانی گۆراندا:**
**(گەرمیان- کوێستان)**
گەرام کوردستان،
گەرمیان و کوێستان
نە لە شارو نە لە دێ،

ئەمدی کەس
وەک تۆ جوان بێ؛
(دیوانی گۆران، ل٣٠)

(گەرم-سارد)
کۆشی گەرم و دەروونی ساردو سڕبوو،
زمانی نەرم، نیهادی نێجگار دڕ بوو!
لەبەر ئەوە، ئەی قژ زەردی بێگانە،
جلیوەی جوانیێ لە بیرم چێ ئاسانە،
(دیوانی بێگانە، ل٤٩)

(بچووک-گەورە)
چونکە بێکەس بچووک بوو،
پایەی کۆمەڵیی سووک بوو!
کام پیاو ماقووڵ، کام گەورە
کە بەرزیی جێی زوور هەورە،
(دیوانی گۆران، ل٨٤)

(برسی - تێر)
بەڵێ بێکەس نابووت بوو،
جارجار برسی بوو، ڕووت بوو،
بەڵام کام تێر، کام پۆشتە
وێنەی ئەو، ئەی فریشتە،
(دیوانی گۆران، ل٨٥)

(شار - لادێ)
پۆل پۆل ژن و پیاو لە دووری کەروبار،
سڵاوێك ئەکەن مل ئەنێن بۆ شار!
ئەم کۆمەڵانە تیایەتی، جار جار،
جوانێکی لادێ کۆڵەوانە لار،
(دیوانی گۆران، ل١٣٨)

(گەورە-بچکۆڵانە)
بەچولر دەوریا ئەپرژێنێ،
دنیا پێ ئەکەنێنێ
لەو گەورە بچکۆڵانە،
ئەم ئەغمە بەرزو جوان،
(دیوانی گۆران، ل١٠٣)

**(کەم خۆر-زۆر خۆر)**
ڕاگیری کردین ستی چارەك سەعات؛
توێشووی نیوە بوو، وردە دوای هات
چای عادەتیمان بوو بە پێنج و شەش
کەم خۆر لە زۆرخۆر زیاتر ئەیویست بەش!
(دیوانی گۆران، ل١٣٩)

**(فێنك-گەرم)**
ئێستا بڕیاری کۆمەڵ وەهایە!
بەپینە(ولیان) تا فێنك دایە
سواربووین، بریمان دۆڵاو دۆڵی گەرم
ڕەش داگیرسا ڕەنگ، کارژی دەردا چەرم!
(دیوانی گۆران، ل١٤٣-١٤٤)

**(پاش-پێش)**
کە لە ناو کەپران جڵەویان گرتین،
زەردەی لووتکەکان پاش و پێش ئەخرێن!
دوو تەختی گەورەی کۆنی دۆشەك پۆش
هەشت نۆ دەیەکی لێ گرتینە کۆش.
(دیوانی گۆران، ل١٤٧)

**(گەورە-بچووك)**
لەوبەر وشکە شیو گەڕەکی گەورە
مزگەوتێکەو ماڵ لێی داوە دەورە!
لە دەشتی ئەمیە، گەڕەکی بچووك
تیایەتی ماڵی کوێخاو زاواو بووك!
(دیوانی گۆران، ل١٥٢)

**(سارد-فێنك)**
بەفر ئاسۆی بڵند بگرێتە چوارچێوەی بلوورینی،
لە چەم هەڵسێ خوڕەو هاژەی شەپۆلی ئاوی خوێنینی!
دڵۆپی ساردو فنێك با لەسەر دارو دەوەن بڕژێ،
پەپوولەی زەردی ئاڵتوونی لەسەر لق هەڵوەرێ، بپژێ...
(دیوانی گۆران، ل١٦٥)

**(گەورە-بچووك)**
منیش وەك ئێوە لە دنیای گەورە گەردێکم بچووك،
حەتتا ناشتوانم بفڕم، بخوتیلم، بەباڵ بەدەنووك!

بەڵام وەك ئێوە لە دڵما ئەگرێن مەیلی سەربەستی؛
ئەمەش ئایینم وەك ئایینتانە: هەردە پەرستی !..
(دیوانی گۆران، ل١٧٠)

(زستان-هاوین، بەهار - پایز)
جوانیەك کە دەستی هونەری یەزدان
نەخشی کێشاوە، نەك سەلیقەی فەننان!
جوانییەك: کۆن نابێ هەرگیز، و هەرگیز،
زستان و بەهار و هاوین و پایز:
(دیوانی گۆران، ل١٩٠)

(پیر-جوان)
قەڵا، تەڵبەن، شوورا، سەنگەر:
حەیوان، ئینسان، شاری، عەسکەر،
ژن، پیاو، پیر، جوان، دەست، قاچ، سنگ، سەر.
پێ شێل کە هەرچیت دێتە بەر!
(دیوانی گۆران، ل١٩٧)

(نێر-برسی)
تاوانم کرد، گەل پێوە نام مۆری ناپاکی،
بۆ زیندانە کۆچی ژینم، دنیای ڕووناکی!
وتم: گەل..نەء ! گەل فرۆشی دەزگاو دووکان گێڕ،
عاری نێر پۆش، خەوشی برسی موو بە موو ژمێر!
(دیوانی گۆران، ل٢١٤)

(مات-شاد)
هەر من نیم(مات)ی وڵاتم،
لە ناو هەزارانا؛ تاك، تاك
لێومان هەیە پێ بکەنێ
لای ئێمە بۆ دنیای شادی
(دیوانی گۆران، ل٢٢٢)

(گەرم-سارد)
نازانم تۆ چیت ئەی گیان؟
یاری نازداری ژیان،
هێزی لەش جووڵاندنم،
هۆی گەرم و سارد چەشتنم،
(دیوانی گۆران، ل٢٢٨)

**(ترس، ئارام)**

**من ئەو دیلەم ئامانجم قیبلەی گشتە؛**
**باسامدار بێ و پڕ دڕك بێ ڕێی ڕاستم**
**مادام هێزی زۆربەی گەلم لە پشتە:**
**دڕك گوڵەو ترس ئارامە بۆ خواستم!**

**(دیوانی گۆران، ل۲۷۰)**

**(دڵ تەنگ- دڵ شاد)**

**ئازاد ئەبم،**
**پاش دڵ تەنگی دڵ شاد ئەبم!**
**بت پەرستم نیم،**
**نابم و نیم..**
**کابرایەکی ڕووت و برسیم**

**(دیوانی گۆران، ل۲۸٤)**

**(نزیك-دوور)**

**خوشکان و برایانی**
**دنیایی زۆر نزیك، زۆر دوور،**
**هێزی ئاشتی و برایی**
**یەکی خستوون لە باکوور**

**(دیوانی گۆران، ل۳۳۲)**

**(سپی- ڕەش)**

**وەك چەپکە گوڵی شایی**
**سپی و ڕەش و زەردو سور،**
**تێکەڵ بوون..**
**بەڕۆژ، بەشەو.. تائەنوون..**
**بەستەتان وا لە دەما،**

**(دیوانی گۆران، ل۳۳۲)**

**(سەرما-گەرما)**

**بلبلەکان لە قەفەسا قەتیس بوون**
**لە سەرمانا نەلەرزین، وەك گوڵ سیس بوون**
**ئەو مەلانەی داڵدەیەکی گەرمیان بوو،**
**دانەوێڵەی چینە مایەی شەرمیان بوون.**

**(دیوانی گۆران، ل۳۳۹)**

**(بچووك- گەورە)**

بۆ چ بچووکت گەورە ناکەی؟
چاوەڕوانیی من هەتاکەی؟
هەلاو..هەلاو..
ڕووناکی چاو!

(دیوانی گۆران، ل٣٦٦)

**(برسی–تێر)**

تەپ وەك زرمەی دەستڕێژ وایە
بێ شەڕ نابێ ئەم دنیایە.
تا ئەتوانن تەپ تەپ فێربن
سێ سك برسی یەك سك تێربن.

(دیوانی گۆران، ل٣٧٠)

**(پایز–بەهار)**

بەفری تازەو بەفری پار
نابڕێ لە لوتکەو نزار
نەپایزو نە بەهار،
قەقبە، قەقبە، قەق!

(دیوانی گۆران، ل٤٢٤)

**(کەم– زۆر)**

کە ئەجروێنن، بەرزو گەش و جوان،
ئەم گشت هەردانە،
دەریا گەورەکان هەموو شت..کەم، زۆر،
ئەگۆڕێن لەگەڵ چەرخی دائیم گۆڕ...

(دیوانی گۆران، ل٤٣٨)

**(دێتەوەهۆش–خەواڵوو)**

ئەگەڕێتەوە ئاخۆ ئەوەی چوو؟
ئەو خۆشەویستەی کە نازدار بوو زوو؟
دێتەوە هۆش خۆی گیانی خەواڵوو
تا بمترسێنێ بۆ ڕۆی ڕابووردوو

(دیوانی گۆران، ل٤٤٤)

**(بێدار – نووستن)**

هۆخەڵکینە! ورتە مەکەن
دەم لەقسە هەرگیز مەدەن
بنوون و هیچ بێدار مەبن

هەر نووستوانن پێ ئەگەن

(دیوانی گۆران، ل٤٤٥)

(تێر–برسی، عەمار–مەن)

هیوای قەڵبی بەختیاری

لەم ژینەدا ئەچێ بەچەن

ژین هەر ژینە: تێر بێ و برسی

ڕزق هەر ڕزقە: عەمار بێ و مەن

(دیوانی گۆران، ل٤٤٦)

(کۆن فڕێ دەن–نوێ بپۆشن)

با، پیر خۆیان لادەن، کوڕی مەیدان نین

سالاوینە، دەی ڕۆژتانە، دەی زینهار!

کۆن فڕێ دەن نوێ بپۆشن، هەتاکەی:

کەش و فشی دڕۆی ناو بەرگی پێرار؟

(دیوانی گۆران، ل٤٤٩)

(سپی–ڕەش)

حیکمەت چییە پێستی ڕۆمی و حەبەشی

ئەمیان سپی، ئەویان ڕەنگی قیر لێی نیشت؟

یان فەساڵی هیندی لەگەڵ تورک بۆچی

ئەم وەك گوناح ڕەش بێ، ئەو گوڵی بەهیشت؟

(دیوانی گۆران، ل٤٦٧)

(تازە– کۆن)

چ دەستەی تازە، چ پیرانی کۆن

هەموو یەك بەیەك، وەك هاتوون ئەڕۆن،

دنیا نامێنێ تا سەر بۆ کەسیان،

چۆن هاتن و چوون، ئەبێ: بێن، بڕۆن!...

(دیوانی گۆران، ل٤٩٢)

(دوێنێ–سبەینێ)

وەك ئەو کتیبانە ئەنووسن

کە دەقیقەی میلۆنێکیان لێ چاپ ئەبێ

بەڵام نەدوێنێ، نە ئەمڕۆ، نەسبەینێ

هەبوو، هەیە، ئەبێ

(دیوانی گۆران، ل٥٠٤)

(ڕەش–سپی)

حوکمی سەری تۆی بەمشتە
لەبەرچاوت بە هەزاران
زەردو ڕەش و سپی ئینسان
ئەداتە بەرداسی درەو
(دیوانی گۆران، ل٥١٨)

**(پێش - پاش)**
لە شەش پیتەکەی جووتی پێش و پاش
قسەی منالّن بۆ شت جوان بێ و باش
لە سێو بۆ پێنج کزی و بێ دەنگی
یەك تا سێ زستان مایەی دڵ تەنگی.
(دیوانی گۆران، ل٥٣٦)

**٢-٣- دژواتایی پێچەوانەیی(تەواوکەری) لە شیعرەکانی گۆراندا:**
**(هاتوون- چوون)**
هەتاوی نەورۆز، مانگی جۆدرەو
زۆر هاتوون و چوون بە ڕۆژ و بەشەو..
خوڕەی قەڵبەزەی کەف زیوینی چەم،
لە هەزار چەشنە پڕشنگی ناو تەم،
(دیوانی گۆران، ل٩)

**(هات-چوو)**
خۆزگەم بە ساڵی ڕابوردوو،
عومری کورتی دڵداریم بوو،
لە پڕ هات و، لە ناکاو چوو..
یەك؛ پڕ بە دنیا ئارەزوو،
(دیوانی گۆران، ل٢١)

**(هات-چۆ)**
دوو سێ لادێی و یەك دوو خزمەتکار
فیشەکدان لە پشت، تفەنگ جانبێزار،
هات و چۆیانە بە گورج و گۆڵی
بەڵام پێك نایە ئیش بە کلۆڵی:
(دیوانی گۆران، ل١٣٦)

**(من کوربووم بۆ ئاغا- ئاغا باوکی کوڕبوو)**
تاهێزی بزوتن لە لەشما بە گوڕبوو،

من کوڕبووم بۆ ئاغا، ئاغا باوکی کوڕبوو
لە(ماندوو نەبوون)ی سەراشیم واق وڕبو،
عەماری لەبەری تەقەلام پڕ- پڕبوو...
(دیوانی گۆران، ل١٩٩)

**(ئەهاتم – ئەچووم)**
لە دنیای ڕووناکتا منیش گریانێ بووم
لە لەشی جوانا؛
وێنەی پەپوولەیەك ئەهاتم و ئەچووم
بەناو گولانا!

(دیوانی گۆران، ل٢٠٩)

**(ژیری دڵسۆز باوك بێت- گەلیش ئەولاد بێ)**
بۆ وڵاتێك هاونیشتمان تیایا ئازاد بێ،
ژیری دڵسۆز باوك بێت و گەلیش ئەولاد بێ!
هەر ئەندامە بە پێی بەهرەو لێ هاتنی خۆی،
مامەو جێگای فرمان کردن ڕێك خرابێ بۆی.
(دیوانی گۆران، ل٢١٨)

**(ئەم هەناسەیە بەخۆشی بژی-مادام خۆی ژیان یەك هەناسەیە)**
کفرو دین بەبەینیان یەك هەناسەیە،
یەقین تا گومان یەك هەناسەیە،
ئەم هەناسەیە بەخۆشی بژی
مادام خۆی ژیان یەك هەناسەیە!

(دیوانی گۆران، ل٤٩٣)

**(هاتوون-ئەڕۆن، بێن-بڕۆن)**
چ دەستەی تازە، چ پیرانی کۆن
هەموو یەك بەیەك، وەك هاتوون ئەڕۆن؛
دنیا نامێنێ تا سەر بۆ کەسیان،
چۆن هاتن و چوون، ئەبێ، بێن، بڕۆن...
(دیوانی گۆران، ل٤٩٢)

**٢-٤- دژواتایی ئاراستەیی لە شیعرەکانی گۆراندا:**

**(ئەرزا-بەرزا)**
بە ئاهەنگتر، بە خوڕۆشتر،
بە گوێچکەی دڵ دەنگی خۆشتر

پێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا:
جوانێ لە بەژنێکی بەرزا!...
(دیوانی گۆران، ل١٢)

(شۆڕ–بەرز)
ئەم دێیە جێ دێڵم: بێ نیشان، بێ شوێن پێ،
ئەی پەری! سڵ مەکە، لامەدە بۆ لاڕێ!
ئەو نیگانیو کەچەی ئەو چاوە مەستانە!
شۆڕ مەکە بۆ بەرپێ، بەرزو گەش بڕوانە!
(دیوانی گۆران، ل٢٦)

(لووتکە–دۆڵ)
لەژێر ئاسمانی شینا
لە پاڵ لووتکەی بەفرینا
کوردستان گەڕام
دۆڵاو دۆڵ پێوام؛
(دیوانی گۆران، ل٢٨)

(دەشت–چیا)
کەمۆڵم دا مێگەلی تێر لەسەر سەوزەگیا
زەردەی هەتاو ئەگرێتە ژێر ڕووی دەشت و چیا
هەر نازدارە، بۆ هەڵپەڕکێ جۆشی لەسەریا.
لە شمشاڵم ئەنێ بەناز ڕووی نیازی چیا.
(دیوانی گۆران، ل٥١)

(زەوی – ئاسمان)
پیاوماقوڵی ڕاسپێری کرد تارەك سازبکرێ،
زوو ئەم شۆخە نەرم و نۆڵەی بەبووك بۆ ببرێ،
کوڕی شوانە کە ئەمەی بیست شێت بوو، دایەکێو
زەویی داگرت بەتف کردن، ئاسمان بە جنێو!
(دیوانی گۆران، ل٥٩)
(شاخ–دەریا، بەرز–قوول، ئاسمان–دەریا)
کام شاخ کە سەخت و بەرزە
بیخەوە بوومەلەرزە
کام ئاسمان بێ بنە
ناخی پڕکەم لە شنە
یاکام دەریا زۆر قووڵە

بنی بیخەمە جووڵە!
(دیوانی گۆران، ل١٠٧)

(ئەستێرە–دەریا)
شیعری جوانت ئەوێ، قوربان، شیعری جوان،
شیعرێك گەشەو زەردەخەنە با بە ژیان!
شیعرێ چەشنی ئەستێرە بجریوێنێ،
روون بێ، ناخی دەریای دەروون بنوێنێ،
(دیوانی گۆران، ل١١٤)

(لووتکە–دۆڵ)
کۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردن کەش
ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش!
سەرپۆشی لووتکەی بە فری زۆر سپی،
بەدارستان ڕەش ناو دۆڵی کچی...
(دیوانی گۆران، ل١٢٧)

(سەرەوژوور–سەرەوخوار)
ناو ڕێگا تەق تەق، لاڕێ بەردی زل
کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تل
گا سەرەو ژوورە، گا سەرەو خوارە،
تاڵی و شیرینی دنیای ڕێبوارە!...
(دیوانی گۆران، ل١٢٨)

(ئەم لا–ئەولا)
لەشکر ڕووی نابوو بۆ دەشتی لاڕێ،
هەر ڕێچکەی سوار بوو ئەم لا و ئەولای دێ
تادەرچوو لە دێ تارای سووری بووك،
ڕمبازی سارد بوو، تەقە تاکو تووك!
(دیوانی گۆران، ل١٤٩)

(پێیە داینێ– پێیە بەرزۆکە)
گوڵا بە ئاهەنگی ((ئامان)) لەرزۆکە
پێیە دابنێ و پێیە بەرزۆکە
بەناز لار بگرە سەری بێ پووشین
بابریقەی بێ کلاوزەڕ چین چین!
(دیوانی گۆران، ل١٥٣)
(بەرز–عەرز)

ئەکا دەمی و، پێی ئەڵێ عەرش!
بۆ بن دەریای تاریك و ڕەش،
بۆ ناو هەموو بروسکەی بەرز
بۆ جێی دوور دوور لەسەر ڕووی عەرز.
(دیوانی گۆران، ل١٩٧)

(خوار–ژوور)
قوتابخانەی، بیمارستان،
کۆگای فەن کردی کۆن و جوان

شوێنی بە کەڵك گشت خاپوورکە
بنچینەو بان خواروو ژوورکە!
(دیوانی گۆران، ل١٩٧)

(ئەهاتم–ئەچووم)
لە دونیای ڕوناکتا منیش گیانێ بووم
لە لەشی جوانا؛
وێنەی پەپوولەیەك ئەهاتم و ئەچووم
بەناو گوڵانا!
(دیوانی گۆران، ل٢٠٩)

(دەریا–کێو)
لەگەڵ سوپای وردە درنج
دایانە بەر دەشتی برنج،
دەم ئاخنراو لە جنێوا
ورووژان لە دەریاو کێوا..
(دیوانی گۆران، ل٢٣٩)

(ڕاست–چەپ)
دانراوە بۆ کۆتری شین
مەلی ئاشتی بەهەشتی ژن،
بەراست و چەپا ئەگەڕێ،
خاپوور نەکاو ئەکوژێ ئەبڕێ..
(دیوانی گۆران، ل٢٤٠)

(خوار–ژوور)
گریمان: نەك سەرەك، تۆ شای..
خێوی خوارو ژوورو کۆریای

بەڵام، عەرشی ناو کەلاوە
جێگای(بوو)وە، نەك هیی پیاوە.
(دیوانی گۆران، ل٢٤٤)

(چیا-دەریا)
لەگەڵ کۆتر شوێن ڕووناکی ڕۆژکەوتم
نەڕۆژ، نەشەو... نەخەوتم
چیاو چیا، دەشت و دەشت، دەریاو دەریا
پێوانەم کرد بەرەو باکور ڕووی دنیا...
(دیوانی گۆران، ل٣٠٦)

(هەوارز-لێژ)
بە هەنگاوی گورج و درێژ
ئەبڕین ڕێگای هەوارزو لێژ
بەدەم سەرگەرمی هیواوە
بە باڵ ئەفڕین،
(دیوانی گۆران، ل٣١١)

(ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوا)
پیاوخۆرێك وا
بە گۆشتی ڕۆڵەی خۆی چەش بێ
ڕۆژهەڵات بۆی، وك ڕۆژئاوا،
دەبۆی تیربێ، هی تەرکەش بێ،
دیارە هەرگیز لە پەلامار
وازناهێنێ وەك گورگی هار!
(دیوانی گۆران، ل٣٢٨)

(ئەرز-ئاسمان)
ئەی لاوان،
کچان، کوڕانی ڕووی ئەرز!
باگۆڕانیتان ئاسمان
کەڕکات بە شەپۆلی بەرز!
(دیوانی گۆران، ل٣٣٠-٣٣١)

(سەرو-ژوور)
جوولە بەزستان ئەتەزێ
سەرما وەکوو مار ئەگەزێ
تا گوڵاڵە دەشت سوورنەکا،

پیاو ئاسان سەرو ژوور نەکا،
دەست دانە شۆڕش گرانە،
لەم وڵاتی شۆڕش گرانە.
لەم وڵاتی کوردستانە!
(دیوانی گۆران، ل٣٥٨)

**(ڕاست-چەپ)**
تەپ تەپ، تەپ تەپ..
بە هەردوو دەست سێ ڕاست یەک چەپ
تەپ وەك زرمەی دەست ڕێژ وایە
بێ شەڕ نابێ ئەم دنیایە!
(دیوانی گۆران، ل٣٧٠)

**(هاتنمان-چوونمان)**
لە هاتنمان و چوونمان سووکوانی
بۆ تەونی هیوا تای دەزووکوانێ
لەتاو چەمبەری چەرخا هەزاران،
گیان سووتاو خۆڵی بەباچوو کوانێ؟
(دیوانی گۆران، ل٤٩١)

**(هاتن-چوون، بێن-بڕۆن)**
چ دەستەی تازە، چ پیرانی کۆن
هەمووی یەك بەیەك، وەك هاتوون ئەڕۆن
دنیا نامێنێ تا سەر بۆ کەسیان
چۆن هاتن و چوون، ئەبێ بێن بڕۆن!...
(دیوانی گۆران، ل٤٩٢)

**(ئاسمان-زەوی(زەمین))**
گایەك لە ئاسمان ناوی پەروینە
گایەکیش ئەڵێن لە ژێر زەمینە
ساچاو بگێڕە ئەی خاوەندی هۆش
لە ناو دووگادا کەرگەل ببینە!
(دیوانی گۆران، ل٤٩٣)

**(زەوی-ئاسمان)**
ئەو کەسەی زەوی و ئاسمانی دانا
بەشی دڵ داغی گرانی دانا
زۆر لەعەلی لێوو مسکی ئەگریجەی

نایە چاڵ، خاکی لە بانی دانا!
(دیوانی گۆران، ل٤٩٦)

**(ڕۆژهەڵات–ڕۆژئاوا)**
نامەوێ بمرم
مەمبەن بەرەو باکوور
مەمبەن بەرەو ڕۆژهەڵات
نامەوێ بمرم
نامەوێ بمرم
مەبمەن بەرەو ڕۆژئاوا
لەم شوێنە بەجێم مەهێڵن
بمیەن بۆ شوێنانی تر
(دیوانی گۆران، ل٥٠٨).

**(خوارو–ژوور)**
نیشانەی داخەکانیان هێشتا بەسنگانەوە دیارە
نەتفەنگمان هەبوو، نە کەرەمان چنگ ئەکەوت،
(گرانی) بە خوارو ژووری گوێ چەمی(ڤۆڵگا)دا دزە لۆقەی ئەکرد.
لە کاتێکا کاربەدەستان(نیپ)فیزیان ئەفرۆشت.
(دیوانی گۆران، ل٥١٠)[٤٥].

## ئەنجام

١– لەزمانی کوردیدا چەندین زاراوە بۆ دژواتایی بەکارهاتووە، لەوانە (دژیەك، هاڤدژ، هاودژ،....هتد)، بەو واتایەی کە زمانەوانان هاورێك نین لە بەکارهێنانی زاراوەی دژواتایی.
٢– دژواتایی تەنها بابەتێك نییە لە ڕەوانبێژی، بەواتایەکی تر تەنیا لە ڕوانگەی ئەدەبەوە لێی ناکۆڵدرێتەوە، بەڵکو لە ڕوانگەی زمانیشەوە بە تایبەتی لە بواری پراکماتیك لێی کۆڵدراوەتەوە. ئەگەرچی ڕەوانبێژی لە بنەڕەتدا بابەتێکە لە بابەتەکانی زماننناسی، کەچی لە بواری ئەدەبدا بۆ مەبەستی جوانکاری لێی کۆڵدراوەتەوە.
٣– جۆرەکانی دژواتایی لە بواری زمانناسیدا بریتین لە(دژواتایی بێ پلە، دژواتایی پلەدار، دژواتایی پێچەوانەیی، دژواتایی ئاراستەیی).

[45] محەمەدی مەولا کەریم، دیوانی گۆران، چاپی سێیەم، ٢٠٠٤.

٤- جۆرەكانی دژواتایی لە بواری ئەدەبدا بریتین لە(دژواتایی ئەرێنی، دژواتایی نەرێنی).
٥- بەشێوەیەكی زۆر فراوان دژواتاكانی (بێ پلە، پلەدار، ئاراستەیی) لە شیعرەكانی گۆران بەكارهاتووە، بەڵام بە ڕێژەیەكی زۆر كەم(پێچەوانەیی) بەكارهاتووە.

## لیستی سەرچاوەكان


**پەرتووكەكان:**
١- ئەورەحمان حاجی مارف، وشەی زمانی كوردی، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٥.
٢- سەلام ناوخۆش، نەریمان خۆشناو، زمانەوانی، بەرگەكانی(یەكەم، دووەم، سێیەم)، ٢٠٠٩.
٣- علاءالدین سجادي، خۆشخوازی- گوزارەكانی، ڕەوانكاری، جوانكاری، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین، ١٩٨٦.
٤- عبدالله عزیز محمد بابان، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی كوردیدا، نامەی ماجستێر، زانكۆی سەلاحەددین، ١٩٩٠.
٥- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی كوردی، بەرگی دووەم، هەولێر، ١٩٧٥.
٦- محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، زانكۆی سەلاحەددین، ١٩٩٠.
٧- محمدی مەولا كەریم، دیوانی گۆران، چاپی سێیەم، ٢٠٠٤.

**نامەی ماجستێرەكان:**
١- ئارا عەلی ئەحمەد، كوتێن واتایا شێوازی بۆ هەڤ واتایا تەواو(گۆڤەرا بەهدینان)، چاپی ئێكێ، دهۆك، ٢٠٠٨.
٢- بێخاڵ عەبدوڵڵا سەعید، واتاسازی وشە، نامەی ناجستێر. زانكۆی سەلاحەددین، ١٩٨٩.
٣- دارا حەمید محەمەد، پێوەندییە واتاییەكان لە زمانی كوردیدا، نامەی ماجستێر، زانكۆی بەغدا، ٢٠٠٦.

٤- سازان ڕەزا موعین، واتاو دەوروبەر، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٥.

**گۆڤار:**

١- سەلام ناوخۆش، پوختەیەك لە بارەی پێوەندییە واتاییەکان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١٢٠)، ٢٠٠٧.


**موحازەرات:**

١- د.فەتاح مامە، موحازەراتی زمانەوانی، کۆلێژیە پەروەردەی بنیات، ٢٠٠٧-٢٠٠٨.

٢- م.نەریمان، موحازەراتی واتاسازی، کۆلێژی پەروەردی بنیات، ٢٠٠٨-٢٠٠٩.

# لەساڵیادی کۆچی دوایی زمانناسی گەورەی کورد: دکتۆر محەمەد مەعروف فەتتاح

گۆڤاری زمانناسی



١- **ژیاننامە:**

* لە ساڵی ١٩٤٣ لە گەڕەکی کانێسکان لە سلێمانی لە دایکبووە.

* خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لەو شارە تەواوکردووە.

* ساڵی ١٩٦٠ ـ ١٩٦١ ئامادەیی تەواوکردووە بە پلەی یەکەمی شارەکە لە بەشی ئەدەبی، هەر ئەو ساڵەش لە بەشی ئینگلیزی کۆلێژی پەروەردە لە بەغدا وەرگیراوە.

* ساڵی ١٩٦٤ — ١٩٦٥ بە پلەی یەکەم ئەو بەشەی تەواو کردووە.

* ساڵی ١٩٦٦ لە هەڵەبجە بە مامۆستای ئینگلیزی دامەزراوە و ماوەی دوو ساڵ لەوێ ماوەتەوە.

* ساڵانی ١٩٦٨ ـ ١٩٧٢ مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووە لە ئامادەیی سلێمانی و لە دواناوەندی کچان و ناوەندی سەلاحەددین سەروانەی گوتوتەوە.

* ساڵی ١٩٦٨ زەمالەی وەرگرتووە کە لە ئەمەریکا بخوێنێ، بەڵام بەداخەوە شەڕی عەرەب و جوولەکە ئەو هیوایەی لەسەرەتادا کوشت.

* ساڵی ١٩٧٢ بە مۆڵەتی خوێندن بۆ ماستەر لە زمانەوانیدا لە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت وەرگیراوە، لە ساڵ و نیوێکدا خوێندنەکەی تەواوکردووە بە پلەی باڵا، ماستەرنامەکەی یەکەم هەوڵدان بوو لە عێراق و ناوچەکەدا بۆ پیادەکردنی هەندێ تیۆر و تێڕوانینی نوێ لە زمانەوانی کوردیدا.

* لە دوای گەڕانەوەی لە ١٩٧٤ دا بۆتە سەرپەرشتی پسپۆری لە سلێمانی.

* دوای ساڵێك ڕاژەی گوێزراوەتەوە بۆ زانکۆی سلێمانی / کۆلێژی ئاداب بەشی کوردی (ئەوکات هەر ئەو بەشەی زمان هەبوو) لەسەر داوای سەرۆکی زانکۆی ئەوکات.

* لە ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ زانکۆی سلێمانی هاتۆتە هەولێر و لەو کاتەوە لە هەولێر جێگیر بووە.

* بەهەموو پلەکانی بەرزکردنەوەی زانستیدا تێپەڕبووە لە مامۆستای یاریدەدەرەوە بۆ مامۆستا و پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پرۆفیسۆر لەدوای هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەکانی لە دەرەوەی عێراق.

* لە ساڵانی هەشتادا هەوڵی تەواوکردنی دکتۆرای داوە، سێ جار زەماڵە و شوێنی پەیدا کردووە لە زانکۆ هەرە بە ناوبانگەکانی ئینگلتەرا، بەڵام ئەنجومەنی شۆڕش، هەر سێ جار بە نووسراوی فەرمی ڕێگەی لێگرتووە، لەبەر هۆکاری رامیاری.

* لە ساڵی ١٩٨٥ دا لەگەڵ نزیکەی (٢٠) مامۆستای زانکۆی سەلاحەدیندا پێی راگەینرا کە گوێزراوەتەوە بۆ گوندێك لە کوفە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ (خەتی شۆرش)دا خۆی ناگونجێنێ، بەڵام وەزیر کە سەیری فایلەکەی کردووە، رازی نەبوو کە بچێتە دەرەوەی زانکۆ.

* لەساڵی ١٩٨٧ دا سوپاسنامەی لە وەزیری خوێندنی باڵاوە بۆ هاتووە، لەبەر لێهاتوویی لە وانە گوتنەوەدا، لە دوای ئەوەی هەموو ساڵەکانی ڕاژەی لە زانکۆدا بە پلەی (باڵا) دانرابوو.

٢- کاروباری بەڕێوەبردن:

* لە ساڵانی ١٩٧٨ - ١٩٨٥ بڕیاردەری بەشی کوردی بووە.

* لە ساڵانی ١٩٨٥ - ١٩٩٢ سەرۆکی بەشی کوردی بووە.

* لە ساڵانی ١٩٩٠ - ١٩٩٢ سەرۆکی هەردوو بەشی کوردی و ئینگلیزی بووە.

* لە ساڵانی ١٩٩٢ - ١٩٩٤ ڕاگری کۆلێژی ئاداب بە وەکالەت بووە.

* ساڵی ١٩٩٤ کراوە بە یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ، هەر لەو ساڵەدا لەبەر باری هەرێم سەرۆکایەتیی زانکۆی نەکردووە، لەدوای ئەمەش لە پۆستە ئیدارییەکان دوورکەوتۆتەوە.

٣- **کاروباری زانستی**:

* لە ساڵی ١٩٨٦ وە دەورێکی چالاکی بینیوە لە خوێندنی باڵای ماجستێر و دوکتۆرا چ لەڕووی وانەگوتنەوە چ لەڕووی سەرپەرشتی و بەشداربوون لە تاوتوێکردنی نامەکاندا لە بەشەکانی ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی لە زانکۆکانی سەلاحەددین و بەغدا و موسڵ، لەدوایدا سلێمانی و دهۆك و کۆیە. ژمارەی ئەوانەی ماستەریان بە سەرپەرشتی ئەم وەرگرتووە دەگاتە چل و زیاتر ژمارەی ئەوانەی دکتۆرایان لە کوردی و ئینگلیزی بەسەرپەرشتی ئەم وەرگرتووە، دەگاتە (١٥) تا ئێستا بە چالاکی لەم بوارە کار دەکات.

* جگە لە دکتۆرانامەکەی کە (لە زانکۆی ئەمستردام وەری گرتووە) ماستەرنامەکەی سێ کتێبی لە بارەی زمانەوانییەوە چاپکراوە لەسەر ئەرکی زانکۆ لە ساڵانی (١٩٨٥)وە وەك سەرچاوە بەکاردێن.

* نزیکەی (٣٠) لێکۆڵینەوەی زانستی نووسیوە و لە گۆڤارەکانی زانکۆی موستەنسریە و زانکۆی سەلاحەددین و رۆشنبیری نوێ و (ئەو کاتەی کە گۆڤارێکی زانستی بوو لێکۆڵینەوەکانی هەڵدەسەنگێنرا) گۆڤاری کۆڕی زانیاری دا بڵاوکراونەتەوە، نزیکەی (١٥) لەم لێکۆڵینەوانە بە زمانی ئینگلیزین و ئەوانی تر کوردی.

تەمەنی نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی حەفتاکان و یەکەم لێکۆڵینەوەی زانستی لە گۆڤاری کۆڕدا ساڵی ١٩٧٩ بڵاوبۆتەوە، بەڵام پێشتر هەندێ وەرگێڕانی هەبووە.

**٤ـ بەرهەمەکانی:**

١ـ هێماکاری و زمانەوانی ١٩٨٥.

٢ـ شێوازی ئاخاوتن لە ناو ئافرەتی سلێمانیدا ١٩٨٥.

٣ـ کار پۆلینکردن بە پێی رۆنان ١٩٨٩.

٤ـ وشەی لێکدراوی بەستراو ١٩٨٩.

٥ـ سنوور و بنەما و ئەرکەکانی کۆزمانەوانی ١٩٨٦.

٦ـ هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کوردیدا ١٩٩٠.

٧ـ خۆیەتی لە زاری سلێمانیدا ١٩٧٩.

٨ـ رێنووسی کوردی لە روانگەی فۆنەتیکەوە ١٩٨٣.

٩ـ باس وەك نموونەیەکی رستەی کوردی ١٩٨٧.

١٠ـ دیسان ئیدیەم ١٩٨٦.

١١ـ زمانی مرۆڤ و زمانی زیندەوەری تر ١٩٨٤.

١٢ـ ئیدیەمەکانی هاتن و چوون، روانگەیەکی پراگماتیکی ٢٠٠٥.

١٣ـ زمانی شیعر ـ روانگەیەکی زمانەوانی و پراگماتیکی ٢٠٠٧.

١٤ـ فەرهەنگی هۆشەکی ٢٠٠٤.


١٥ـ بەرکاری ناراستەوخۆ بەرکارە یان سەربار؟ ٢٠٠٧.

١٦ـ زمانەوانی ١٩٨٧، ١٩٩٠، ٢٠١١.

١٧ـ بەرهەمە زمانەوانییەکانی د. محەمەد مەعروف فەتتاح، ٢٠١٠.

* لەهەموو وەرزە رۆشنبیرییەکان و کۆنفرانسەکانی زمان لە زانکۆکانی هەرێم و زانکۆی بەغدا و مووسڵ بە لێکۆڵینەوە بەشداری کردووە لە ساڵی ١٩٨٠ وە تا کۆچکردنی.

ژێدەر : گۆڤاری ئەکادیمی، ژ (١٥).













Ph.D.Prof Muhammad Maruf
(1943 - 2010)

# ئەو سێ وڵاتەی گەرچی چەندین ملیۆن کوردی تیا دەژی بەڵام لێناگەڕێن بە زمانی کوردی بخوێندرێ.

پارێزەر/ تاریق جامباز

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە ژمارەی موسڵمانانی جیهان (ملیارێك و نیوە) و ژمارەی عەرەب ٣٠٠ ملیۆنە، واتە ڕێژەیان لەتێکڕا و پێکڕای موسڵمانان ٢٠٪، بەڵام ٨٠٪ ی دیکەیان غەیرە عەرەبن، گەرچی توندڕەوانی عەرەب بەهەڵەداچوون کەوا دەزانن یان تێگەیشتوون کە ئەوەی بووە موسڵمان، دەبێتە عەرەب، چونکە ئەمە پێچەوانەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر بێ).

## ئایەتەکان

١- (وَمِنْ آيَاتِه خَلْقُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَاْخْتِلاَفُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَنِكُمْ إِنَ في ذَلكَ لأَيَاتٍ للعالمين).

٢- (وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسولٍ إلاَ بلِسَانِ قَوْمِه لِيُبَيِّنَ لَهُمْ).

٣- (حتَّى إِذَا بَلَغَ بَيْنَ السَّدَّيْنِ وَجَدَ مِنْ دُونِهِمَا قَوماً لا يَكَادُونَ يَفْقَهوُنَ قَوْلاً).

٤- (يَا أَيَا النَّاسُ إِنَا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وأُنْثَى وجَعلنَاكم شُعُوباً وَقبَائِلَ لِتَعَارَفوا إِنَ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ الله أَتْقَاكُمْ).

## فەرموودەکە

**(ما منكم من أحد يوم القيامة إلا ويكلمه ربه بلغته من غير ترجمان).**

بۆیە دەپرسین بۆچی و لەبەر چی ئەم ئایەتانەو ئەو فەرموودەیە لەو سێ وڵاتە، گەرچی چەندین ملیۆن کوردی تیا دەژی، بەتەواوی لەو وڵاتە موسڵمانانە جێبەجێ ناکرێن و گەر بڵێن هەمووان موسڵمانین، منیش دەپرسم بۆچ بۆ ئێوە ڕەوایە (زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی) بەزمانی ڕەسمی بزانن و زمانی کوردی و

زمانەكانی دیكەش نكۆڵی لەبوونیان یا پەراوێز دەكرێن، وگەر بڵێن خەڵك ئازادە ئاخافتن‌و قسە پێ كردن‌و پەیڤین، سەرباری ئێزگەی رادیۆو تەلەفزیۆن بەزمانی كوردی هەیەو سەتەلایتی (TRT6) بەزمانی كوردی پەخش دەكرێ، هەروەها رۆژنامەو گۆڤار بەزمانی كوردی دەردەچێ‌و بەرهەمی نووسینیش چاپ دەكرێ‌و كۆرسی زمانی كوردی لەزانكۆ دەوترێتەوە، ئەمانە هەر هەموویان هەنگاوی سەرەتایین، لەبەر ئەوەی لەكارو قۆناغەكانی خوێندن‌و دەزگاكانی حكومەت‌و كەرتی تایبەت هەر تەنیا زمانی توركی‌و فارسی‌و عەرەبی بەكاردەهێنرێ، دەبێ حوكمڕانانی ئەو سێ وڵاتە بزانن ئەوەی ساغبۆتەوە (هەر زمانێ) گەر خوێندن بەو زمانە لەقوتابخانەكانی وەزارەتی پەروەردە نەخوێندرێ نەك لە ئەهلی (تایبەتی) ئەوا رۆژ لەدوا رۆژ بواری بەكارهێنانی تەسكترو مەودای كەمتر دەبێتەوەو دەرنجام بەرەو هەڵدێری تونێلی تاریكی (شەوە زەنگی) لەناوچوون‌و فەوتان دەچێ، لەبەر ئەوەی لەسەریەك زمان‌و یەك نەتەوە یەك ئاڵا راهاتوون.

ئەوەی مەبەستمە لەم نووسینە باسی قەدەغەكردن‌و نكۆڵی لەزمانی نەتەوەیەكی موسڵمانی چل ملیۆنی دەكرێ، نەیەكێتی جیهانی زانایانی موسڵمان‌و نە رێكخراوی كۆنگرەی ئیسلامی كە لە ٥٧ وڵات پێك دێت‌و نە پەرلەمانی ئیسلامی... هتد. هەڵوێستیان نەبووەو تاكو ئیستاش دابێ (٢٠١١) تاكە یەك قوتابخانەی وەزارەتی پەروەردە گەرچی لەو سێ وڵاتەی كە چەندین ملیۆن كوردی تیا دەژی بەڵام رێگە نادرێ لەهیچ كامیان بەزمانی كوردی بخوێندرێ تا ئەو رادەیەی لەبەندیخانەكانیش نامە نووسین بەزمانی كوردی (قەدەغەیە).

بۆیە هیوادارین كە مامۆستایانی كوردی موسڵمان پترو زیاتر باسی ئەو لایەنە بكەن بەتایبەتی لەو مزگەوتانەی كە ژمارەیان (٢٨٠٠) مزگەوتە لەهەرێمی كوردستاندا كە وتاری رۆژی هەینیان تیا دەخوێندرێتەوە، چونكە لایەنی یەكسانی زمانەكان زۆر كەم باس كراوەو سەرەڕای وشیاری‌و رۆشنبیری لەم بارەوە لەئاستێكی یەكجار نزمدایە.

# یاسای زمانە ناوچەییەکان یەکەم هەوڵی حکومەتی ئێراقی بۆ دابەشکردنی کوردی باشوور بۆ دوو نەتەوە

سەلام ناوخۆش

## دەورووازەیەک

یەک – زمانی نەتەوەیی مەرجێکی بنەڕەتی یەک نەتەوەیە هەروەها فاکتەری مانەوەی نەتەوەیە .نەتەوە بوون ،بەر لەوەی مەحکومی،چەند هۆکارێکی ئەتنیکی، نەتەوەیی ،کۆمەلایەتی و ئەستروپۆلۆژی، جوگرافیی بێ ،ئەوە هاوهەستی و هاو دەرونی و پەیوەستبوون بە کەلتوری ڕۆحی و داب و نەریتی نەتەوە و زمانی نەتەوە بونیادی ڕۆحی نەتەوەبوون دەسەلمێنن . هەر نەتەوەبوونێك لە دەرەوەی بازنەی کەلتوری ڕۆحی نەتەوە بێ، تەنها سترەکچەرێکی بێ گیانە مەرگی ، لە ناوچوونی یا هەر چ نەبێ پووکانەوەی مەحکومی مێژووە . هەر لەو پێودانگەوەش مێژووی مرۆڤایەتی پڕیەتی لە "مێژووی بێ گیانی" ئەو نەتەوانەی لە دەرەوەی کەلتوری ڕۆحی نەتەوەکەیان و زمانەکەیان ماوەیەك ژیان!

لە دوای دابەشکردنی ئەمپراتۆریەتی عوسمانی ١٩١٨-١٩٢٤، کە کورد گەورەترین باجی دا ، پرسی " نەتەوە بوونی" لە ئەژێندای هاوپەیمانی ڕۆژئاوایی زۆر گومانی بۆ دروستکرا.ئەمە جگە لەوەی سیاسەتێك پەیوەست بوو بە دیماگۆیەتی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا،ئەوە ئینتمای بەشێك لە دەسەلات و خوێندەواری کورد بۆ هۆزو عەشیرەت ودەڤەرو ناوچە لە بریتی نەتەوە و نیشتمان هۆکاری تر بووە بۆ ئەوەی گومانەکە ،عەرەب و تورك وفارسیش کاری لەسەربکەن.

ئەم کورتە نووسینە هەوڵ دەدات خوێندنەوەیەك بۆ یاسای زمانەناوچەییەکانی حکومەتی عێراق بکات،وێرای ئەمەش هەوڵ دەدات لە فاکتەرەکانی جاڕدانی ئەو

یاسا تایبەتـە وناو نـانی یاسـاکە بـە یاسـای زمانـە ناوچـەییەکان و هەنـدێ لـە بەندەکانی بدوێ .

**ڕەوشی زمانی کوردی پێش دەرچوونی یاساکە**

پـێش ڕاگەیانـدنی حوکمدارییەکـەی شـێخ مەحمودلـە ژێـر چـاودێری وڕاسـپاردەی ناراسـتەوخۆی فـەرمانڕەوایی ئینگلیـز لەناوچـەکە،زمانی کـوردی _زمانی ئەدەب و خوێندنی ئایینی (حوجرە) بوو _ بەڵام کوردی زمانی کارگێڕی و حکومەت نەبوو،هەر بۆیە لە ئەزموونی یەکەمی شێخدا (١٩١٩) زمـانی کـوردی پرسێکی ستراتیژی حوکومەتەکەی شێخ مـەحمود و براکـەی نـەبوو. "ئـەزموونی ڕۆژنامەکەی مێجەرسۆن(پێشکەوتن)سەرەتایەك بووبۆ ئـەوەی زمـانی کـوردی لـە بواری ڕۆژنامەگەری وحکومەت بەکاربێ . هەرچی ڕۆژنامەی " کوردستان" کاتی خۆی نەیتوانی ئەو ڕۆلە بگێڕێ ، چونکە کورد حکومـەتی موئەسەسـاتی نـەبوو هەروەها خاوەن دەسەڵاتی نەتـەوەیی خـۆی نـەبوو! ! ! لـە حکومـەتی دووەمدا ،کە بەسەرۆکایەتی شێخ قادری برای شێخ مەحموود بوو، شێخ مـەحموود خـۆی وەکـو(مـەلیکی کوردسـتان) ڕگەیانـد. ئـەو حکومەتـە زمـانی کـوردی بـە زمـانی ڕەسمی دەسەڵاتەکەی ناساند و ڕۆژنامـەی (ڕۆژی کورسـتان)یـشی کـردە زمـانی خۆی .ئەو کارەی شێخ مەحمود زمانی کوردی کردە ناسنامەی نەتـەوەیی کـورد بە جۆرێ هەتا ئەو لیژنەیەی لە کۆمەڵەی گەلانەوە بۆ دیاری کردنـی چارەنوسـی خوارووی کورستان لە عێراق و تورکیا وە هاتبووە ناوچەکە –هەرچـەندە لـە ژێـر هەژموونی ئینگلیـز ناچـار بـوو ویلایـەتی موسـڵ بـە بەرژەوەنـدی (عێـراق) سـاخ بکاتەوە– بەڵام، نکۆلی لەوە نەکرد کە کورد لە عەرەب و تورك جـودان و زمـانی کوردیش زمانێکی ئارییە هەروەها دوو مەرجی بنەڕەتی بۆ ئەو لکانە زۆر ملێ یـە دانا:

**یەکەم**: عێراق هەتا ٢٥ ساڵی تر لەژێر ماندێتی بەریتانی دابێت .

**دووەم**: داواکارییـەکانی کـورد لەبەرچـاو بگـیرێ ، بەتایبـەتی لـە دامەزرانـدنی فەرمانبـەری کـورد بـۆ بـەڕێوەبردنی وولاتـی خۆیـان. **زمـانی کـوردی زمـانی دادگاوفێرکردن بێ هەروەها زمانی کوردی ڕەسمیی بێ لەوێ .... ئەگەر** عێراق ئەمە قەبوڵ نەکات ئەوا ئـەوها باشـە ناوچـەکە لـە ژێـر دەسـەڵاتی تـورکی دابێ ". لەلایـەکی تـر ، حکومـەتی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٢٥ یەکـەم دەسـتوری عێراق پەسند کردو یەکەم ئەنجومەنی نوێنـەران کەلـە ٨٨ ئەنـدام پێکهـاتبوون ( تەنها پازدەیـان کـورد بـوون ) لـە تـەمموزی ١٩٢٥ دەسـتی بەکۆبونـەوە کـرد . ڕاسـتە لـەو دەسـتورەدا هـیچ ئاماژەیـەکی ناسـنامەیەی نەتـەوەیی بـۆ کـوردو

زمانەکەی نەکرابوو ، بەلاّم بەندەکانی یاساکە دان بەوە دەنێن کە عێراق دەوڵەتێکی فرە نەتەوەو فرە زمانە . لەبەندی شەشەمدا هاتووە : **عێراقییەکان لەبەردەم یاسا جیاوازییان نییە هەرچەندە لە نەتەوە، ئایین ، زمان جیاواز بن "** هەروەها لەبەندی شازدەهەمیش هاتووە : **تایەفە جیاوازەکان مافی دامەزراندنی قوتابخانەیان هەیە بۆفێرکردنی منداڵەکانیان و هەریەکە بە زمانی خۆی . "** لەماوەی ئینتدابی بەریتانیدا (١٩٢١___ ١٩٣٢ ) دووخولی هەڵبژاردنی تر ، جگە لەوەی ١٩٢٥ ، ئەنجامدراوە . لەو دووخولەش ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی لەسەر هەندێ لە مەسەلە نەتەوییەکانی کورد بەخۆ کەوتن وەك: **مەسەلەی زمان و خوێندن بەزمانی کوردی.ئەو نوێنەرانە،چەندەها مەزبەتەیان ئاراستەی حکومەتی عێراق و کۆمیسیاری باڵای بەریتانیا کرد یەکێ لەو مەزبەتانەی کە بۆ سەرۆك وەزیرانی عێراقیانناردبوولەبەشێکی داهاتوو (بەرەسمی ناساندنی زمانی کوردی)یەکێ لە خاڵە** بنەرەتیەکانی ئەو داواکاریانە بوو .لەناوئەو فشارانەدا نوری سەعیدی سەرۆك وەزیرانی عێراقی ناچار بوو گفت بە کوردان بدات کە زمانی کوردی لە کوردستان دەکاتە زمانی رەسمی.دەقی ئەو (گفت)و بریارەرەی نوری سەعیدو تەلگرافی گەورە پیاوانی کورد بۆ ئەو هەڵوێستەی سەرۆکی حکومەت لەبارەی زمانی کوردیەوە لە وتارێك لە لاپەرە (١١)ی ژمارە(٢٢)ی ساڵی ١٩٣٠ ی گۆڤاری (زاری کرمانجی) بلاّوکراوەتەوە.

### دەقی یاسای زمانە ناوچەییەکان
### Local Language Law

یاسای زمانە ناوچەییەکان، یان رێکتر یاسای رێدان بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە باشوری کوردستان، یەکەم بەڵگەی یاسایی یە کە حکومەتی عێراقی و شا فەیسەڵی شای عێراق بە رەسمی دان بە زمانی نەتەوەیی کورد لە باشوری کوردستان دەنێن.

ئەم یاسایە ناسراوە بە یاسای ژمارە (٧٤) و لە ژمارە (٩٨٩) ی ساڵی نۆیەمی رۆژنامەی (الوقائع العراقیه) رۆژی ١٩٣١/١/٦ بلاّوکراوەتەوە. ئەم یاسایە لە نۆ بەند پێکهاتووە و هەریەکە لەمانەی خوارەوە واژۆیان لەسەر کردووە، مەلیك فەیسەڵ، نوری سەعیدی سەرۆك وەزیران، وەزیری کاروبارەکانی دەرەوە، وەزیری داد، وەزیری ناوخۆ، وەزیری ئابوری، وەزیری بەرگری و وەزیری پەروەردە.

ناوەڕۆکی هەر نۆ بەندەکەی یاسایەکە

**بەندی یەکەم:**

مەرجەکانی ئەم یاسایە پێدڤیە لەسەر قەزاکانی ئەم ناوچانەی لە بەندی دووەم وسێیەمی ئەم یاسایەدان پەیڕەو بکرێن.

**بەندی دووەم:**

زمانی داگاکان لەو قەزایانەی خوارەوە دەبێ بە زمانی کوردی بێت.

قەزاکانی لیوای موسڵ:

١- ئامێدی ٢- زاخۆ ٣-زێبار ٤- ئاکرێ

**قەزاکانی لیوای هەولێر**

١- کۆیە ٢- رانیە ٣- رەواندوز

**قەزاکانی لیوای کەرکوك**

١- گایل ٢- چەمچەماڵ

**قەزاکانی لیوای سلێمانی:**

١- سلێمانی ٢- هەڵەبجە ٣- شارباژێر

**بەندی سێیەم:**

دەکرێ زمانی قەزاکانی خوارەوە کوردی، عەرەبی یان تورکی (تورکمانی) بێت:

١- دهۆك و شێخان لە لیوای مووسڵ.

٢- هەولێر و مەخمور لە لیوای هەولێر.

٣- کەرکوك و کفری لە لیوای کەرکوك.

لێرەدا دادگاکان بڕیار لەسەر زمانەکە دەدەن کە کوردی، عەرەبی یان تورکمانی بێت.

**بەندی چوارەم:**

کەسی تاوانبارکراو مافی ئەوەی هەیە لە هەموو حاڵەتەکان وقەزاکانی سەرەوە.

أ. دادگایی بکرێ وئاگادار بکرێتەوە بە زمانی عەرەبی، ئەگەر ئەو زمانە زمانێکی باو بوو لەماڵەوە.

ب. هەموو ئیجرائاتەکان بۆ زمانی عەرەبی، کوردی یان تورکی وەربگێڕدرێن هەروەها داوای دانەیەکی وەرگێڕدراو بەو زمانانە بکرێ. هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە کە داواکارییەك، سکاڵایەك ئاڕاستەی هەر دادگایەکی ئەو قەزایانەی

سەرەوە بکات یان ئاڕاستەی دادگای باڵاتر بکات بە زمانی عەرەبی، کوردی یان تورکی.

**بەندی پێنجەم:**

زمانی کوردی، زمانی رەسمی دەبێ لە هەموو ئەو قەزایانەی خوارەوە، جگە لەو حاڵەتانەی خوارەوە نەبێ کە دەبێ بە زمانی عەرەبی بێت:

یەکەم: بەشە تەکنیکیەکان.

دووەم: لە پەیوەندیکردنی (نووسراوی رەسمی) نێوان سەرکردایەتی لیواکان (دام ودەزگای پارێزگا) لەگەڵ وەزیرەکان.

سێ یەم: سەرلیوای موسڵ (پارێزگای مووسڵ) و قەزاکانی:

١- قەزاکانی لیوای موسڵ، ئامێدی، ئاکرێ، دهۆك، زاخۆ، زێبار.

٢- قەزاکانی لیوای هەولێر : هەولێر، مەخمەور، کۆیە، رانیە، رواندز.

٣- قەزاکانی لیوای کەرکوك: چەمچەماڵ، گایل

٤- قەزاکانی لیوای سلێمانی: سلێمانی، هەڵەبجە، شاربازێر

هەریەك لە زمانی کورد یان تورکمانی دەکرێ لە قەزاکانی کەرکوك و کفری بەکاربێن.

**بەندی شەشەم**

لە قۆناغەکانی بەرایی و سەرەتایی ئەو شار و شارۆچکانەی سەرەوە دەکرێ زمانی خوێندن ، زمانیماڵەوە، زمانی دایك بێ. ئەمەش دەوەستێتە سەر رێژەی زۆر بەی ئەو قوتابخانانەدا جا گرنگ نی یە زمانەکە عەرەبی، کوردی، یا تورکمانی بێت.(بە واتای رێژەی زۆربەی زمانەکە دیاری دەکرێت)

**بەندی حەوتەم**

هەرکەسێك سکالایەك یا داوایەك بە زمانی عەرەبی بۆ حکومەت و دەسەلاتدارانی رەسمی) بەرز بکاتەوە ئەوە وەلامەکەی هەر بە هەمان زمان هەبێت . هەر پەیوەندی کردنێك بەرزکردنەوەی نوسراوێکی رەسمی دەبێت بەو زمانە بێت کە لە مەرجەکانی بەندی پێنجەمی ئەو یاسایە ئاماژەی پێکراوە و جێگیر کراوە ئەوە وەلامی رەزامەندی ئەو نوسراوە هەر بەو زمانە دەبێت کە نوسراوەکەی پێ نوسراوە.

**بەندی هەشتەم**

**لە قەزاکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکوك کە لەم یاسایە ئاماژەی پێکراوە "شێوە" ی زمانی کوردی ئەو شێوەیەی ئێستا دەبێت بەلام لە قەزاکانی لیوای موصل کە لەم یاسایە ئاماژەی پێکراوە ئەوە خەلکی ئەو دەڤەرانەن ئازادن**

**لەوەی چ "شێوە" یەکی زمانی کوردی بەکاربهێنن، ئەمەش لە ماوەی ساڵێك لە جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایەوە پەیرەو دەکرێ.**

**بەندی نۆیەم**

هەموو وەزیرەکان بەرپرسن لە جێ بەجێ کردنی برگەو بەندەکانی ئەم یاسایە هەریەکە بە گوێرەی ئەو بەندەی پەیوەستە بە ئەوەوە.

ئەم یاسایە، لە ۲۳ ی ئایاری ۱۹۳۱ بەرانبەر شەشی موحەرەمی ساڵی ۱۳٥۰ کۆچی لە بەغدا نوسراوە

**خوێندنەوەیەك بۆ بریارەکە**

ئەو بریارە تایبەتە مەرسومێکی مەلەکی بوو ،نەك بەندێکی یان یاسایەکی بێ لەناو دەستوری عێراق جێگیر کرابێ .وێرای ئەمەش ئەگەر ئەوبریارە داننانێکە بە ناسنامەیەکی دی عێراقی : بەوەی ئیقرار دەکات عیراق ولاتێکی فرە نەتەوە و فرە زمانە،ئەوە خودی بریارەکە بریارێکی سیاسی بوو.ئینگلیز و حکومەتی عیراقی دەیانویست تورەیی کورد لە ئاکامەکانی پەیمانی بەریتانی– عیراقی و راپەرینی شەشی ئەیلول و مەزبەتەکانی پیاوماقولانی کورد و سەرکردایەتی شۆرش" بەیاننامەکەی شێخ مەحمود بۆ کورد بۆ لە دەسەلاتی عەرەبی جیاببنەوە" کپ بکەنەوەهەروەها بۆئەوەی لە رێگای ئەو بریارەوە" کۆمەڵەی گەلان عیراق وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ وەربگرێ و ئینتیدابی بەریتانی لە سەر عیراق کۆتایی پێبێ!!

جگە لەمانەش بریارەکە چەندەها خاڵی نێگەتیفی لە خۆگرتووە:

١_ ناونیشانی یاساکە ،یاسای زمانە ناوچەییەکان ئیقراری تەواو نییە لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی زمانی کوردی،بەڵکو خوێندنەوەو دیتنی زمانی کوردییە بە زمانێکی ناوچەیی _محلی_خۆی لە خۆی دا بچووککرنەوەی زمانی کوردییە هەروەها ئیقرارکردنە لە سەر ئەوەی کورد هەر زمانێکی نییە ،بەڵکو چەند زمانێك ! ئەو دیتنەش لە دەقی بەندی هەشتەمدا هاتووە: **"لە قەزاکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکوك کە لەم یاسایە ئامارەی پێکراوە "شێوە" ی زمانی کوردی ئەو شێوەیەی ئێستا دەبێت بەلام لە قەزاکانی لیوای موصل کە لەم یاسایە ئامارەی پێکراوە ئەوە خەلکی ئەو دەڤەرانەن ئازادن لەوەی چ "شێوە" یەکی زمانی کوردی بەکاربهێنن، ئەمەش لە ماوەی ساڵێك لە جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایەوە پەیرەو دەکرێ".**

ئەو دەقە بە ئاشکرا و دیماگۆژیانە

دەڤەری بادینان لە رووی زمانەوە لەبەشەکانی دی کوردستان دادەبڕێ" ئازادییان " دەداتێ بەوەی دەتوانن شێوەیەك لە شێوەکانی زمانی کوردی بە کاربهێنن.
٢_بەکارهێنانی زمانی کوردی تایبەت کرد بە زمانی خوێندنی سەرەتایی تەنها چەند دەڤەرێکی کوردستان نەك قۆناغەکانی دی خوێندن وهەموو کوردستان
.٣_ئەو بڕیارەی مەلیك فەیسەل ونوری سەعید تەنها بۆدەربازکردنی عێراق بوو لە ئینتدابی بەریتانی،ئەگەر نا هیچ ئەکادیمیا)و (زانکۆیەك)بۆ زیارترگەشەپێدانی زمانی کوردی دروست نەکران، بەڵکو لە بنەرەتدا ئەو بڕیارەتەنها لە سلێمانیو بەشێکی هەولێر پەیرەو کراو بەشەکانی کوردستان خرانە ناو" پژدێنی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبەوە" ،بۆیە لەو ساوە لە ڕێگای زمانەوە کار لەسەر پرۆسەی بە تەعریبکردنی کوردستان کرا.٤ _هەر لە ڕێگای ئەو بریارەوە بە کارهێنانی زمانی کوردی تەسك کرایەوە زۆربەی گەرمیان وبەشێك لە لیوای موسڵ وەك شەنگاڵ ودەوروبەری لە بەکارهێنانی زمانی کوردی قەدەغەکران.

زۆر لە ڕۆناکبیر و سیاسەتمەدارانی کورد لە بەرانبەر ئەو یاسایە هەڵوێستیان وەرگرت بە تایبەتی هەر یەك لە تۆفیق وەهبی و محمد ئەمین زەکی!ئەو دووە لە دەرەوەی بازنەی هەژموونی شێخ مەحمود بوون و لە دام و دەزگای حکومەت دابوون ،بەڵام هەردووك دەرکیان بە مەترسیەکانی ئەو بڕیارە سیاسیە کردبوو.تۆفیق وەهبی لە یاداشتێکی بۆ کۆمەڵەی گەلان دەنووسێ:"ئەم قانوونە ئاژاوەی زمان دروست دەکات." لە ڕاستیدا حکومەتە یەك لە دوا یەکەکان کاریان لە سەر ئەو ئاژاوە زمانییە کرد بە جۆرێ هەتا ڕاپەرینی ١٩٩١ هەر تەنها لە سلێمانی و هەولێر خوێندن بە کوردی بوو!هەرچی محمد ئەمین زەکی بوو ئەوە لە نامیلکەی "دوو تەقەلای بێ سوود-١٩٣٥" زۆر ڕەخنەی مکوڕ لە یاساکە دەگرێ و ئەو ڕەخنانەشی لە یاداشتێکدا بۆ کۆمیسیاری باڵا دەنووسێ و دەڵێ : دەقەکانی ئەم بڕیارەی پێچەوانەی ڕاسپاردەکانی لیژنەی لێکۆلینەوەی کۆمەڵەی گەلانە هەروەها لە هەمووش گرنگتر دەڵێ بەندی هەشتەم ماڵی کورد پەرت دەکات و یەکیتی زمانی کوردی وێران دەکات!!

# زمانی ستاندارد و فەرمی و ئەکادیمی کورد

حوسێن کەلاری
* مامۆستا لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی کەلار

**"خەمێکی هەنووکەیی و ئەرکێکی گران"**

لە پاشکۆی (فەرهەنگ)ی هەفتەنامەی (هەولێر)، ژمارە (١٦)ی هەفتەی (٣)ی کانونی یەکەمی (٢٠١٠)، بابەتێك بە ناونیشانی (زمانی فەرمی کوردی) لە ئامادەکردنی بەڕێز (شۆڕش غەفور) سەرنجی ڕاکێشام، چونکە کۆمەڵێك لە مامۆستایانی زانکۆ و پسپۆڕانی بواری زمان بە پلەی زانستی جیاواز، لە کۆنگرەیەکدا، کە بۆ ئەم مەبەستە ڕێکخرابوو، لەسەری دوابوون. بەندە ئەگەرچی پسپۆڕی ئەدەبم، بەڵام بەلای خۆمەوە دەبێت پسپۆڕی دووەمم لە زماندا بێت.

بەهەرحاڵ دەمەوێ بچمە سەر ناوەڕۆکی مەبەستەکەم، کە ئەویش قسەکردن لەهەمبەر پرسی زمانی کوردی. هەڵبەت کێشەی زمانی (یەکگرتوو، ستاندار، فەرمی، ئەکادیمی) بووەتە کێشەیەکی مێژین، نزیکەی نیو سەدەیە، دڵسۆزان و پسپۆڕان لێکۆڵینەوەو توێژینەوە دەکەن و ڕەخنە دەگرن و گەڵاڵە دەکەن، یەکەم پرۆژەیەك بەرچاوم کەوتبێت، ئەوەی (د.جەمال نەبەز)ە، کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا (١٩٧٦)، کە لەلایەن (یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) بە ناونیشانی (زمانی یەکگرتووی کوردی) بڵاو کراوەتەوە، هەڵبەت بە نهێنی خوێندمەوە، چونکە ئەودەم تەنانەت هەندێ کتێبی کوردییش وەك زۆربەی شتی دیکە یاساخ کرابوون، هەر لەو سەردەمەشدا بوو، کە دکتۆر جەمال نەبەز حوکمی ئیعدامی لەسەر درا بوو، جا لەوکاتەوە تا هەنووکە هەوڵەکان کەموزۆر و لێرەو لەوێ بەردەوامن. بۆ نموونە: لە پرۆگرامەکانی قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا هەوڵ دراوە، نزیککردنەوەو

یەکخستنێك چێبکرێت، دیارە ئەمە بەلای منەوە لە ڕوانگەی سۆزی نەتەوایەتییەوە سەری هەڵداوەو چەمکەکەی بریتییە لەوەی کە نیشتمان و خاکەکەمان پەرت پەرتە با زمانەکەمان فرە شێوە نەبێت، یان یەکەم هەنگاو بێت بۆ یەکگرتنەوە، گەر دۆزی خاك دۆزێکی ڕامیارییە، ئەوا زمان دیاردەیەکی یان پێڕەوێکی مێژوویی، جوگرافی، کۆمەڵایەتی و..هتدەو دەچێتە چوارچێوەی زمانناسییەوە.

بەڵێ دوژمنان، کە کوردستانیان داگیر کرد، دروشمیان هەبوو، ئەویش ئەوە بوو: گەر ویستت ناسنامەی نەتەوەیەك بسڕیتەوە، زمان و ئەدەب و مێژووەکەی بسڕەوە.. لێرەوە و لە ڕەهەندەکانی تر گرنگی زمانی نەتەوەمان بۆ دەر دەکەوێت لەوە دوورتر زمانێکی ستانداردی فەرمی و یەکگرتووە.

زمانی کوردی پێکهاتەی چوار شێوە زاری سەرەکییە، خۆ ئەگەر شێوە زاری (زازا — دملی)یش هەژمار بکرێت، ئەوا دەبێتە پێنج شێوە زار، جگە لە دەیەها شێوە زاری لکی، کە لەم شێوە زارە سەرەکییانە دەکەونەوە، وشەو دەستەواژەو زاراوەی لێکچوونی زۆری تێدایە، گەواهی ئەوە ئەدەن، کە ئەم شێوە زارانە ڕەسەنن، هەڵەت و هەردەو ئاستەم و نەهامەت ڕێگەخۆش دەکەن بۆ گەیشتن بە یەك و لەیەك. (لێرەدا دەرفەتی نمونە هێنانەوە نییە).

پێم سەیرە، بۆ ناتوانین هەنگاو بنێین بۆ ئەوەی شێوەزارێك با جۆرە گۆڕانکارییەکیشی بەسەردا هاتبێت، بکەینە سەنتەر و ناوەندی زمانەکەمان؟ هەرچەندە باری سروشتی خۆی هەیە لە هەوڵ و کات و ئەکادیمیای زمان و پەیڕەوی سروشتی خۆی دەبینێتەوە.. بۆچی شێوە زاری (قورەیش)، کە زمانی قورئانی پیرۆزە بووەتە زمانی ستانداردی عەرەبی، هەرچەندە ئەویش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، گەر دەگوترێ زمانی پەروەردگارە، کە هەر وایشە، بەڵام خۆ پەروەردگار بۆ مرۆڤ دایبەزاندووە و بنەماکانی زمانی ستانداردی تێدایە، ئەی گوایە لە شێوە زارەکانی کوردیدا شتێکی وەها نییە؟ یان لە بەغدا شێوە زمانێك بەکار دەهێنرێ، با میللییش بێت، بووەتە سەنتەری شێوەزارە دەڤەرییەکانی زمانی عەرەبی لە عێراقدا. دیارە بەغدا پێتەختە، ئەمە بۆ نمونە، موسڵمانانی عەرەب و غەیرە عەرەب بەم شێوە زارە قایلن، چونکە هێزی کۆکردنەوەی شێوە زارەکانی زمانی عەرەبی هەیە، جۆرە کۆکردنەوەیەکی هزری و ئاینی، شارستانی، کۆمەڵایەتی و.. هتد، هەرچەندە شێوەزارە دەڤەرییەکانی زمانی عەرەبی جۆرە دوورکەوتنەوەیەکیان تێدایە، بەڵام نەك سنووری دابڕان، دیارە هۆکاری جۆراوجۆر هەیە بۆ ئەم دیاردانە، ئێستا ناتوانین لەم دەرفەتەدا باسیان

لێوە بکەین، چونکە توێژینەوەی هەمەلایەنەی دەوێت و لە تەوەری ڕەسەنی بابەتەکەمان لامان دەدات.

ئەوەی حاشا هەڵنەگرە، کرمانجی خواروو (شێوەزاری لکی سلێمانی)، وێڕای ئەوەی زمانی ئەدەبی بابانەکان بووە، بەڵام لەدوای ئەو سەردەمەوە، لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە، توانیویەتی پانتاییەکی زۆر داگیر بکات، ئەو تەوژم و گوژمە بپارێزێت و ئەو گیانە نوێ بکاتەوە، کە پێشتر دەستی خستووە. هەرچەندە لە قاهیرەو سوریا و لبنان و ئەستەنبوڵ و ئەرمینیادا، کرمانجی ژووروو ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری و ئەدەبی و ئەکادیمی بینیوە، بەڵام چوار ئەزموونی حوکمڕانی (شێخ مەحمودی نەمر، قای محەمەد، هەرێمی کوردستان) کرمانجی خوارووییان (سۆرانی بە زاراوە تەسکە دەڤەرییەکەی) بەکار هێناوەو تا دەڤەری بادینان قەڵەمڕەوی بووە.

هەر لەو ماوەیەدا، پڕۆگرامەکانی خوێندن کراونەتە زمانی کوردی، شێوەزاری سلێمانی بەکار هاتووە بۆ ئەم مەبەستە، یان لەدانوستاندنەکانی شۆڕشی ئەیلول و دواتریش دانوستاندنەکانی شۆڕشی نوێی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندا، کە ڕێکەوتن مۆرکراوە، لەمەڕ خوێندن بە زمانی کوردی لە قۆناغە جیاجیاکاندا (سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی) هەر ئەو زارە پێشنیار کراوە. لەبواری ڕامیاریشدا دانوستانەکانی شۆڕش کۆنفرانسی حیزبی و ڕۆژنامەنووسی و دیمانەکان و بڵاوکراوەو بەیاننامە و تەنانەت لێدوانە فەرمییەکانیش، هەر هەمووی بەو شێوەزارەی (کرمانجی خواروو) بووە. من بۆخۆم بەڵگەی ئەمانەم بیستووە، لە شەخسی بارزانی نەمر و هەتا کەسانی تریش، کە ئەوە دەسەلمێنن لەوەی ئەمە دانپیانانێکی بانگەواز بۆ نەکراوەو کاریگەری و مەودای پانتاییەکەی دەخاتە ڕوو، بەڵام جاری وایش هەیە، لە بازنەیەکی گۆڤەرییدا شێوە زاری ئەو ناوچە، کە لەلایەن کەسانی بەرپرسی باڵاوە بەکار هاتووە، گەر بۆ مەبەستێکی هەنووکەییش بێت، بەڵام نابێت ئەوەش پەنهان بکەین، کە سۆزی گۆڤەریی و دەڤەری هەیە بۆ بەکارهێنانی ئەو شێوە زارانە، گەر بە مەبەستی چەسپاندنیش نەبێت. من لێرەوە مەبەستم ئەوە نییە، ئەم شێوە زارە ستاندارد بکرێت، چونکە بڕوام بەوەیە، کە زمان بە بڕیار ناچەسپێت.

ڕژێمی بەعس دوای جێبەجێکردنی پیلانی وەستاندنی شۆڕشی ئەیلول بە هاوکاری هاوپەیمانەکانی لە دوژمنانی کوردستان، لە بەکوردی کردنی خوێندن لە کوردستان پەشیمان بووەوە، یەکێك لە پاساوە زۆر لاوازەکانی، کە مەبەستی سیاسی لەپشتەوە بوو، ئەوە بوو، گوایە دەڤەری بادینان نازانن ب کرمانجی

خواروو بخوێنن و بنووسن، هەروەها چەسپاندنی شێوە زاری کرمانجی ژووروو کارێکی ئاسان نییە، بەمە ڕێگەی خۆش کرد، کە دانیشتووان هەندێکیان داوا بکەن منداڵەکانیان بە زمانی عەرەبی بخوێنن ئاسانترە لەوەی کە بەشێوە زاری کرمانجی خواروو بخوێنن، ئەوەی جێگەی وەیادهێنانەوەیەو خۆم لە گەرمیان بینیم، ئەودەمەی خوێندن بە زمانی کوردی بوو، زۆربەی مامۆستایان و فەرمانبەران منداڵەکانیان نایە بەر خوێندن بە زمانی عەرەبی، چونکە ئایندە و چارەنووس لای ئەوان ڕوون نەبوو، گەر مەبەستی تریشی لە دواوە نەبێت.

ڕژێم دوور لە بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد، پێداگر بوو، بە مەرامێکی سیاسی خۆی، کە بە یەك شێوە زار، کە ستاندەرد بژمێردرێت، بخوێنرێت، دیارە ئەویش شێوەزاری کرمانجی خواروو بوو.

دەبێت ڕاشکاو بین لەگەڵ خۆماندا، ئەویش ئەوەیە و زۆر بەداخەوە، خەڵکانێك لە دەڤەری بادینان، پێموایە تێڕوانینی ستراتیژییان بۆ پرسەکە نەبوو، داوایان کرد، کە خوێندن بە زمانی عەرەبی بێت، یان فشاری ڕژێمیان لەسەر بوو، بەڵام مێژوو ڕەحم ناکات و ئەمە ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤی هەیە لە دادگای مێژوودا، ئیدی بەسەر هەر ناوچە و شوێن و کەسێکدا بشکێتەوە، چ لە پرسەکە ناگۆڕێ.

لەئێستادا کوردستان بەرەو هەنگاونانی گەورەی گۆڕانکاری سیاسی دەڕوات، بۆیە دەبێت زمانێکی نێودەوڵەتی ستاندارد و فەرمیمان هەبێت، وەکو گەلانی تری دونیا، دەبێت لەئێستاوە کاری پێویست و تۆکمەی بۆ بکرێت لە چوارچێوەی ئەکادیمیدا، بەڵام ئەمە دیسان دەمباتەوە بۆ ئەڵقەکانی پێشوو، کە بە دژوارترین کێشەکانی زمانی نەتەوە دەژمێردرێت، کێشەی ئێمە و گەلانی چەشنی ئێمە پلان و ستراتیژ و پێشبینیمان نییە یان زۆر کزە، وێنای ئایندەمان لاوازە، دیارە بێدەسەڵاتی و دابەشکراوی ڕۆڵی خراپیان هەبووە لەم کێشەیەدا، من دڵنیام توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی کەسی لەم ڕووەوە کراوە، هەندێکیشی گەڵاڵە کراوە، بەڵام پێویستە کۆبوونەوەو کۆڕ و کۆنفرانسی زانستی و ئەکادیمی بەردەوام و دەوری بۆ ئەم پرسە گرنگە ببەسترێ و ڕێکبخرێت، چونکە بوونی زمانی یەکگرتوو یەکێکە لە سیماکانی یەکبوون و یەکگرتنی نەتەوەیی.

زۆر لە پسپۆڕان و شارەزایانی زمان، دیاریکردنی شێوازێك یان دووان بە زمانی ستاندارد و فەرمی بە بڕیاری سیاسی و هێز لەپشتەوە بوون بە ناکام و نەزۆك دادەنێن و دیارە منیش لەگەڵ ئەم بۆچوونەدام، چونکە وەکو دیاردەکانی تر نییە، چ مەتریالی و چ واتایی دەستکاری بە سروشت و چارەنووسی بکەین،

بەڵکو دەبێت پەرەسەندنی مێژوویی دیالێکتێکی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و جوگراف و.. هتد، فاکتەر و دەسەڵات بن بۆ دیاریکردنی.

ئەوەی جێگای هەڵوەستە لەسەرکردن و ئاماژە پێدانە، ئەوەیە کە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی لە پسپۆڕانی زمانی کوردی و زمانەکانی تر بەشدار نین یان بەشدار نەکراون، لەکاتێکدا ئەم مامۆستایانە توێژێکی زۆر گرنگن دەبوو فەرامۆش نەکرابان. من نازانم ڕەهەندەکانی ئەو کۆنفرانسە چ بووە، هەرچەندە بەشداربوونی مامۆستایانی پسپۆری زمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات با لە زانکۆ بیانییەکانیش بن، کاریگەری خۆیان هەیە و وەك دانانی خاڵ لەسەر پیتەکان وایە لە گرنگیدا، چونکە شارەزایی زیاتریان هەیە و جۆرە موتوربەکردنێك بەکارەکانیانەوە دیارە. گەر پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی شێوەزارێك بۆ زمانی ستاندارد بەشێك نەبێت لە سیمای ئیداری و سیاسی شارە گەورەکان، بەتایبەت پێتەختەکان، دەبێت هەولێر وەکو پێتەختی هەرێم، شێوەزارەکەی ئەو سیفەتەی هەبێت، کەوابوو کرمانجی خواروو ئەو سیفەتە هەڵدەگرێت.

لەئاستی جیهانیدا (لۆدفیگ ئەلیزەر زامنهۆف) هەوڵیدا زمانێکی جیهانی بەناوی زمانی (ئیسپرانتۆ)وە سازکات، کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەکاری بهێنن، هەرچەندە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەڵام کۆمەڵگەی شڵەقاند، خەڵکەکەی وریا کردەوە لە چوارچێوەی پێداویستی و خوڵقاندن و نوێکردنەوە. گەر ئێمە ژمارەی ئاخێوەران بە شێوەزارێك بکەینە پێوەر بۆ ستانداردبوون، دەبێت کرمانجی باکور بۆ ئەم مەبەستە دەستنیشان بکەین، چونکە زۆربەی کوردەکانی باکور و ڕۆژئاوا و هەموو کوردەکانی یەکێتی سۆڤێتی جاران و بەشێك لە کوردەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، بەو شێوە زارە دەئاخێون، کەچی لە ڕووی فەرمی و ئەکادیمییەو کرمانجی خواروو باڵادەستە، دیارە وەك لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا، ئەمەش هۆکاری سەرەکی خۆی هەیە.

ماوەتەوە ئەوە بڵێین و بپرسین: بۆچی تاکو ئێستا ئەم پرۆژە، ئەم پێداویستییە نەتەوایەتییە پیرۆزە، قۆناغی سروشتی خۆی وەکو پێویست نەبڕیوە؟ گەر مەسەلەی هەڵبژاردنی شێوەزارێك پێویستی بە بڕیارێکی ئەکادیمی یان سیاسی هەیە؟ ئایا پێویستی بە ڕیفراندۆمێکی هەمەلایەنە هەیە؟ یان فەلسەفە و زانستی زمان و دیالێکتێکی مێژوویی ئەم بڕیارە یەکلایی دەکەنەوە؟ ئایا باری ڕامیاری کورد خۆی بووەتە تەگەرە؟ یان ڕاوبۆچوونە زۆر و جیاجیاکان کۆسپن؟ ئایا ئەم پرۆژەیە هەروا لە بازنەیەکی داخراو و ئەڵقەیەکی پساودا دەمێنێتەوە، یان پرۆژەو گەڵاڵەکردنەکە بەدەوام دەبێت؟ چاوەڕوانین.

# له نێوان مۆرفیم و مۆرفدا

نـــاری عوسمان خەیـــات

**تەوەری یەکەم:**

بۆ ئەوەی بتوانین لە چەمکی مۆرفیم تێبگەین، پێویستە لـە سـەرەتادا ئـەوە بـزانین، کـە ئـاخۆ مۆرفۆلـۆژی خـۆی، چییە؟ واتـا دەبـێ پێناسـەی مۆرفۆلـۆژی وەك زانستێکی سەر بە زمانەوانی، بزانین، کە دیارە لەمەشدا دید و بۆچوونی جۆراوجـۆر لـە ئارادا هەن، هەربۆیە پێناسەگەلێکی جیاجیای مۆرفۆلۆژیش بەرچاو دەکەون.

لەم بارەیەوە (محەمەد محەمەد یونس عـەلی) دەڵـێ: "مۆرفۆلـۆجی ئـەو بوارەیـە، کـە باس لە بونیادی یاسایی وشەکان و پێکهاتەی مۆرفیمەکانی وشە و ئـەو یاسـایانەی کـە کۆنتـرۆڵی ئەم مۆرفیمانە دەکەن". کەواتا مۆرفۆلۆژی توێژینـەوەو لێکۆڵینـەوە لەسـەر ڕۆنـانی نـاوەوەی وشـەکان دەکـات و لێیـان ورد دەبێتـەوە، بـۆ زیـاتر ڕوونکردنـەوەی چۆنێتی پێکهاتنیان، پێدەچێت ئەم ئەرکەی مۆرفۆلـۆجی هەنـدێك سـەیر بێتـە بەرچـاو "چونکە قسەکەری ئاسایی وشە وەك یەکەیەکی واتایی تێکچڕژاو و سـەربەخۆ دەبـینێ لەبەر ئەوەی زۆر وشە لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە سادەن، واتا کەرت ناکرێن بۆ پارچـەی واتاداری تر". بۆ نمونە وشەیەکی وەك (چرۆ)و (هەنگ)، کە لە ڕووی فۆنۆلۆژییـەوە لـە دوو برگە (چ، رۆ،/ هە/ نگ) یان لە چەند فۆنیمیك پێکهاتوون (چ. بزرۆکـە. ر، ۆ) / (هـ. ە. ن. گ)، هیچ واتایەك یان ئەرکێکی ڕێزمانیان نادرێتە پاڵ، هەربۆیە ئەو دوو وشەیە، کەرت ناکرێن بۆ پارچەی وەها، کە بەهایەکی واتایی دیاریکراویان هەبێت.

لێـرەوە ئـەوەمان بـۆ دەر دەکـەوێت و دەبـێ بـزانین، کـە "وشـەکان یەکـەی دەنگی بە مانان و دەنگەکانی زمان و برگەکانیش بە تەنها هیچ مانایـەك ناگەیـەنن، بۆ نمونە برگەی (با) بـە تـەنها هـیچ مانایـەك نابەخـشێت، بـەڵام بـۆ دیـاریکردنی وشـەش تووشی چـەند گیروگرفتێـك دەبـین، بـۆ نمونـە (هـات) وشـەیە، بـەڵام ئایـا (هـاتن)یـش

وشەیە؟" چونکە نابێ ئێمە ئەوەمان لە یاد بچێت، کە "خاڵی دەستپێکی گونجاو بۆ مۆرفۆلۆجی (وشەسازیی) بریتییە لە وشە".

جا بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ ئەم گیروگرفتە و هەندێ گیروگرفتی تر بدۆزرێتەوە، زانایانی زمان چەمکێکی نوێیان هێنایە کایەوە، ئەویش چەمکی مۆرفیمە، بەپێی ئەم چەمکە وشەکان لە مۆرفیمێك یان زیاتر پێکهاتوون و ئەکرێ ماناداریان بێ مانـاش بـن. بۆیـە "زاراوەی مـۆرفیم بـۆ بـچوکترین یەکـەی واتـا بـەکاردێ، کـە وشـە پێکبهێنێ و خۆی لە بچوکترکردنەوە نەیەت، بۆ نمونە دەکرێ وشەی (کار) دابەش بێت بۆ (ك/ ا/ ر) یان بۆ کەرتی تـر وەك (کـا. ر) یـان (ك.ار)، بـەڵام هـیچ لـەم کەرتانـە نـە ئەرکی ڕێزمانی و نە واتاییـان نابێـت، لەبـەر ئـەوەی ئەمانـە بـە هـەر شتێك نـاوببرێن، مۆرفیم نین". کەواتا لە پێناسەیەکی چڕتردا ئەتوانین بڵێین: "مۆرفیم بچوکترین دانەی زمانە، کە مانایێك یا دەورێکی ڕێزمانی دەدرێتە پاڵ. لە فۆنیمێك یا زیاتر پێکدێت".

سەبارەت بە چەمکی مۆرفیمیش، لە مێژووی مۆرفۆلۆژیدا، پێناسـەی زۆری بـۆ کـراوە، کە ئەمانەی خوارەوە هەندێ لەو پێناسانەن:

١. مۆرفیم وشەیەکی سەربەخۆیە، یان بەشێکە لە وشە.
٢. مۆرفیم: مۆرفیم بچوکترین یەکەی ڕێزمانییە.
٣. مۆرفیم بچوکترین یەکەی جیاکەرەوەی ڕێزمانە.

بەڵام ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردن بێت، ئەوەیە کە "گرنگی تەواوی بیرۆکەی مۆرفیم لە وشەی ئاڵۆز و ئاوێتەدا دەر دەکەوێ، چونکە ئەمانەن، کە لە یەکەی واتایی بچوکتـر دروست بوون، واتا دەبن بە پارچەی واتایی وردترەوە".

بۆ نمونـە وشـەی (خۆشەویـستەکەم) و (مەلـەوان) دەکـرێ کـەرت بکـرێن بـۆ پارچـەی وردتری واتاداری تری وەك:

* خۆشەویستەکەم: خۆشەویست + ەکە + م
* مەل + ەوان

هەر لەم بارەیەوەو لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی سـەرەوە، کـە بـۆ چـەمکی مـۆرفیم کراون، ئێمە بە پێی ڕاوبۆچوونی زمانەوانان، دەتـوانین هەنـدێ تایبەتمەنـدی و ئـەدگار بۆ مۆرفیم دیاری بکەین، کە بەوپێیەش دەتوانین مەرجی (مـۆرفیم)بـوون دەستنیـشان بکەین، وەك:

١. مۆرفیم وشە بێ یان بەشێك بێ لە وشە، واتای هەیە.
٢. مۆرفیم شیانی ئەوەی هەیە لە چەند ژینگەیەکی زمانەوانیدا دەر بکەوێ.

٣. مۆرفیم یەکەیەکی ئەبستراکتییە.
٤. مۆرفیم بۆ یەکەی لەخۆی بچوکتر دابەش ناکریٚ.
٥. لە پۆلێنکردنی دیاریکردنی بەشە سەرەتایی و بەشە کۆتاییەکان دەبێت ڕەچاوی پێکهاتەی بنەڕەتی مۆرفیم بکرێت نەك دابەشکردنێکی ڕەمەکی.

ئێمە لە سەرەوە، ئەوەمان ڕوون کردەوە، کە (وشە) یەکەیەکی زمانی ڕۆژانەیە، چونکە وشە فۆرم و واتا بە یەکەوە دەبەستێتەوە، بە واتای ئەوەی وشە (هێمایەکی زمانییە)و دەتوانریٚ لە ڕێگەش (وەستان/ پشوو)ەوە لەکاتی ئاخاوتندا لەیەك جیابکرێنەوەو هەروەك لە نووسینیشدا بە هۆی بۆشایی نێوانیانەوە لەیەك جیا دەکرێنەوە. واتا کاتێك کەسێکی کوردیزمان ڕستەیەکی وەك: (پێشمەرگەیەکم دی، بەخێرایی هەڵمەتی دەبردە بەر دوژمن) دەر دەبڕێت، ئەوا گوێگر تێیدەگات، چونکە لە وەستان و بۆشاییەکانی نێوان وشەکان دەزانێت، بەڵام بێگومان کەسێك کە کوردی نازانێت، لە هەمان ئەو ڕستەیە تێناگات، بەڵکو بە زنجیرەیەك لە فۆنیمی بەدوایەکدا هاتووی لێکدانەپچڕاوی تێدەگات.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا هەر وەستان و پشوویەك بەلای کوردی نەزانەکەوە، لە شوێن و کاتی گونجاوی وشەکاندایە، یان نا؟ بێگومان لە شوێن و کاتی گونجاوی خۆیدا نییە، لەمەشدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە:

"یەکەم/ مەرج نەبێت ئەو وشەیە، بەلانی کەمەوە لە زمانی کوردیدا یەکەیەکی یەکگرتوو و چەسپاو بێت.

دووەم/ لەلایەکی دیکەوە، مەرج نییە، وشەکە گچکەترین یەکەی خاوەن واتا بێت".

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر و باشتری ئەمە، ئەتوانین بڵێین: "چونکە گەلێکجار دەتوانرێت لە ڕێی جیاکردنەوەی سەگمێنتەکانیەوە، بکرێت بە یەکەی گچکەتری خاوەن واتا. پاشان ئەو یەکانە بەردی بناغەی دروستکردنی وشەکانن. هەر لە واتای ئەو یەکانەیە، کە واتای وشەکان پێکدێت (واتای لێکدراو: واتای وشەکە لە لێکدانی واتای هەریەك لە وشە دروستەکانی پێکهاتووە). ئەو بەردی بناغەی دروستکردنە (یەکە بچووکەکان) گچکەترین هێما زمانییەکانن و ناتوانرێن لە ڕێی لەیەکترازاندن و جیاکردنەوەو یەکەی بچوکتری خاوەن واتا یان هەڵگری واتایان لێوەربگیردرێت. لەبەر ئەوەی ئەمانە هەمیشە وشە نین، پێویستیمان بە ناولێنانێکی دیکە هەیە بۆیان، ئێمە ئەوانە ناو دەنێین (مۆرفیم)" و مۆرفیمیش وەك بیرۆکەیەکی نابەرجەستە کەڵکی زۆری

لێنابینرێ ئەگەر نەگۆڕێت بۆ یەکەیەك، کە هەست بە بوون و نەبوونی بکرێ، واتا ئەگەر هەروا بەبێ جەستە بێت.

لێرەدا دەکرێ بۆ نزیککردنەوەی مۆرفیم لە شتی بەرجەستە ئەو بنەما گرنگەی (دی سۆسێر) بهێنینەوە، کە دەڵێت: "زمان بە گشتی پشت بە جیاوازی دەبەستێ نەك لێکچوون، بۆ نمونە: جیاوازی نێوان (کورەکە هات) و (کیژەکە هات) جیاوازییە لە ناودا و دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نێوان وشەکانی (کوڕ) و (کیژ). هەروەها جیاوازی نێوان (ڕۆژ) و (ڕۆژگار) یان (ژن) و (ژیان) دەگەڕێتەوە بۆ بوونی (گار) و (ئان). بەم جۆرە دەتوانین بڵێین: مۆرفیم بریتییە لە بچوکترین جیاوازی لە فۆرمدا، واتا لە شێوەی وشەدا، کە بچوکترین جیاوازی لە واتای وشە یان ڕستە یان لە ڕۆنانی ڕێزمانیدا دروست بکات، جا مۆرفیم خۆی واتای هەبێت (وەك هەندێ جار هەیەتی) یان هەر نەیبێت لە بارەکە ناگۆڕێ، گرنگ ئەوەیە مۆرفیم جیاوازی دروست بکات یان دوو وشە یان ڕستە دوو ڕۆنان لە یەکتری جیا بکاتەوە".

**تەوەری دووەم/**

مۆرفیم زیاتر یەکەیەکی نابەرجەستەیە، هەرچی مۆرفە ئەوە نواندنی فۆنۆلۆژی مۆرفیمە. "مۆرفیم لەسەر ئاستی مۆرفۆلۆژی کاری لەسەر دەکرێ، هەربۆیە دەبێت مۆرفیم لەنێوان دوو کەوانە ( ) دابندرێ، هەرچی مۆرفە، چونکە شێوەی فۆنەتیکی مۆرفیمە دەبێ لەنێوان ⟪ ⟫ دابندرێ" لەلایەکی ترەوە، مۆرف فۆرمێکی پەیوەستە و وابەستەی مۆرفیمە (جگە لە مۆرفی سفر و بەتاڵ، هەربۆیە قسەکردن لەسەر چەمکی مۆرف، بێ زانینی چییەتی چەمکی مۆرفیم ئامانجێکی ڕوونی نابێت.

هەروەها "مۆرف فۆرمێکی فیزیکییە، واتا خاوەن قەبارەیەکە، مۆرفیم دەنوێنێ یان پیشان دەدات، مۆرفیم خۆی جیاواز بێت یان یەکەیەکی هۆشەکی قەبارەدار نییە، مۆرف خۆی دەنگە یان کۆمەڵە دەنگێکی (فۆنیم) جیاوازە، کە لە ژینگەی تردا دووپات دەبێتەوە، لە زۆر باردا یەك مۆرفیم تەنیا یەك مۆرفی هەیە، واتا یەك مۆرف نوێنەریی دەکات و لەیەك جێگر یان مۆرف زیاتر پەسەند ناکات وەك لە وشەکانی (دار، بەرد، هەڵۆ.. هتد)". هەرچەندە زۆربەی مۆرفیمی کوردی تەنیا یەك مۆرفی هەیە، بەلام "ناتوانین بێژین پێوەندی نێوان مۆرفیم و مۆرف پێوەندییەکی یەك بە یەکییە، چونکە هەندێ مۆرفیمی کوردی زیاتر لە مۆرفێکی هەیە. ئەو وشانەی خوارەوە تەنیا یەك شێوە خوێندنەوەو فۆرمی فۆنەتیکیان هەیە:

(بەفر) مۆرفیم ـــ ﴿مۆرف﴾
(شار) مۆرفیم ـــ ﴿مۆرف﴾
(پار) مۆرفیم ـــ ﴿مۆرف﴾

کەواتا ئەتوانین بەمشێوەیە پێناسەی (مۆرف) بکەین و بڵێین: "مۆرف گچکەترین یەکەی خاوەن واتا/واتاهەڵگری دەربڕاوێکە، کە لە ڕێی لەیەکترازاندن و جیاکردنەوەوە جیاکراونەتەوەو هێشتا پۆلێن نەکراوە، بە واتا هێشتا نەخراوەتە تەك مۆرفیمێك (مۆرفیمێکی بۆ دانەنراوە)".

لەلایەکی ترەوە "هەندێ جار مۆرفیم زیاتر لە مۆرفێك، واتا نوێنەرێکی هەیە و هەر یەکەیان بۆ ژینگەیەك یان جێگەیەك دەست دەدەن، هەروەك چۆن هەندێ بەرپرس زیاتر لە جێگرێکیان پێویستە و هەر یەکەیان جۆرە ئەرکێکیان پێدەسپێرێ، بۆ نمونە: مۆرفیمی (کوش و ڕەش و گەس) هەریەکەیان دوو مۆرفیان هەیە و هەر مۆرفە بۆ شوێنێکی تایبەتی دەست دەدەن و ناتوانن جێگەیان بگۆڕنەوە. وەك لەم هێڵکارییەدا دەر دەکەوێ:

* مۆرفیم: کوش ڕش گەس

* مۆرف: کوش کوژ ڕش ڕژ گەس گەز

(کوشتم) (دەکوژم) (ڕشتم) (دەڕژم) (گەستم) (دەگەزم)

هەروەها هەندێ ڕەگی کوردی زیاتر لە مۆرفێکیان هەیە:

* مۆرفیم: هەش حەف

* مۆرف: هەشتا هەژدە حەفتا حەڤدە

"هەروەها زۆربەی مۆرفیمە بەندەکان زیاتر لە مۆرفێکیان هەیە، وەك:

* مۆرفیم: ـــــ (ـ ەکە)

* مۆرف: /ـ ەکە/ ، /ـ یەکە/ ، /ـ کە/

کوڕەکە چایەکە چەنەگەکە

هەردوو فۆرمی (– ك) و /– ە/ مۆرفی تەواوی مۆرفیمی ( – ەکە) نیین، چونکە یەکێ لە مەرجەکانی مۆرفبوون، دەبێ ئەو فۆرمانە خاوەن ژینگەی تایبەت بە خۆیان بن و لە بریتی (جێی) یەکتر نەیەن".

ناسینەوەی مۆرف لەسەر بنەمای دابەشبوون دەبێت، "واتا کۆی هەموو ئەو ژینگە و دەوروبەرانەی کە فۆرمێکی زمان تیایاندا دەر دەکەوێ، بەمپێیە کاتێ کۆمەڵە مۆرفێك دەبنە ئەلۆمۆرفی تاکە مۆرفیمێك، کە دابەشبوونی یەکتری تەواو بکەن، واتا بە هەموویان ئەو ژینگانە داپۆشن، کە مۆرفیمێك دەتوانێت تیایاندا دەربکەوێ، کەواتا دوو مۆرف کاتێ تەواوکەری یەکتر دەبن، کە دوو مەرجیان تێدا بێت:

١. هەموویان یان هەردووکیان یەك واتایان هەبێت یان یەك ئەرکی ڕێزمانی ببینن.
٢. هەرگیز هەموویان یان هەردووکیان لەیەك ژینگەدا نەوەستن یان دەر نەکەون، واتە هەریەکەیان دەبێ ژینگەیەکی تایبەتی خۆی هەبێت و نەچێتە شوێنی ئەویتر یان ئەوانیتر. بەمجۆرە هەر مۆرفێك دەبێ ئەو ناوچەیە بپارێزێ، کە تێیدا دەر دەکەوێ و بوار نەدات بە مۆرفی تر، کە جێگەی ئەم بگرنەوە".

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، ئەم نمونەیەك لە جێناوی کەسی وەر دەگرین لە زمانی کوردیدا، بە واتای ئەوەی "ئەگەر لە مۆرفەکانی :من/ و /م/ وردبیتەوە، دەبینین هەردوو مەرجەکانیان تێدایە، واتە لە دابەشبووندا تەواوکەری یەکترین، چونکە هەردووکیان بۆ یەك مەبەست بەکاردێن و هەریەکەیان ژینگەیەکی تایبەتی خۆی هەیە و دەیپارێزێ، /من/ کاتێ بەکاردێ، کە کەسی یەکەمی تاك مۆرفێکی سەربەخۆ (ئازاد) بێت، واتە بە تەنیا و بەبێ یاریدەی کەرتی تر لە زماندا بەکار بێت. /م/یش کاتێ دەر دەکەوێ، کە بەشێك بێت لە کەرتی تر و پێوەی بلکێت".

"ئێستا با دەربڕاوێکی بەرجەستەی وەك (ئەو جوان دەنووسێت) وەربگرین، لە ڕێی وەستان و پشووی سەرپشکییەوە ئەم وشانە دەر دەکەون:

– ئەو جوان دەنووسێت.

ئەگەر ئەو وشانەی لە ڕێی سەلیقەوە پێمان زانیون، بەپێی ناوەڕۆکی پێناسەکەی سەرەوە وەك مۆرفیم شی دەکرێنەوە یان نا، ئێمە ئەوە لەم ڕێیەوە دەکەین: وشەکان لە یەك دەترازێنین و سەگمێنتەکانیان لەیەك جیادەکەینەوە. ئەو سەگمێنتانەی بەم ڕێبازە دەست کەوتوون، تاقی دەکرێنەوە، تاوەکو بزانرێت ئەگەر (ا)یەکەی خاوەن

واتان/ هەڵگری واتان یان نا و ئەگەر یەکەی خاوەن واتا/ هەڵگری واتا بوون، ئەوا (ب) ئایا واتاکەی لەگەڵ گشت واتای وشەکەدا پەیوەندی هەیە؟ ئایا واتای ئەو سەگمێنتە لەگەڵ واتا گشتییەکەی وشەکەدا لە پەیوەندیدایە و ئایا ئەو سەگمێنتە دەستکەوتووە، بەهەمان واتاوە لە دەربڕاوی دیکەدا دەر دەکەوێتەوە؟

ئەگەر ئەو مەرجانە بەسەر ئەنجامی لەیەکترازاندن و جیاکردنەوەکەدا جێبەجێ بوو (مەرجەکان لە سەگمێنتەکەدا بە پۆزەتیڤی هەبوون) ئەوا ئەو یەکەیەی لەم هەوڵی لەیەکترازاندن و جیاکردنەوەیەدا بەدەستخراوە (مۆرف)ێکە. ئەگەر مەرجەکان لە یەکەکەدا هەبوون، ئەوا سەرلەنوێ ڕێبازەکە دووبارە دەکرێتەوە، تاوەکو گشت ئەو سەگمێنتانە جیادەکرێنەوە، کە ئەو مەرجانەیان تێدایە. دەربڕاوەکانی دیکەش بەمشێوەیە لە ڕێی لەیەکترازاندن و جیاکردنەوەی سەگمێنتەکانەوەو لەڕێی هەمبەرێتییەوە بۆ مۆرفیمەکانیان بە واتا گچکەترین یەکەی واتا/هەڵگری جیادەکرێنەوە.

با بە وشەی (ئەو) دەست پێبکەین، لەیەکترازاندنی (شیتەڵکردنی) ئەو وشەیە فۆنیمەکانی /ئـ/ و /و/ بەدەستەوە دەدەن، کە هەریەکەیان بۆخۆی واتایەکی نییە. بە گوێرەی ئەمە، دەبێت گشت یەکەکە وەك مۆرف سەیر بکرێت و ڕەچاو بکرێت. لە دەربڕاوەکانی دیکەیشدا بەهەمان واتای (جێناوی سەربەخۆ – کەسی سێهەمی تاك-ەوە دەر دەکەوێتەوە، بۆ نمونە وەك لە: ئەو بێدەنگ کارەکەی خۆی دەکات. / ئایا تۆ ئەو لە باخەکەدا دەبینیت؟".

ئەتوانین لە وشەی (جوان)دا باشتر چەمکی (مۆرف) ڕوون بکەینەوە، ئەویش لە ڕێگەی شیتەڵکردنی سەگمێنتەکانی ئەو وشەیەوە دەبێت، وەك:

(أ) (ج) + (وان) = ج + وان

(ب) (جو) + (ان) = جو + وان

(ج) (جوا) + (ن) = جوا + ن

لەو دابەشبوونەدا، ئەگەر هێڵ لە واتاهەڵگرەکانی سەگمێنتە جیاکراوەکان بدەین، ئەوا ئەو پێوەندییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە هەریەك لەو یەکانە لە ڕێی شیتەڵکردنی سەگمێنتەکانەوە، لەگەڵ واتای /جوان/دا هەیەتی، بەوەش پەیوەندییەکە بەمجۆرە دەبێت:

تەنها (وان)، (ان)، (ن) یەکەی خاوەن هەڵگری واتان و واتا بەدەستەوە دەدەن و ئەو یەکانەی دەمێننەوە، ڕەنگە واتایان نەبێت.

/وان/ دەریاچەی وان.

/ان/ مۆرفیمی کۆ

/ن/ جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆ و جێناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆیە.

ئەو سێ یەکەیە، یەکەی واتاهەڵگرن، هەروەها سێ سەگمێنت لەگەڵیاندا ماونەتەوە، کە هیچ یەکێکیان بۆ خۆی واتایەکی نییە، کە ئەویش ئەمانەن: (ج/ جو/ جوا)نن.

کەواتا سەگمێنتە واتادارەکان (وان، ان، ن)ن، کە لە نمونەکانی (دەریاچەی وان)و (منداڵان) و (دەچن) و (بچن)دا دەر دەکەون.

بەمەش دەتوانین بڵێین: وشەکە لە یەك (مۆرف) پێکهاتووە، بەڵام هیچ یەکێك لەو مۆرفە واتاهەڵگرانە پەیوەندییەکی واتاییان بە وشەی /جوان/ەوە نییە. کەواتا ناتوانرێت وشەی /جوان/ لە ڕێی شیتەڵکرن و جیاکردنەوەی سەگمێنتەکانییەوە بکرێت بە چەند یەکەیەکی واتاهەڵگری دیکەوە.

/جوان/ خۆی مۆرفێکە لە دەربڕاوی (دەوروبەری) دیکە، وەك بۆ نمونە ئەمانەی لای خوارەوەدا دەر دەکەوێتەوە:

- گوڵەباخ، گوڵێکێ جوانە.
- ئەسرین کچێکی جوانە*.

**ئەنجامەکان**

لە کۆتایی ئەم ڕاپۆرتەدا، ئەتوانین چەند خاڵێك وەك ئەنجامی گشتی دەستنیشان بکەین، لەوانەش:

١. بەهۆی ئەوەی کە زمانی کوردی، زمانێکی (لکاو، نووساو)ە، بۆیە بە ئاسانی دەتوانین مۆرفیم و مۆرف و ئەلۆمۆرفەکانی دەستنیشان و دیاری بکەین، بە پێچەوانەی زمانە ئاوێتەکانەوە، کە ئەم کارەی تێدا ئاستەمترە ئەنجام دەدرێت.

٢. مۆرفیم بریتییە لە فۆرمێکی زمان، کە لە ڕووی فۆنەتیکی و سیمانتیکییەوە لە هیچ فۆرمێکی تری هەمان ئەو زمانە ناچێت، ئەمەش تەواوی بۆچوونەکەی (بلۆم فیڵد)مان بیر دەخاتەوە، کە لەگەڵ ئەوەی (دی سۆسێر)دا وێکدێنەوە، لەوەیدا کە ئەمە دواییان پێیوایە: "زمان بە گشتی پشت بە جیاوازی دەبەستێ نەك لێکچوون"، کەواتا بۆ دیاریکردنی مۆرفیم دەبێ فۆرمە زمانییەکان کەرت بکەین تا دەگەینە ئەو ڕادەیەی کەرتی هەریەکەیان لە کەرتی مۆرفیمەکانی تر ناچێت.

٣. ئەلۆمۆرف، کۆمەڵە مۆرفێکە، گوزارە لە مۆرفیمێکی دیاریکراو دەکات، واتا شێوە جیاوازەکانی هەمان مۆرفیمن، بەڵام بەهۆی دەرکەوتنی لە ژینگەی جیاوازدا ئەو شێوە جیاوازانەی پێدەبەخشن و هەریەك لەو شێوە جیاوازانەش بۆخۆی (مۆرف)ێکە.

٤. مۆرف، شێوە دەنگییەکەی مۆرفیمە، کە لە ژینگەی جیاوازدا دەر دەکەوێت، بە کۆمەڵە مۆرفێکی مۆرفیمێکی دیاریکراو دەگوترێ: ئەلۆمۆرف یان هێشووە مۆرف. کەواتا ئەتوانین بڵێین: مۆرف بچوکترین یەکەی خاوەن واتاهەڵگری دەربڕاوێکە، کە لە ڕێگەی لێکترازاندن و جیاکردنەوەوە پۆلێن نەکراوەو نەخراوەتە تەك مۆرفیمێکی دیاریکراو.

٥. ئەشێ یەك مۆرفیم یەك مۆرف یان زیاتر لە یەك مۆرفی هەبێت، بەڵام نابێ هیچ کام لەو مۆرفانە، دووانیان یان هەموویان پێکەوە، لە هەمان ژینگەدا دەرکەون و هەروەك ناشکرێ جێگەی یەکتر بگرنەوە.

٦. پێوەندی نێوان (مۆرفیم ——— مۆرف ——— ئەلۆمۆرف)، سنووری مۆرفۆلۆژی تێدەپەڕێنی و دەچێتە نێو سنووری فۆنۆلۆژییەوە، ئەمەش بەوپێیەی (مۆرف) شێوەی دەربڕینی دەنگیی جیاجیا مۆرفیمەکانە.

## سەرچاوەکان

(١) دەروازەیەك بۆ زمانەوانی، محەمەد محەمەد یونس عەلی، وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، ژمارە (٤٨)، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.

(٢) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، پ.د. محەمەد مەعروف فەتاح، م. سەباح ڕەشید قادر، دەزگای بڵاوکەرەوە: بەشی ڕوناکبیری، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٦.

(٣) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤.

(٤) سەرەتایەك بۆ زمانەوانی، پرۆفیسۆر ھ.د. ویدۆوسن، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د.هۆشەنگ فاروق، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی (دهۆك)، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨.

(٥) مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، کۆمەڵێك زمانەوان، وەرگێڕانی: د. محەمەد مەحوی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

(٦) مۆرفی سفرِ و مۆرفی بەتاڵ، سەلام ناوخۆش، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٥٩)، ٥/٨/٢٠١٠.

## پەراوێزەکان

(١) دەروازەیەك بۆ زمانەوانی، محەمەد محەمەد یونس عەلی، وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، ژمارە (٤٨)، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، ل١٨

(٢) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، پ.د. محەمەد مەعروف فەتاح، م. سەباح ڕەشید قادر، دەزگای بڵاوکەرەوە: بەشی ڕوناکبیری، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٧

(٣) مۆرفی سفرِ و مۆرفی بەتاڵ، سەلام ناوخۆش، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٥٩)، ٥/٨/٢٠١٠، ل١١٠-١١١

(٤) سەرەتایەك بۆ زمانەوانی، پرۆفیسۆر ھ.د. ویدۆوسن، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د.هۆشەنگ فاروق، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی (دهۆك) چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ل٧٠

(٥) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، ل٧

(٦) چەند ئاسۆیەکی تر زمانەوانی، پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٤، ل٢٤٧

(٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو..

(٨) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، ل٧

(٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو..

(١٠) مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، کۆمەڵێك زمانەوان، وەرگێڕانی: د. محەمەد مەحوی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢٣٢

(١١) مۆدیلّ و مۆدێلەکانی ڕێزمان، ل٢٣٣

(١٢) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، ل١٤

(١٤) مۆرفی سفر و مۆرفی بەتاڵ، ل١١١

(١٥) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی. ل١٦

(١٦) مۆرفی سفر و مۆرفی بەتاڵ، ل١١١

(١٧) مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، ل٢٤٢

(١٨) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، ل١٦–١٧

(١٩) مۆرفی سفر و مۆرفی بەتاڵ، ل١١١

(٢٠) مۆرفی سفر و مۆرفی بەتاڵ، ل١١١

(٢١) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، ل١٧–١٨

(٢٢) چەند لایەنێکی فۆنۆلۆجی کوردی، ل١٨

(٢٣) مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، ل٢٤٢ – ٢٤٤

* بڕوانە: مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، کۆمەڵێك زمانەوان، وەرگێڕانی: د. محەمەدی مەحوی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩ (ل٢٤٣–٢٤٥)

# ئایا زمانەکەت چۆنیەتی بیرکردنەوەت دیاری دەکات؟

نووسینی: گای دۆچەر
وەرگێڕانی: ڕێباز غازی

حەفتا ساڵ بەر لە ئێستا، لە ساڵی ١٩٤٠ گۆڤارێکی بەناوبانگی زانستی بابەتێکی کورتی بڵاو کردەوە کە بوو بە گرنگترین دەسپێك و مشتومری بابەتی فکری سەدەی بیستەم. سەرەتا وتارەکە وا دەرنەدەکەوت کە بتوانێت دەرئەنجامێکی ئەوتۆی هەبێت. نە ناونیشانی بابەتەکە < زانست و زانستی زمانەوانی> و نە گۆڤارەکە < پێداچونەوەی تەکنۆلۆجیا> کە پەیمانگای تەکنۆلۆجیای ماسوشیتس دەریدەکرد هیچیان جێگای بایەخی خەڵك نەبوون. نوسەری بابەتەکەش (بێنجامین لی وێرف) کە ئەندازیارێکی کیمیا بوو و کاری دەکرد بۆ کۆمپانیایەکی دڵنیای و وانەبێژی ئەنترۆپۆلۆجیا بوو لە زانکۆی یەیل هی ئەوە نەبوو بە هۆی وەها نوسینێکەوە ببێتە کەسایەتیەکی جیهانی. بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا وێرف هەستا بە بڵاو کردنەوەی بیرۆکەیەکی سەرنج ڕاکێش لەسەر هێزی زمان بەسەر عەقڵدا. لە

نوسینەکەیدا، وێرف هەوڵی ئەوەی دابوو کە بڕوا بە هەموو خەڵکی سەردەمەکەی بهێنێت کە زمانی دایک بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە دەبێت چۆن بیر بکەینەوە.

وێرف بە تایبەتی لەسەر زمانی دایکی ئەمریکیەکان ڕایگەیاند کە زمانەکەیان قسەکەرانی ناچار دەکات وێنەیەك لە ژیانی ڕاستەقینەیاندا ببینن کە تەواو جیاواز بێت لەوەی ئێمە دەیبینین. لەبەر ئەوە قسەکەرەکانی ناتوانن لە هەندێك لە سادەترین ئەو چەمکانە تێبگەن کە ئێمە بە ئاسانی تێیان دەگەین، بۆ نمونە، بەردەوامی و تێپەڕینی کات یان جیاکردنەوەی شتەکان لە یەکتری، بۆ نمونە وەکو <بەرد> یاخود هەندێ کرداری وەك <کەوتنەخوارەوە>. بیردۆزەکەی وێرف بۆ ماوەی چەند دەساڵێك خەڵکی ئەکادیمی و خەڵکی ئاساییشی وەکو یەك سەرسام کرد. لە ژێر سایەی نوسینەکەی وێرفدا، خەڵکی تریش زنجیرەیەك بۆچونی ژیرانەیان لەمەڕ ئەو هێزی زمانە دەربڕی، هەر لەو باوەڕەوە کە زمانی دایکی ئەمریکیەکان ئەوەی لەناو قسەکەرەکانیدا چەسپاندوە کە بە ئاسانی و لە ناخیاندا لە چەمك و واتای کاتی ئەنشتاین تێبگەن وەك چوارەمین دووری، هەتا دەگاتە ئەو بیردۆزەیەی کە پێیوایە سیستەمی کات لە زمانی کۆنی عیبریدا سروشتی دینی جولەکە دیاری دەکات.

بیردۆزەکەی وێرف لە دوایدا ڕووبەڕووی ڕاستییەکی زۆر تاڵ بۆوە و ڕای گشتیش لێی دەربۆوە، کاتێك ئەوە زاندرا کە لە ڕاستیدا هیچ بەڵگەیەك نیە

پشتڕاستی ئەو بیردۆزەیە بێت. کاردانەوەش لە دژی ئەوەندە سەخت بوو کە بۆ ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ هەر هەوڵێك بدرایە بۆ سەلماندنی بوونی کاریگەری زمانی دایك لەسەر بیرکردنەوە زۆر سوك و بێ نرخ سەیر دەکرا. بەڵام دوای تێپەڕینی ٧٠ ساڵ، ئێستا کاتی ئەوە هاتوە دڵمان بۆ وێرف بسوتێت لەوەی بەسەری هات. لەم ساڵانەی دوایدا لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماندوە کە لەو کاتەیدا فێری زمانی دایك دەبین، بیرکردنەوەمان بە شێوەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێش و سەیر پەیوەست دەبێت بە خوویەکی تایبەتەوە.

ئێستا ئەوە دەزانین کە وێرف هەڵەی زۆری کردوە. لە هەموویان دیارتر ئەوە بوو کە دەیگوت: زمانی دایك ڕێ دەگرێت لەوەی بتوانین بیر لە هەندێ شت بکەینەوە. پێکهاتەی ئارگومینتەکەی وێرف ئەوە بوو کە پێمان بڵێت : ئەگەر زمانێك هیچ وشەیەکی بۆ چەمکێك دەست نەکەوت، ئەوا قسەکەرانی ئەو زمانە لەو چەمکە تێناگەن. ئەگەر زمانێك تێنسی داهاتووی نەبێت ، ئەوە قسەکەرەکانی ناتوانن لە چەمکی داهاتووبوون تێبگەن. ڕەنگە بەلاتەوە سەیر بێت کە بوترێ ئەم ئارگومێنتە ڕۆژێك لە ڕۆژان سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت، لە کاتێکدا کە چەندان بەڵگە دەتوانن ئەمە ڕەت بکەنەوە. کاتێك تۆ بە کوردی پرسیار دەکەی < ئایا تۆ سبەی دێیت؟> هەرچەند لەم ڕستەیە تێنسی داهاتوو نیە بەڵام ئایا تێناگەیت کە مەبەست پێی داهاتووە؟ ئایا تۆی کوردی زمان کە پێشتر هەرگیز گوێبیستی وشەی ئەڵمانی *Schadenfreude* نەبوویت، بەلاتەوە زەحمەتە لە مانای

<چێژ وەرگرتن لە بەدبەختی کەسانی تر> تێبگەی؟ یاخود بەم شێوەیە بیر بکەیتەوە؟ ئەگەر تەنها ئەو وشانەی لە زمانەکەتدا هەن بڕیار بدەن لەوەی کە لە چ چەمك و واتایەك تێدەگەیت، چۆن دەتوانی هیچ شتێکی نوێ فێر ببیت؟

لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە نیە بیسەلمێنیت کە زمانێك ڕێ لە قسەکەرانی دەگرێت بیر لە شتێك بکەنەوە،پێویستە بە ئاراستەیەکی جیا بڕوانینە زمان تا بزانین چۆن بە ڕاستی زمانی دایکمان ئەزموونی جیهانبینیمان لە قاڵب دەدات. پەنجا ساڵێك بەر لە ئێستا، زمانزانی بەناوبانگ (ڕۆمان جاکۆبسن) ڕاستیەکی زۆر گرنگی دەربارەی جیاوازی نێوان زمانەکان دەرخست کە وتی <*زمانەکان لە بنەڕەتدا لەوەدا جیاوازن کە دەبێت چی دەربڕن، نەك کە چی دەردەبڕن*> ئەم گووتەیە ئەو دەرگایەمان بۆ دەکاتەوە کە دەتوانین پیایدا بگەینە ڕاستی هێزی زمانی دایك: ئەگەر زمانە جیاوازەکان بە شێوازی جیاواز کاریگەریان لەسەر عەقڵمان هەیە، ئەوە لەبەر ئەوە نیە کە زمانەکەمان ڕێگەمان پێدەدات بیر لە چی بکەینەوە و بیر لە چی نەکەینەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە زمانەکەمان بە سروشتی خۆی ناچارمان دەکات بیر لە چی بکەینەوە.

سەیری ئەم نمونەیە بکە. وا دابنێ من بە ئینگلیزی پێت دەڵێم I spent yesterday evening with a neighbor. <دوێنێ ئێوارەم لەگەڵ دراوسێیەك بەسەر برد>. ڕەنگە ئەوە بە بیرتدا بێت کە ئایا دراوسێکەم ژن

بووە یان پیاو، چونکە لە زمانی ئینگلیزیدا ڕەگەزی دراوسێکە دەرناکەوێت، بەڵام من مافی ئەوەم هەیە کە زۆر بە ئەدەبەوە پێت بڵێم ئەوە کاری تۆ نیە کە بزانی ڕەگەزەکەی چی بووە. خۆ ئەگەر بە ئەڵمانی یان بە فەرەنسی قسە بکەم ئەوە ئەو هەڵبژاردنەم لە بەر دەم نیە ئەو ڕاستیەی سەرەوە بشارمەوە، چونکە بە هۆی ڕێزمانی زمانەکانەوە ناچارم لە جیاتی وشەی neighbor<دراوسێ> کە بۆ نێر و مێ وەکو یەکە، دەبێ Nachbar یان Nachbarin یان بۆ فەرەنسی voisin یان voisine بەکار بێنم کە تیایدا بمەوێت یان نا ڕەگەزی دراوسێکەم دەردەکەوێت. لەم زمانانەدا ناچارم کە پێت بڵێم ڕەگەزی ئەو کەسەی لەگەڵم بووە ژن بووە یان پیاو، جا هەر چۆن هەست بکەم ئەوە پەیوەندی بە تۆوە هەبێت یان نا. بێ گومان ئەوە بەو واتایە نایەت کە ئینگلیز زمانەکان ناتوانن تێبگەن لەوەی کە ئەو ئێوارەیەی لەگەڵ دراوسێیەکی ژن یان لەگەڵ دراوسێیەکی پیاو بەسەری دەبەن جیاوازی چیە، بەڵکو بەو واتایە دێت کە پێویست ناکات ڕەگەزی ئەو دراوسێیە یان ئەو هاوڕێیە دەربخەن کە هەموو جار لە گفتوگۆکاندا باسیان لێوە دەکەن. ئەمە لە کاتێکدا کە قسەکەرانی زمانێکی تر دەبێت بە ناچاری ڕەگەزەکە دەربخەن.

لە لایەکی ترەوە، کاتێك تۆ بە ئینگلیزی قسە دەکەیت، ناچاریت کە هەندێ زانیاری بدەیت کە دەکرێ لە زمانەکانی تردا پشت گوێ بخرێت. ئەگەر بمەوێت بە ئینگلیزی باسی ئێوارە خوانێك بکەم لەگەڵ دراوسێکەم، ناچار نیم باسی ڕەگەزەکەی بکەم، بەڵام ناچارم باسی کاتی نان خواردنەکە بکەم

که ئایا نانم لەگەڵی خوارد، دەخوارد یان دەخۆم...هتد. ئەمە لە کاتێکدایە زمانی چینی ناچاری چینی زمانەکان ناکات کە کاتەکە بەم شێوەیە دیاری بکەن، چونکە دەکرێت هەمان فۆرمی کار بەکار بهێنرێت بۆ ڕابردوو، ڕانەبردوو یان داهاتوو. دیسان ئەوە بەو واتایە نایەت کە چینیەکان لە چەمکی کات تێناگەن. بەڵکو ئەمە بەو مانایە دێت کە ئەوان ناچار نینهەرکاتێك باس لە کارێك بکەن بیر لە کاتەکەی بکەنەوە.

ئەگەر سروشتی زمانەکەت ناچاری کردی گرنگی بە هەندێ زانیاری تایبەت بدەیت، ئەوە تۆ پەلکێش کراوی بۆ ئەوەی لە جیهاندا ئاگاداری وردەکاریەکانی شتێك بیت و ئەزموون لە چەند لایەنێکی بوارێك وەرگریت کە قسەکەرانی زمانێکی تر لەسەریان نیە ئەوەندە گرنگی پێ بدەن. لەبەر ئەوەش کە ئەم جۆرە لە خوو گرتنە لەناو قسە کردندا لە سەرەتاکانی تەمەندا دروست بووە، ئەوە زۆر سروشتیە کە خۆی بچەسپێنێ لەناو عەقلی مرۆڤدا و ئەوە تێبپەڕێنێت کە تەنها بەشێك بێت لە زمان. بەم شێوەیە کاریگەری دروست بکات لەسەر ئەزموونبینی و بیر و باوەڕ و هەست و یادەوەری و ئاراستە بینی (دیاری کردنی ئاراستە)orientation لە جیهاندا.

بەڵام ئایا هیچ بەڵگەیەك هەیە بیسەلمێنێ کە ئەمە بە کرداریی ڕوو دەدات؟

با دیسان ڕەگەز بە نمونە وەرگرینەوە؟ زمانەکانی وەك ئیسپانی و فەرەنسی و ئەڵمانی و رووسی نەك هەر تەنها ناچارت دەکەن بیر لە ڕەگەزی

هاوڕێکەت یان دراوسێکەت بکەیتەوە،  بەڵکو دەبێ نێرینەیی یاخود مێینەیی شتە بێ گیانەکانیش هەمووی دیاری بکەیت. نێرینەیی ڕیش لە زمانی فەرەنسیدا چیە؟ بۆچی ئاو لە زمانی ڕووسیدا مێیە؟ ئەی بۆچی دوای ئەوەی تۆزێ تۆچای تێکرا و بوو بە چا دەبێت بە نێر؟ (مارک توەین) لە وتارێکی بەناوبانگیدا  بە ناوی < زمانی سەیری ئەڵمانی>  خەفەت دەخوات لە بێ سەر و بەری ڕەگەزیی زمان لەوەدا کە تور بە مێ دادەنرێت و  کچیش بە بێ ڕەگەز. هەر لەوێدا کە باسی زمانی ئەڵمانی دەکات کە سیستەمێکی سەیری ڕەگەزی هەیە ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەوە زمانی ئینگلیزیە (لانی کەم لەناو زمانە ئەوروپیەکاندا) کە مامەڵە لەگەڵ تور یان چا ناکات بەوەی نێر یاخود مێ بن. ئەو زمانانەی بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ شتە بێ گیانەکان دەکەن بەوەی نێر یاخود مێ بن، وا لە قسەکەرەکانیان  دەکەن  شتە بێ گیانەکان وەك پیاو یان ژن ببینن. من کاتێك بە ئینگلیزی قسە دەکەم ڕەنگە دەربارەی پێخەڤێك بڵێم < ئەم شتە بێ گیانە زۆر نەرمە> وەك بێ گیانێکی بێ ڕەگەز بیری لێ بکەمەوە چونکە لە ئینگلیزیدا شتە بێ گیانەکان ڕەگەزیان نیە. بەڵام  کاتێك بە زمانی عیبری باسی دەکەم  کە زمانی دایکمە، وەك مێینە بیری لی دەکەمەوە و دەڵێم < ئەم شتە مێینەیە زۆر نەرمە> بە دڵ هەر وا هەست دەکەم کە مێینەیە تا ئەو کاتەی دەریدەبرم.

بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا، تاقیکردنەوە جیاجیاکان پیشانیان داوە کە بیرکردنەوەی کەسەکان لە قاڵب دەدرێت بەوەی چۆن بیر لە نێرینەیی یان مێینەیی شتەکان بکەنەوە بە لەبەر چاوگرتنی ڕەگەزە ڕێزمانیەکەیان. بۆ نمونە لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو دەروونناسەکان بەراوردێکیان کرد لە نێوان ئەڵمانی زمانەکان و ئیسپانی زمانەکان. لەم دوو زمانەدا ناوی زۆر شت هەیە کە ڕەگەزەکەیان لە هەر یەکەیاندا جیاوازە. لە زمانی ئەڵمانیدا پرد ( *die Brücke*) مێینەیە بەڵام لە ئیسپانیدا ( *el puente*) نێرینەیە ئەمە بە هەمان شێوە ڕاستە بۆ سەعات و ئەپارتمان و چنگاڵ و ڕۆژنامە و گیرفان و شان و پول و بلیت و کەمانچە و ڕۆژ و جیهان و خۆشەویستی.بەڵام سێو لە ئەڵمانیدا نێرە و لە ئیسپانیدا مێیە، بە هەمان شێوەی کورسی و گەسك و پەپولە و کلیل و شاخ و ئەستێرە و مێز و جەنگ و باران و زبڵ. کاتێك قسەکەران بەم زمانانە داوایان لێ کرا کە سیفاتی ئەم شتە جۆراوجۆرانە دیاری بکەن، ئیسپانی زمانەکان بە شێوەیەك باسیان لە پرد و سەعات و کەمانچە ئەکرد کە سیفاتی پیاوانەی وەك بەهێزییان هەبێت، بەڵام ئەڵمانیەکان زیاتر بە ناسك و نازدار یان دادەنان. بەڵام بۆ شاخ و کورسی کە نێرینەن لە ئەڵمانیدا و مێینەن لە ئیسپانیدا بۆچونەکەیان پێچەوانە بوو.

لە تاقیکردنەوەیەکی تردا فەرەنسی زمانەکان و ئیسپانی زمانەکان داوایان لێ کرا کە دەنگ بۆ کۆمەڵە شتێك دیاری بکەن لە ئەفلام کارتۆنێکدا. کاتێك فەرەنسیەکان چاویان کەوت بە وێنەی چنگاڵێك، زۆربەیان ویستیان

دەنگیکی ژنانەی بۆ دابنرێت، بەڵام ئیسپانی زمانەکان کە لە زمانەکەیاندا چنگاڵ (*la fourchette*) نێرینەیە، ویستیان دەنگێکی گڕی پیاوانەی بۆ دابنرێت. لەم ئاخر و ئۆخرەشدا، دەروونناسەکان تەنانەت ئەوەیان ئاشکرا کردوە کە لە زمانە ڕەگەزیەکاندا شوێنکاری ڕەگەز بۆ شتەکان ئەوەندە زۆرە کە ئەم هەستە ڕێ لە توانای کەسەکان دەگرێت لە هەڵگرتنی زانیاری لە مێشکیاندا.

بێ گومان ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئیسپانی زمانەکان و فەرەنسی زمانەکان نەزانن کە لە ڕاستیدا شتە بێ گیانەکان خاوەن ڕەگەزی بایۆلۆجی نین. ژنێکی ئەڵمانی مێردەکەی لێ تێکناچێت بە کڵاو. نەشزانراوە کە پیاوێکی ئیسپانی پێخەڤ و ئەوەی کە تیایدا ڕاکشاوە لێك جیا نەکاتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئەم وشانە (کە جگە لە مانا بنچینەکەیان ڕەگەزیش دەردەخەن) لە بیری کەسێکدا کە هەر لە سەرەتای تەمەنیدا ئەم وشانە بەم شێوەیە دەبیستێ بەشێوەیەك خۆیان لە مێشکدا چەسپ دەکەن کە جیهانی شتە بێ گیانەکان لە پەنجەرەیەکەوە ببینن کە ڕەنگاوڕەنگە بە هەستێکی سۆزداری ڕەگەزیەوە، لە کاتێکدا کەسێکی ئینگلیز زمان کە لە زمانەکەیدا ڕەگەز بۆ شتە بێ گیانەکان نیە لەو هەستی سۆزداریە بێ ئاگایە. بەڵام ئایا بۆ نمونە، بوونی دوو ڕەگەزی جیاواز بۆ وشەی پرد لە زمانی ئیسپانی و ئەڵمانیدا کاریگەری هەبووە لەسەر چۆنیەتی دیزاین کردنی پرد لە ئیسپانیا و ئەڵمانیا؟ ئایا ئەم نەخشە سۆزداریەی سیستەمی ڕەگەزیی زمان سەپاندوویەتی کاریگەری

هەبووە لەسەر باشتربوونی هەڵسوکەوتی ڕۆژانەمان؟ ئایا ئەمە کاریگەری داناوە لەسەر حەز و ئارەزوو و خوو و ڕەوشتمان لە بابەتی پیوەندیدارە کۆمەڵایەتیەکان. هەرچەند بەو زانیاریەی لە ئێستادا دەربارەی مێشك هەمانە ناتوانین بە ئاسانی لە تاقیگەیەکی دەروونناسیدا ئەمە بیسەلمێنین، بەڵام زۆر سەیرە ئەگەر کاریگەری دانەنابێت.

ئەو بوارەی کە بەڵگەی زۆر گرنگی تیا بەدەست هێنراوە لەسەر کاریگەری زمان بریتیە لە ئاراستەئاگای orientationیان ئاراستە دیاری کردن، واتا ئێمە چۆن لە جیهاندا باس لە دەوروبەر و ئاراستەکانی خۆمان ئەکەین. وا دابنێ تۆ دەتەوێت ئەو ڕێگایە پیشانی کەسێك بدەیت کە دەچێتە ماڵەکەت. ڕەنگە پێی بڵێیت: <دوای ترافیك لایتەکە بە یەکەم کۆڵانی چەپدا بڕۆ، پاشان دووەم کۆڵانی ڕاست بگرە و خانویەکی سپی لەبەر دەمی خۆت دەبینیت. دەرگاکەی ئێمە لە لای ڕاستەوەیە>. بەڵام دەکرێ بشڵێی: <دوای ئەوەی لە ترافیك لایتەکان ڕەت دەبیت، بەرەو باکور بازۆ، بڕۆ تا دەگەیتە دووەم چوارڕیان و بەرەو ڕۆژهەڵات بڕۆ ، ڕێك لەبەر دەمت لە ڕۆژهەڵات خانوویەکی سپی دەبینیت . دەرگای ئێمە ڕوو لە باشورە>. لەوانەیە ئەم دوو شێوە ڕێگە پیشاندانە بەرەو هەمان شوێنت ببەن. بەڵام هەریەکەیان بەندە بە جۆرێکی دیاریکراو لە سیستەمی ئاراستە دیاری کردن. لە یەکەمیاندا خۆت سەنتەری ئاراستەکانی(egocentric) واتا بە وەرگرتنی تەوەری ڕاست و چەپ و پێشەوە و پشتەوەی لەشی خۆت ئاراستەکان دیاری دەکەیت واتا لەگەڵ سوڕانی ئێمە تەوەرەکە دەسوڕێت.

لە سیستەمی دووەمدا تەوەری جوگرافی<باکور، باشور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا>بەکار دێت، کە لەگەڵ سوڕانی ئیمە ناسوڕێت بەڵکو جێگیرە.

ڕەنگە بۆ نمونە ئەگەر لە دەشت و دەر بین بمانەوێت ئاراستەکان بە پێی تەوەرە جوگرافیەکان دیاری بکەین، بەڵام لە بوارێکی کەمدا ئیگۆسێنتریک زاڵە لە قسەکردنماندا، بۆ نمونە لە ناو ئەپارتمانێکدا ناڵێین:< کاتێك لە بەرزکەرەوەکە هاتیتە دەرەوە بەرەو باشور برۆ و لە ڕۆژهەڵات بڕۆرە دەرگای دووەم!>هۆی ئەمە ئەوەیە کە سیستەمی ئیگۆسێنتریك زاڵە لە زمانماندا و وا دەکات کە زۆر ئاسانتر و سروشتیتر ئاراستەکان دیاری بکەین. جگەلەمەش هەمیشە بە پشتەوە و پێشەوەی خۆمان دەزانین وپێویستمان بە نەخشە و قیبلەنما نیە بەڵکوهەر بە ئاسانی هەست دەکەین. لەبەر ئەوەی ئەم خودسەنتەریە ڕێك لەسەر لەشی خۆمان و لە ڕوئیای ڕاستەوخۆی خۆمانەوەیە.

بەڵام دواتر دەرکەوت کە زمانی گوگو یمیسر( GuuguYimithirr) کە زمانێکی ڕەسەنی ناوچە دوورە دەستەکانی ئوستورالیایە لە باکوری کوینسلاند بە هیچ شێوەیەك سیستەمی ئێگۆسێنتریك بەکار ناهێنێت بۆ دیاری کردنی ئاراستە، ئەمەش سەرسوڕهێنەرترین دەرکەوتەی ئەم زمانەیە و وەك زمانەکانی تر نیە. زانای ئەنترۆپۆلۆجی (جۆن هاڤیلان) و پاشانیش زمانزان (ستیفن لێڤینسن )دەریانخست کە قسەکەرانی زمانی گوگو یمیسر وشەکانی <چەپ> و <ڕاست > و <بەردەم> و <پشتەوە> بەکار

ناهێنن بۆ باس کردنی شوێنی شتەکان. بەڵکو چوار ئاراستەکەی زەوی (ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، باکور وباشور) بەکاردەهێنن. بۆ نمونە ئەگەر یەکێکیان لەناو ئۆتۆمبیل بیەوێ پێت بڵێت تۆزێك بچیت بە لایەکدا تا جێگەی بکەیتەوە پێت ئەڵێت: تۆزێك بڕۆ بۆ لای ڕۆژهەڵات. یان ئەگەر یەکێکیان شتێکی لەماڵەکەی تۆ بیر چوبێت و پێت بڵێت کت و مت لە کوێ بیری چووە، دەڵێت: لەسەر باشوری ڕۆخی تەختەکەی لای ڕۆژئاوا. یان ئەگەر تۆ ڕووت لە ڕۆژئاوابێت و مێروولەیەك لەلای پێی چەپەت بێت ئەوان پێت دەڵێن: ئاگات لەو مێروولە گورەیە بێت ڕێك لە باکوری پێکانتە. تەنانەت گەر باسی ڕوداوی ناو فیلمێك بکەن ئاراستەی شاشەی تەلەفیزۆنەکە بەکار دێنن. ئەگەر تەلەفیزۆنەکە ڕووی لە باکور بێت و کەسێك لە فیلمەکەدا نزیك بکەوێتەو، دەڵێن: ئەو کەسە بەرەو باکور دێت.

کاتێك ئەم تایبەتمەندیانەی زمانی گوگو یمیسیر دۆزرانەوە، زۆر لێکۆڵینەوە دەربارە ئاراستە بینی قسەکەرانی ئەو زمانە کرا. دەرکەوت کە لە ڕاستیدا ئەمە تاکە زمان نیە. ئەو زمانانەی کە لە بنچینەدا پشت دەبەستن بە ئاراستە جوگرافیەکانەوە لە جیهاندا لە پۆلینیزیاوە تا مەکسیك و لە نامیبیاوە تا بالی بڵاون. بۆ ئێمە ئەو پەڕی بێ ماناییە کە مامۆستایەکی سەما بە قوتابیەکەی بڵێت : ئێستا دەستی باکورت بەرز بکەرەوە و قاچی باشورت بەرەو ڕۆژهەڵات ببە. بەڵام ئەوە لای هەموو کەس بێ مانایی نیە: مۆسیقا ناسی کەنەدی–ئەمریکی (کۆلن مکفی)، کە چەند ساڵێکی لە سیەکانی سەدەی بیستەم لە بالی بەسەر برد،باسی لە کوڕێك کردوە کە

توانایەکی لە ڕادە بەدەری هەبووە لە سەما کردندا، بەڵام کە زانی لە لادێی کوڕەکە هیچ ڕاهێنەرێك نیە کە ڕاهێنان بە کوڕەکە بکات، ئەویش هەستا مامۆستایەکی بۆ دۆزیەوە لە لادێیەکی تر و کارەکانی بۆ کوڕەکە ڕیکخست کە لەو لادێیە لەگەڵ مامۆستاکە بمێنێتەوە و ڕاهێنانی پێ بکات. دوای چەند ڕۆژێك ویستی هەواڵی کوڕەکە بزانێت. بینی کە کوڕەکە بێ ئومێد بووە و مامۆستاکەش بیزار. چونکە ئەستەم بوو بۆ ڕاهێنەرەکە بتوانێت هیچ شتێك فێری کوڕەکە بکات، لەبەر ئەوەی لە هیچ لە فرمانەکانی ڕاهێنەرەکە تێنەدەگەیشت. کاتێك بە کوڕەکەی ئەوت: <سێ هەنگاو بەرەو ڕۆژئاوا> یان < بەرەو ڕۆژهەڵاتی باشور بچەمێرەوە>، نەیدەزانی چی بکات، کوڕە بچوکترین کێشەی لەگەڵ ئەم فرمانانە نەبوو لە لادێکەی خۆیدا، بەڵام لەبەر ئەوەی نەشارەزا بوو لە لادێیەکی تردا، ئاراستەکانی لێ تێکچوبوو. ئەی بۆ ڕاهێنەرەکە فرمانەکانی بە شێوەیەکی تر نەدەدا؟ ڕەنگە ئەگەر ئەم پرسیارەت لە ڕاهێنەرەکە کردبا لە وڵامدا وتبای: ئەوە ئەوپەڕی بێ مانییە بلێی سێ هەنگاو <بۆ پێشەوە> یان <بۆ دواوە> بچەمێرەوە.

بەم شێوەیە زمانە جۆراوجۆرەکان بە ڕێگەی جۆراوجۆر ئاراستەکان دیاری دەکەن. بەڵام ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە دەبێ ئێمە بە شێوەی ناچونیەك بیر لە ئاراستە و دەوروبەرمان بکەینەوە؟ لە ئیستادا دەبێت بۆ وڵامی ئەم پرسیارە بوەستین، چونکە خۆ ئەگەر زمانێك هیچ وشەیەکیشی نەبێت بۆ <پشتەوە> ئەوە بەو مانایە نایەت کە قسەکەرانی ئەو زمانە لەو چەمکە

تێناگەن. لە جیاتی ئەوە ئێمە دەبێ بە دوای ئەو ئەگەرەدا بگەڕێین کە ئاخۆ ئەو زمانانەی پشت بە ئاراستە جوگرافیەکان دەبەستن قسەکەرانیان ناچار دەکەن چی بگەیەنن. بە تایبەتی دەبێ لەوە بکۆڵینەوە کە ئایا دەبێ چ شتێکی مێشك گەشە بکات بۆ پێویستی دیاری کردنی ئاراستە جوگرافیەکان.

بۆ ئەوەی بتوانی قسە بە زمانێکی وەکو زمانی گوگو یمیسیر بکەی، پێویستە لە هەر ساتێکی ژیانتدا بزانی ئاراستە جوگرافیەکان (باکور و باشور و ڕرژهەڵات و ڕۆژئاوا) لە کوێن؟ پێویستە قیبلە نومایەك لە مێشکتدا هەبێت کە هەمیشە و بە شەو و ڕۆژ لە هەر کاتێکدا کار بکات، چونکە ئەگەر وا نەبێت ناتوانی سادەترین زانیاری بزانیت و لەو قسانە تێبگەی کە خەڵك لە دەورووبەرت دەیکەن. پێدەچێت قسەکەرانی ئەم زمانانە توانایەکی لە ڕادە بەدەری ئاراستە دیاری کردنیانهەبێت. ئەوەندە بە توانان کە گرنگ نیە باری بیناییان چۆنە، گرنگ نیە لە دارستانێکی چڕن یان لە دەشتێکی تەختن یان لە شوێنێکی داخراون یان لە دەرەوەن یان تەنانەت لە ناو ئەشکەوتن یان نا، دەجولێن یان وەستاون، ئەوان ئاراستەکەیان لە هیچ کاتێکدا لێ تێکناچێت و هەستی ئەوەیان هەیە کە ڕوویان لە باکورە یان باشورە یان هەر شوێنێکی ترە. پێویست ناکات بوەستن و سەیری خۆر بکەن لێکدانەوەی بۆ بکەن، ئینجا پێت بڵێن: <ئەو مێروولەیە لە باکوری پێکانتەوەیە>، بەڵکو هەر خۆیان هەست دەکەن باکور و باشور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە کوێن، هەر وەك چۆن تۆ هەست دەکەیت پێشەوە و پشتەوە و

چەپ و ڕاستت لە کوێن. چیرۆك گەلێکی زۆر هەن لەسەر توانای ئەو خەڵکانە لە ئاراستە دیاری کردندا کە ڕەنگە بەلای ئێمەوە سەرسوڕهێنەر بن، بەڵام بەلای قسەکەرانی زمانە جوگرافیەکانەوە زۆر ئاسیین. یەکێك لەو چیرۆکانە دەربارەی تزاڵتاڵ زمانێکی باشوری مەکسیکە، کاتێك چاوەکانیان بەستن و وە بەدەوری خۆیدا زیاتر لە بیست جار لە خانویەکی تاریکدا خولاندیانەوە، هیشتا هەر گێژ بوو و چاوەکانیشی هەر بەسترا و بوو بەڵام بەبێ دوودڵی پەنجەی بۆ باکور و باشور ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕادەکێشا.

**ئەم توانایە چۆن وەدەست دێت؟** نەریتی دەربڕینی ئەو زمانانەی ئاراستە جوگرافیەکان بەکار دەهێنن لە جیاتی ئێگۆسێنتریك، وا لە قسەکەرانین دەکەن کە هەر لە تەمەنی منالّیەوە و لە هەر چرکەساتێکی ژیانیاندا سەرنج بدەنە نیشانەکانی ژینگە فیزیایەکان (شوێنی خۆر، با ...هتد) بۆ زانینی جەمسەرە جوگرافیەکان، و هەروەها گۆڕانی ئاراستەکانیش لە هەر ساتێکدا بەوردی وبە ڕاست ودروستی لە یادەوەریاندا تۆمار بکەن و گەشەی پێ بدەن. بەم شێوەیە قسەکردن بەو زمانە جوگرافیانە وەك ڕاهێنانێکی مێشك وایە لەسەر ئاراستە جوگرافیەکان ( لە گفتوگۆ ئاساییەکانی زمانی گوگو یمیسیر خەملێنراوە کەلە کۆی دە وشەی ئەم زمانە یەکێکیان بریتیە لە <باکور>، <باشور> ، <ڕۆژهەڵات> ، <ڕۆژئاوا> لەگەڵ هەر یەکێکیش لەمانە ئاماژەیەکی دروستی دەستیش بەکار دێت). ئەم جۆرە بە هەند وەرگرتنە بەردەوامەی ئاراستە جوگرافیەکان هەر لە تەمەنێکی زۆر بچوکەوە لە بیری کەسەکاندا گەشە ئەکات: لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان پیشان

داوە کە منداڵانی ئەم کۆمەڵگایانە هەر لە تەمەنی دووساڵیەوە دەست دەکەن بە بەکار هێنانی ئاراستە جوگرافیەکان و لە تەمەنی حەوت یا هەشت ساڵیشدا بە تەواوی فێریان دەبن. بەو ڕاهێنانە چڕەی هەر لە سەرەتای تەمەنەوە دەست پێ ئەکات ئەم توانایەی مێشك دەبێتە شتێکی سروشتی و بێ ماندووبوون و بێ ئەوەی هەست بکەی تواناکە خۆی دروست دەبێ. کاتێك لە کەسێکی قسەکەری گوگو یمیسیریان پرسی کە چۆن ئەزانێت <باکور> لە کوێیە، نەیتوانی باشتر لەوە وڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە تۆ ئەتوانی وڵامی ئەوە بدەیتەوە چۆن ئەزانی <پشتەوە> لە کوێیە.


**بە چ ڕێگایەکی تر** ئەو زمانەی قسەی پێ ئەکەین کار ئەکاتە سەر ئەزموونبینی جیهانمان؟ لەم دواییانەدا بە هۆی زنجیرە تاقیکردنەوەیەکی زیرەکانەوە ئەوە پیشاندراوە کە تەنانەت لە ڕەنگەکانیش تێدەگەین بە هۆی زمانی دایکمانەوە. چەند جیاوازیەکی ڕادیکاڵی هەیە لەوەی زمانەکان چۆن ڕەنگەکانی ئاوێزە دابەش ئەکەن؟ بۆ نمونە سەوز و شین دوو ڕەنگی جیاوازن لە ئینگلیزیدا بەڵام ئەمانە لە زۆر زماندا بە یەك ڕەنگ دادەنرێن بەس ئەوە نەبێت کە تۆخیەکەیان جیاوازە. بەم شێوەیە ئەو ڕەنگانەی کە زمانەکەمان بە شێوەیەکی ڕۆتینی ناچارمان دەکات جیاواز بیریان لێ بکەینەوە، هەستی بینینمان بە شێوەیەك لە قاڵب ئەدا کە بە ڕاستی هەندێ ڕەنگ جیاواز لە یەکتر ببینین، بەو شێوەیە مێشکمان لەسەر ئەوە ڕادێت کە زیادەڕەوی بکەین لە بینینی جیاوزی نێوان ئەو دوو ڕەنگەی لە

زمانەکەماندا دوو ناوی جیاوازی هەیە. ئەمە بە شێوەیەك سەرسوڕهێنەرە کە ڕەنگە ئەزمونمان لە بینینی تابلۆکانی وێنەکێشێك بەند بێت لەسەر ئەوەی کە ئایا لە زمانەکەماندا هیچ وشەیەك هەیە بۆ ڕەنگی شین یان هەر ڕەنگێکی تر.

ڕەنگە لێکۆڵەران لەساڵانی داهاتوودا بتوانن تیشك بخەنە سەر کاریگەری زمان لە بواری زیاتری دیاردە شاراوەکانی زماندا. بۆ نمونە هەندێ زمانی وەکو زمانی ماتسیس لە پێرۆ قسەکەرانی ناچار دەکات کە لە کاتی قسەکردندا وەکو پارێزەریکی بە ئەزموون وردەکاریەکانی چۆنیەتی دەستکەوتنی ئەو زانیاریانەی دەیلێن دەستنیشان بکەن. لەم زمانەدا تۆ ناتوانی بڵێی <ئاژەڵێك لێرەوە ڕەت بوو.> بەڵکو دەبێت بە شێوەیەکی تر ئەم زانیاریە دەربڕی کە ئایا تۆ <بە چاوی خۆت بینیوتە ئاژەڵێك لیرەوە ڕەت بێت>، یان <جێ پێی ئاژەڵێکت بینیوە ڕەت بووبێت>، یان خۆت ئەوە دەزانی کە <ئاژەڵان لەم کاتانەدا زیاتر لێرەوە ڕەت دەبن> . ئەگەر لەم زمانەدا قسەیەك کرا <بێ بوونی بەڵگەیەك> ئەو قسەیە بە درۆ دادەنرێت. بۆ نمونە، ئەگەر تۆ لە پیاوێکی ماتسی بپرسیت کە چەند ژنی هەیە، ئەوا لە وڵامدا ئەگەر لەو کاتەدا هەردووك ژنەکەی لەبەر چاو نەبێت، دەبیت بە ڕابردوو وڵام بداتەوە و بڵێت: < دوا جار کە بینیمن دوو بوون> ، لەبەر ئەوەی ژنەکانی ئامادە نین ناتوانێت دڵنیابێت کە هەردووك ژنەکانی ماون یان نا: ڕەنگە لەو کاتەوەی لایان نەماوە جا ئەگەر تەنها پێنج

خوولەکیش بێت، یەکێکیان مردبێت یان ڕەدوو پیاوێکی تر کەوتبێت، لەبەر ئەوە ناتوانێت وەك ڕاستیەك بە ڕانەبردوو بڵێت <دوو ژنم هەیە>.

بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر باوەڕ وا بوو کە زمانی دایك وەك < بەندیخانە> وایە کە ڕێگری تواناکانی بیر کردنەوە دەکات.بەڵام کە دەرکەوت هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەمە نیە، ئیتر وا دانرا کە خەڵکی هەموو کلتورە جیاوازەکان بە شێوەیەکی بنچینەیی وەکو یەك بیر دەکەنەوە. بەڵام بێ گومان ئەوە هەڵەیە کە زیادەڕەوی بکەین لە گرنگی بیرکردنەوە بە شێوە واتاییەکەی. ئەی ئێمە ڕۆژانە چەند بڕیار تەنها بەپێی لۆجیك دەدەین، بەراورد بەوانەی بە هۆی بوێری یان هەر لە خۆمانەوە یان بەهۆی بەزەیی یان شارەزایی ئەزموونی دەیان دەین؟ چۆنیەتی ئەو بیرکردنەوەیەی کە کلتورمان هەر لە تەمەنی کۆرپەییەوە لە مێشکماندا چەسپاندوویەتی چۆنیەتی ئاراستە بینیمان بۆ جیهان دیاری دەکات و کار دەکاتە سەر وڵامە سۆزداریەکانمان بۆ ئەو شتە بێ گیانانەی توشیان دەبین، ڕەنگە دەرەنجامی ئەمانەش لەوە زیاتر بێت کە تا ئێستا تاقیکردنەوەی لەسەر کراوە و پیشان دراوە، ڕەنگە ئەمەش کاریگەری هەبێت لەسەر بڕوا و بەها و ئایدۆلۆژیامان. ڕەنگە لە ئێستادا نەزانین ڕاستەوخۆ بڕی ئەو کاریگەریانە پێوانە بکەین، یان کە چۆن ئەمانە هاوبەشن لە خراپ تێگیشتنە کلتوری و سیاسیەکان. بەس وەك هەنگاوی یەکەم باشتر وایە هەوڵ بدەین بەرەو تێگەیشتنی هەر یەکەیان، لەوەی بڵێین هەمووما‌ن وەکو یەك بیر دەکەینەوە.




زمانناسی

12

چاپخانەی ڕۆژهەلات/هەولێر